دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦١١

یەکشەممە
١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٢
٧ی جوولای ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

## به ڕەسمی ناسینی ژینۆسایدی گەلی کوردستان لەلایەن پارلمانی کۆرەی باشوورەوە



باڵوێزی کۆرەی باشوور لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئارام ئەحمەد وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پارلمانی وڵاتەکەی وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ گەلی کوردستان ئەو تاوانانەی بەسەر کوردا هاتوون، بە ژێنۆسایدی کورد ناسیوەو داوای لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتییش کردوە کە هەنگاو بنێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تاوانی لەم جۆرە بەسەر کوردا دووبارە نەبێتەوەو کار بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانییان بکرێ.

# با یادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بکرێتەوە
# بە هەوێنی یەکگرتوویی و نیشاندانی هەڵوێستی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە

## گەل دەیەوێ بژی

ئاسۆی حەسەن زادە

**«ئەگەر ڕۆژێک گەل ویستی بژی، چارەنووس هەر دەبێ وڵام بداتەوە؛ شەو هەر دەبێ ڕۆژ بێتەوە؛ زنجیر هەر دەبێ بشکێ..»**

(ابوالقاسم الشابی، شاعیری تونسی، ١٩٣٣)

لەسەرکارلابردن و دەستبەسەرکردنی محەممەد مورسی وەک یەکەم سەرکۆماری مەدەنیی هەڵبژێراوی میسر و هەڵپەساردنی یەکەم یاسای بنەڕەتیی پاش رووخانی ڕێژیمی حوسنی موبارەک، چ وەک کوودێتایەکی نیزامی چاو لێ بکرێ و چ وەک سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک، نوختە وەرچەرخانی هەرە گرینگی رووداو و گەشەسەندنەکانی پاش شۆڕشی ٢٥ی ژانویەی ئەو وڵاتەیە. بەلەبەرچاوگرتنی جێگە و پێگەی میسر وەک گرینگترین دەوڵەتی عەرەبی (لەڕووی حەشیمەت و بایەخی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و کاریگەریی فیکری و کولتووریی لەسەر جیهانی عەرەب) و وەک یەکێک لە یەکەمین وێستگە دیار و بەبەرهەمەکانی کاروانی ئەو شۆڕشانەی-بەهەق یا بەناهەق- بە «بەهاری عەرەبی» ناوزەد کران، وێ دەچێ بازنەی کاردانەوە و شوێنەواری ئەو هەڵگەڕانەوەیەی ئاقاری خرۆشانەکانی میسر کە لە ئێوارەی ٣ی جولای ٢٠١٣دا رووی دا، زۆر فراوانتر لە مەیدانی پێشوەچوونە سیاسییەکانی نێو ئەو وڵاتە و تەنانەت جیهانی عەرەبییش بێ.

کۆتایی هاتن بەو خەونە سیاسییە سێ چارەگە سەدەییەی ئیخوانەکانی میسر کە تەنیا ساڵ و نیوێک بوو وەدی هاتبوو، ئەویش لەسەر دەستی شوورایەکی نیزامی و بەپەسند و پشتیوانیی ئۆپۆزیسیۆنی لیبرال و شێخی ئەزهەر و لە هەمووش گرینگتر میلیۆنەها کەس لە خەڵکی میسر، لەگەڵ ئەوەدا کە بێگومان ناتوانێ لە کاریگەریی هۆکارە نادیار و نەگوتراوە دەرەکییەکان بێبەری بێ، بەڵام پێش هەموو شتێک ئاکامی ئەدای سیاسی و بەڕێوەبەریی خودی ئیخوانەکانی سەر حوکم بوو.

ئەستێرەی بەختی ئیسلامی سیاسی لە میسر لەڕاستیدا ماوەیەکی زۆر بەرگەی ئەو قەیرانە قووڵە فەرهەنگییەی نەگرت کە لە ئاکامی لێکخشان و وێک هەڵنەکردنی میراتی نەریتی و مەزهەبی لەلایەک و حەز و پێویستییەکانی سەردەمی پۆست مۆدێرن لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵگای ئەو وڵاتەی وەک زۆر لە کۆمەڵگاکانی ناوچە دابەش کردووە. مورسی و تیمەکەی، بەپێچەوانەی پرۆفایلی نزمی سەرەتاکان، زۆر زوو جەوگرتووی ئەو دەرسەدە کەمانەی جیاوازیی دەنگەکان بوو کە ئەوانی هێنابووە سەر حوکم و لەجیاتی ئەوەی (وەک هاوتا تونسییەکەیان) فرەجەمسەریی و فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگا بەدروستی بخوێننەوە و تێبکۆشن روانگە و ئارەزووە نالێکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایە پێکەوە ئاشت بکەنەوە و هەر لەو کاتەدا خۆیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا تاقی بکەنەوە و خۆ بە چارەسەر کردنی کێشە کۆنکرێتەکانییەوە خەریک بکەن، بە پەلەپرووز هەنگاویان بۆ ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگا و ئیخوانی کردنی دەزگای بەڕێوەبەری نا و کۆمەڵێک بڕیاریان بەمەبەستی چڕکردنەوەی دەسەڵات دەرکرد کە بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی تری هێزە ئیدئۆلۆژیکەکان کە لە بەرەبەری هاتنەسەر حوکمدا هەمیشە گوتارێکی متەوازعانە و دڵفراوانیان بووە و پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات پاوانخوازی و زیادەتەڵەبییان کردووە، هەر هێز و لایەنێکی جیابیری لە سەرەنجامی بەکردەوەی ئەو رەوتە نیگەران دەکرد.

ئەوەی لە میسر ڕووی دا هەروەها هەڵگری کۆمەڵێک دەرسی بەنرخیش لەپێوەندی لەگەڵ بنەماکانی شەرعییەتی دەسەڵات و تەمرینی دێموکراسیدا بوو. پێش هەموو شتێک، بەشداریی سیاسی تەنیا لە هەڵبژاردندا کورت نابێتەوە و گەلی وشیار پێویستە هەمیشە لەبیری بمێنێ کە چیی ویستووە و لە چاودێری کردنی دەسەڵاتدا قەت نابێ لە مەیدان بچێتە دەر.

ل ٢

## بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا



جارێکی دیکە پێ دەنێینەوە نێو بیرەوەریی تیرۆری ڕێبەری ناوداری خەباتی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی: عەبدوڵلا قادری ئازەرو د.فازیل ڕەسوول.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٢، ٢٤ ساڵەی شەهیدکرانی د.قاسملوو نزیک دەبینەوە. ٢٢ی پووشپەڕ(١٣ی ژوئیە)، ڕۆژی گیان ئەستاندن لە پێغەمبەری ئاشتی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ئەو ڕۆژەی خەڵکی کوردستان، لە مێژ ساڵە بە ڕێگای جۆراوجۆردا، بێزاریی خۆیان لەدەسەلاتدارانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی رادەگەیەنن. ڕۆژێک کە محەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستانیش، بە حەق بە ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی ناودێری کردوە.

بە نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەڕ، جارێکی دیکە هۆگرانی بیرو ئەندێشەی د.قاسملوو، تینووانی ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە بندەستی، خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە زیاتر لە سێ دەیە ستەم وهەلاواردنی کۆماری ئیسلامی، دەرفەتیان بۆ دەرەخسێتەوە تا وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە، دووپات بکەنەوە. بانگەوازی ئێمە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتیو هۆگرانی بیرو ئەندێشەو خەباتی د.قاسملووی ڕێبەر بە تایبەتی، لە ٢٤ ساڵەی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرەدا ئەوەیە:

لە ڕۆژانی پێشترو دواتری ئەم بیرەوەرییەو بە تایبەتی لەڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا:

١- فەزای شوێنی ژیانی خۆتان بە وێنە و وتەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە، بە هێماکانی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی، بە ئاڵای کوردستان و سروود و شێعر وگۆرانیی حەماسی،بڕازێننەوە. جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن و بە هەر شێوەیەکی مومکین یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و سەرجەم شەهیدانی کوردستان، بەرز ڕابگرن.

٢- «نا بۆ تێرۆر و سەرکوت»، «تاوانی ڤییەن لە بیر ناکەین»، «قاسملوو، لە بیرو ڕێبازی دا زیندووە»، «تا وەدهاتنی ئامانجەکانی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ، خەبات درێژەی هەیە»، «٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی ڕیسواکردنی تیرۆریزمی دەولەتی»، «بە یەکگرتن و بەردەوامی لە تێکۆشاندا،پاداشی شەهیدەکانمان دەدەینەوە»، بکەن بە دروشمەکانی یادی ٢٤ساڵەی شەهیدکرانی د.قاسملوو و هاوڕێیانی.

٣- شەوی ٢٢ لەسەر٢٣ی پووشپەڕ، کاتژمێر ١١ بە کاتی تاران، بۆ ماوەی ٣ دەقیقە چرای ماڵەکانتان بەیادی ئەم تاوانە بکوژێننەوەو هەر لەو کاتەدا لەم شەوەدا بە یادی ڕێبەری شەهید د.قاسملووو هاوڕێیانیو بە یادی هەموو شەهیدانی کوردستان، مۆم داگیرسێنن.

بەو هیوایەی جارێکی دیکە یادی شەهیدکرانی ئەم ڕێبەرە مەزنە بکەنەوە بە هەوێنی یەکگرتوویی و نیشاندانی هەڵوێستی نەتەوەیی وئازادیخوازانە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
١٠ی پووشپەڕی ١٣٩٢
١ی ژوئیەی ٢٠١٣

## ئێعدامی ٥٩ کەس لە ئێران لە ماوەی دوو حەوتوودا



ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بێ گوێدان بە داوای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ لە وەستان ناکەوێ و بەردەوام بە بیانووی جۆراوجۆر گیانی هاووڵاتییان دەستێنێ.

لە ماوەی ١٤ ڕۆژی یەکەمی پووشپەڕدا نزیک بە ٥٩ زیندانی لە زیندانەکانی زاهیدان، گۆهەردەشت و قزل حەساری کەرەج و بەم و زیندانی ورمێ ئێعدام کراون.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی لە ئێران باس لە ئێعدامی بە کۆمەڵی ١١ زیندانی لە زیندانی بەندەر عەباس دەکا کە ٥ یان ژنن.

بەم بۆنەیەوە ڕۆژی ١٤ پووشپەڕ شانۆی «احساس آبی مرگ» بە مەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بۆ ڕزگارکردنی گیانی تازە لاوێک کە چاوەڕێی پەتی سێدارەیە بەڕێوەچوو. بە گوێرەی ئاماره فەرمی و نافەرمییەکان زۆرن ئەو لاوانەی هەر ئێستا ئێعدامیان بۆ بڕاوەتەوە و لە چاوەڕێی مەرگدان. ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕ لاوێکی ٢٥ ساڵان پاش تێپەڕکردنی دە ساڵ زیندانی لە ڕەجایی شار ئێعدام کرا.

وێدەچێ دەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان و وەرزی هاوین و گەرما بەڕێوەچوونی ئێعدامەکانیش خێراتر بکرێن. هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێ ڕاگرتنی ئێعدامەکان بە هۆی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری کە بە شێوەی کاتی وەستێندرابوون، بە بیانووی دابینبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی کارەساتبار دەست پێ بکرێنەوە.



وانەکانی شەهید دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای تێکۆشانمانە

٥



حەسەن ڕووحانی لە ڕوانگەی ئوسوولگەراکانەوە

٦



با نەهێڵین مێژوویەکی شەرماوی بۆ نەتەوەکەمان تۆمار بکرێ!

٧



گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات

٨



### بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزبی دێموکڕات لە کۆڕی ماتەمینی دوو کوردی یارساندا

ئەندامانی کۆمیتەی ڤەنکوڤەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕیادی دو لاوی گیانبەختکردووی یارسانیدا بەشدار بوون، کە ماوەیەک لەوە پێش بۆ نارەزایەتیدەربڕین دژ بە بێڕێزیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە ئایینی هاونیشتمانانی کوردی یارسان، لە بەردەم فەرمانداریی شاری هەمەدان خۆیان سووتاندبوو. لەو کۆڕیادەدا کە لەسەر بانگهێشتنی ئەنجومەنی کوردانی یارسانی لە شاری ڤەنکۆڤەر پێکهاتبوو، کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی یارسانیو ژمارەیەک لە کوردستانییانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەشدار بوون. لەو کۆڕیادەدا ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی سەرەخۆشیو هاودەردیو هاوکات پشتگیریی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادای پێشکەش بە هاونیشتمانانی کوردی یارسان بە گشتیو بە تایبەتی بنەماڵەی ئەو دوو ڕۆڵە گیان بەختکردووەی گەلەکەمان کرد. شایانی باسە کۆبوونەوەکە بە پێشکەشکردنی وتاری چەند حیزبی کوردستانیو هەروەها چەند کەسایەتی لە زانایانی کوردی یارسانی دانیشتووی شاری ڤەنکوڤەر درێژەی پێدراو دوابەشی کۆڕەکە پێشکەشکردنی مۆسیقای تایبەتیی کوردانی یارسان بوو، کە لە لایەن چەند کەس لە بەشدارانی کۆڕەکەوە پێشکەش کرا.

## بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێورەسمی ٢٣٧ ساڵەی سەربەخۆیی وڵاتی ئەمریکادا



لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمیی کۆنسوولی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، بەشداریی لە یادی ٢٣٧ ساڵەی سەربەخۆیی وڵاتی ئەمریکادا کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕ، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە خالید عزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب و برایم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان_ عێراق، لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمیی کۆنسوولی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر، بەشداریی لە ٢٣٧ەمین ساڵیادی سەربەخۆیی وڵاتی ئەمریکادا کرد.

لەم ڕێورەسمەدا سەرکۆنسوولی گشتیی ئەمریکا، پۆل ستێفن لە هەولێر لە وتارێکدا وێڕای ئاماژەدان بە مێژووی سەربەخۆیی ئەمریکا و ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گەڵ دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەرکی ئەو وەک سەرکۆنسوولی ئەمریکا لە هەولێر کۆتایی پێ دێ و بەم زووانە کەسێک بە ناوی « جۆزێف پەنین « ئەرکی سەرکۆنسوولیی دەگرێتە ئەستۆ.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکە و بەهێزترکردنی ئەم پەیوەندییانەدا، قسەی کرد.

لە درێژەی ئەم ڕێورەسمەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٣٧ ساڵەی سەربەخۆیی وڵاتی ئەمریکاوە پەیامی پیرۆزبایی حیزبیان گەیاندە سەرکۆنسوولی ئەم وڵاتەو بەرپرسانی دیکەی ئەمریکایی.

جێی ئاماژە پێدانە کە لە پەراوێزی ئەم ڕێورەسمەدا هەیئەتی حیزب بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب چاوی بە بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی بەشدار لە ڕێورەسمەکە کەوت.

## سەردانی حیزبی سەربەخۆیی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات



هەیئەتێکی حیزبی سەربەخۆیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٣٠ی جۆزەردان، هەیئەتێکی حیزبی سەربەخۆیی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز ئەمیر قازی، سەرۆکی حیزب سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جیگری سکرتێری حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا هەردوولا لەبارەی پێوەندیی نێوان هێزو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئاڵوگۆڕی بیرورڕایان کردو پێیان لەسەر لێک نزیکبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان داگرتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووراکان لە ئێرانو ئاکامی ئەم هەڵبژاردنانە خرایە بەرباس. لەم بەشە لە دیدارەکەدا هەردوو هەیئەت بە ئاوڕدانەوە لە هەڵوێستی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا، ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی ئێرانو کوردستانیان لەم پێوەندییەدا تاوتوێ کرد.

## کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی دەوڵەمەند کردنی بەرنامە و پلانی ساڵانەی خۆی دا، سمینارێکی یەک ڕۆژەی بەڕێوە برد



سمیناری ساڵانەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، لە ژێر دروشمی «بەرەو ڕوانینێکی نوێ لە کاری ڕێکخستن و تێکۆشانی تەشکیلاتی» و»بە هێزکردنی تەشکیلاتی حیزب، بە هێزکردنی هەموو بەشەکانی حیزبە«، کاتژمێر ٩ی بەیانیی ڕۆژی شەممە، ٨ی پووشپەڕ (٢٩ی ژوئەنی ٢٠١٣) بە دەقیقەیەک بێدەنگیو بە پێوە وەستانی بەشداران بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێ کرد.

لەو سمینارە دا وێڕای کادرە تەشکیلاتییەکانی هەرێم و ناوەندەکانی حیزب، ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری و بەرپرسانی ئۆرگانەکانی حیزب بەشدار بوون.

لە سەرەتای سمینارەکەدا، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بارەی ئامانجە کارییەکانو ئەولەوییەتەکانی کۆمیسیۆنی ناوبراو قسەی بۆ بەشداران کردو داوای کرد بەشداران بە باسەکانیانو ڕاو سەرنجەکانیان، سمینارەکە دەوڵەمەند بکەن و ئەو کۆمیسیۆنە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دا یارمەتی بدەن.

سمیناری ساڵانەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، چوار تەوەری خستبووە بەرنامەی کاری خۆیەوە کە بریتی بوون لە:

١- تەشکیلات و گرنگیی ئەمنیەتی پێوەندییە تەشکیلاتییەکان،

٢- ڕەهەندەکانی پەروەردەو فێرکردن، ڕاگەیاندن ونەزم و دیسیپلین لە کاری تەشکیلاتی دا

٣- ناوچەکانی سەرووو خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کوردەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەرکی تەشکیلاتی حیزب.

٤- خەباتی مەدەنیو ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو خوێندنەوەو ئەرکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەیانەوە.

پێویستە بگوترێ بۆ هەر تەوەرێک لە باسو بابەتەکان، پانێلیکی تایبەتی بە بەشداریی ٣ کەس لە کادرەکان پێک هاتبوو.

لە پانێلی یەکەم دا سەید برایم کەریمی، مەسعوود ڕەواندوستو ئەیوب شەهابی ڕاد، باسەکانی خۆیان کە پیوەندییان بە ئەمنییەتی پیوەندییە تەشکیلاتییەکان لە سەردەمی ئەمڕۆ دا هەبوو، پێشکەش کرد.

لە پانیلی دووهەمدا کەماڵ کەریمی، حەسەن قادرزادەو مەنسوور مروەتی ڕەهەندەکانی فێرکردن، ڕاگەیاندن و ئەرک و دیسیپلین لە کاری تەشکیلاتیان دا هێنایە بەرباس.

لە پانیلی سیهەم دا کە بۆ تەوەری ناوچەکانی سەرووو خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کورد لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەرکی تەشکیلاتی حیزب تەرخان کرابوو، ٣ باسو بابەت پێشکەش کران. وتاریک لە نووسینی ئیقباڵ سەفەری، بابەتیک لەئامادەکردنی عەبدوڵلا مەتاعیو چەند قسەیەک لە لایەن ئازاد مستەوفییەوە نێوئاخنی ئەم پانێلە بوون.

پانیلی چوارەمیش بۆ باسی خەباتی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خوێندنەوەو ئەرکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بەستێنەدا، تەرخان کرابوو.

لەو پانێلەدا هەر کام لە پانیلگێڕان: ڕەحمان پیرۆتی، عەبدوڵلا بەهرامیو سمایل شەرەفی، باسەکانی خۆیان خستە ڕوو.

لە درێژەی هەر پانێلێکیش دا، بەشدارانی سمینار، پێشنیارو تێبینیو ڕاوبۆچوونی خۆیان لە بارەی بابەتەکانەوە باس دەکردو بەم جۆرە ناوەڕۆکی بابەتەکانیان دەولەمەند دەکرد.

ئەم پانێلانە کە هەرکام لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، خالید وەنەوەشەو سۆران نووری ، بەڕێوەیان برد، کۆمەڵێک پێشنیارو ڕێنوێنیو ڕاسپاردەی بە سوودیان لێکەوتەوە کە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە داهاتووی تێکۆشانی خۆی دا، سوودیان لێ وەردەگرێ. بەم جۆرە سمیناری ساڵانەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوای ٤ دانیشتنو باسی بە سوودو٧ سەعات گۆڕینەوەی ئەزموون و بیرورا، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

درێژەی:

## گەل دەیەوێ بژی

لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و ئاشتەوا هەمیشە خوێندنەوەیەکی ڕێژەیی و بنیاتنەر بۆ ویستی خەڵک دەکا. رووسۆ لە پەیمانە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ «ئیرادەی گشتی هەمیشە راستە، بەڵام بڕیارەکانی گەل هەمیشە وەکیەک ڕێک نین». ئەمە لەو کۆمەڵگایانەدا کە گیرۆدەی دابەشبوونی قووڵی فەرهەنگیین دەبێ بە مانای مەتوازع مانەوەی کاربەدەستانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و بەڕێژەیی چاو لێکردنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بێ، چونکە ئەگەر دەرسەدی دەنگەکان لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەوەی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە فرەچەشنی و جیاوازییە پێکهاتەییەکانی نێو کۆمەڵگایە کە هاوسان بوون و کاڵبوونەوەیان زۆر زیاتر لە ئاجێندا سیاسییەکانی نەوەیەک و دوو نەوە دەبا.

هەر تیمێکی بەڕێوەبەریی وڵات کە تەنیا ئەو دەنگانە بە بنەمای ویلایەتەکەی خۆی بزانێ کە بە خۆی دراون و پێی وابێ جیاوازییەکی ڕێژەیی و کاتی لە ئاکامی دەنگەکاندا مافی بڕیاردانی یەکلایەنەی لەسەر ئاقارە گەورە و درێژخایەنەکان پێ دەدا، ناتوانێ ئاکامێکی باشتر لە حکومەتەکەی مورسیی هەبێ. جیاکەرەوەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی وڵاتێک پێویستە ئەدای بەڕێوەبەری و کاریگەرییان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتدا دەبێ نەک سەپاندنی تەکرەهەندی لە فەلسەفەی پێکەوەژیان و پێکەوە بوونی تاکەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا کە ئەمەیان پێویستە بەرهەمی سازانی گشتی و لەسەر بنەمای بایەخە سەردەمی و لائیکەکان بێ و بە ئاسانییش دەسکاری نەکرێ.

بەڵام ئیعتبار و ڕاستیی خودی ئەم پرەنسیپانەش تەنیا کاتێک دەسەلمێ کە حازر بین بەبێ یەک بان و دوو هەوا بە لایەکەی تریشدا قبووڵی بکەین.

ئەگەر لەپاش لەسەرکارلابرانی مورسییەوە ڕەوتی گەشەسەندنەکان لەڕواڵەتدا لە بەرژەوەندیی هێزە لیبراڵ و پێشکەوتنخوازەکاندایە، خۆشخەیاڵی و بێجێ دەبێ ئەگەر پێمان وابێ کە ئیسلامگەراکان لە شەترەنجی سیاسیی ئەو وڵاتە دەسڕێنەوە. بەپێچەوانەوە، خۆپێشاندانی چەند ڕۆژی ڕابردووی لایەنگرانی مورسی کە دەیان کوژراو و سەدان برینداری لێ کەوتۆتەوە و لەوەش خراپتر دروستبوونی ئەنسارولشەریعە و پەیدابوونی لایەنگر بۆ بۆچوونەکانی زەواهیری لەمەڕ بێکەڵکیی سندووقی دەنگدان و پێویستیی خەباتی رادیکاڵ و توندوتیژ لەو وڵاتە[ش]دا، دەبێ زەنگێکی مەترسی بۆ هەموو لایەک (نەک هەر لە میسر) بێ، کە هەر کام لە حەساسییەتە بنەڕەتییەکانی نێو کۆمەڵگا کە هەست بکا لە پەراوێز خراوە و مەترسیی لەنێوچوونی لەسەرە، ئاکامە زیانبەخشەکانی ئەو هەست و مەترسییە دواجار سەرجەم ئەکتەرەکانی گەمەی سیاسی و دێموکڕاتیک پەلکێشی یارییەکی لێڵ و پڕ لە دڕدۆنگی و بێ متمانەیی دەکا و پرۆسەی گەشەسەندنی سیاسی و لەئەنجامدا ڕەوتی پێشکەوتن و بەختەوەریی کۆمەڵگای پێ شل دەبێتەوە.

ئەوەش با زیاد بکەین کە نە بەڕێوەبردنی وڵات کاری نیزامییەکانە و نە دامەزراوە دێموکراتیکەکانیش لەسەر دەستی وان دروست دەبن. هەربۆیە وێڕای پێویستیی نەخشی کارای هێزی سەربازیی وڵات لە پێشگیری لەوە کە دیالۆگی سیاسی شوێنی خۆی بدا بە توندوتیژی وگرژی، قەت نابێ پێمان وابێ لەو ڕێگایانەدا کە درێژ و دژوارن، هەموو ڕاستەڕێیەک دەمانگەیەنێتە ئامانج. دێموکڕاسی ئیدئالێکە کە قەت بە تەواوی وەدی نایە و وەک چۆن هەمیشە لە مەترسیدایە، هەردەم شیاوی قووڵکردنەوەشە.

ژمارە: ٦١١
١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٢
٧ی جوولای ٢٠١٣

### بەرزڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو لە زووریخی سویس

گرووپی ئارارات پێکهاتوو لە کوردەکانی خۆرئاوای کوردستان لە شاری زووریخی سویس بە بەرێوەبردنی ڕێورەسمێک یادی شەهید دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو شەهیدانی٧ی پووشپەڕی شاری سەردەشتیان بەرز ڕاگرت. لەم یادەوەرییەدا کە ڕۆژی شەممە ٨ ی پووشپەڕو بە بەشداریی دەیانکەس لە کوردانی ڕۆژئاواو باشوور و باکووری کوردستانو بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانو بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوەچوو، پەیامی گرووپی ئارارات بە بۆنەی هەردووکارەساتی ڤییەنو بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتەوە لەلایەن ئەحمەد ڕەسوڵییەوە خوێندرایەوە.دواترو لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا مامۆستا عەزیز ئەحمەدی، کادری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کورتەیەک لە ژیانی سیاسی و حیزبیی دوکتۆر قاسملووی پێشکێش بە بەشداران کردو هەروەها فیلمێکی دێکۆمێنتی لەسەر ژیان و خەباتی دوکتۆر قاسملوو پیشان درا. لە بەشی دووهەمی ئەو بەرنامەیەدا کە بۆ یادو بیرەوەریی شەهیدانو قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی ڕۆژی٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی شاری سەردەشت تەرخان کرابوو، چەندین وێنەو هەروەها فیلمێکی دێکۆمێنتی لە سەر ئەم ڕووداوە پیشان درانو لە لایەن زاهید شاعیری، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە سویسەوە قسە لە سەر دوو ڕووداوی ڤییەنو سەردەشت کرا.لە بەردەوامیی ئەو ڕێورەسمەدا لەلایەن ئەندامانی گروپی ئاراراتەوە بە زاراوەی کرمانجی سەروو و زمانی عەرەبییش باس لە کەسایەتیو تێرۆری شەهید قاسملوو لەگەڵ ڕووداوی شیمیاییبارانکرانی شاری سەردەشت کرا.شایانی باسە نێوئاخنی بەرنامەکان چەند سرودی نیشتمانی بوون کە لەلایەن چەند هونەرمەند و گرووپی موزیکی ئاراراتەوە پێشکێش کران.

## سەردانی جێگری سەرکۆنسوولی تورکیە لە هەولێر لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



جێگری سەرکۆنسوولی دەوڵەتی تورکیە لە هەولێر سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان کردو لە لایەن نوێنەری حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٤ی پوشپەڕ، «جەعفەر ئاشک»، جێگری سەرکۆنسوولی دەوڵەتی تورکیە لە شاری هەولێر سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی کردو لە لایەن نوێنەری حیزب، برایم زێوەیییەوە پێشوازیی لێکرا.

لە دیداری نێوان هەر دوو نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو دەوڵەتی تورکیەدا بارودۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەزعییەتی سیاسیی ئێرانو ئاکامی دواییینهەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتو هەروەها دواییینڕووداوەکانی تورکیە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

شایانی ئاماژەپێدانە کە لەم دیدارەدا هەردوو لا پێداگرییان لەسەر بەردەوامیو پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانو دەوڵەتی تورکیە کردەوە.

## بە بەشداریی ئەندامانی حیزب لە دەڤەری بیتوێن و پشدەر کۆبوونەوەیەکی گشتی بەڕێوە چوو



کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی هەینی، ٧ی پووشپەڕ، لە شاری ڕانیە، بە ئامادەبوونی هەیئەتێکی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بە بەشداریی کۆمیتەکانی قەڵادزێو ڕانیە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری پشدەرو بیتوێن، کۆبوونەوەیەکی گشتی بەڕیوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە سەر وەزعی ئێران، کوردستانو پرسی کورد لە وڵاتانی دەوروبەر قسەی بۆ ئامادەبووان کرد. ئەندامی دەفتەری سیاسی، قسەکانی بە سڵاو لە شەهیدانو قوربانییانی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی دەست پێکرد کە ٢٦ساڵ لەمەوبەر لە ئاکامی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە گیانیان لە دەست دا، یان بۆ هەمیشە لە گەڵ ئێشو ئازاری بێبڕانەوە بەرەوڕوو بوون. بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، لە باسی ئاڵوگۆڕەکانی ئێراندا، هەڵوێستەی لە سەر ئاکامەکانی هەر دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماریو شووراکان لە ئێراندا کرد کە لە ٢٤ی مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ بەڕێوە چوون. لەمبارەیەوە، ئاماژەی بە بەشداریی وشیارانەو دەنگدانی مانادارى خەڵکی کوردستانو ئێران لە هەڵبژاردنەکاندا کرد کە چۆن سەرەڕای بەربەستەکانی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک لە ئێران، خەڵکی ئەو وڵاتە، پەیامی خۆیان کە بێزاری لە ستەمو دیکتاتۆریو سەرەڕۆییو دژایەتی لە گەڵ سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵاتداران بوو، بە گوێی دەسەڵاتداران گەیاندو ویستی خۆیان کە داوای گۆڕان بوو، دووپات کردەوە. قادر وریا، پێشبینیی ئەوەشی کرد کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ناچارە لە سیاسەتە نێوخۆییو دەرەکییەکانیدا مل بە تەعدیلو پاشەکشە بدا. ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ گەشەی چالاکیو خەباتی مەدەنیی خەڵک. لەم پێوەندییەدا، باسی لەو ئەرکانە کرد کە لە هەلومەرجی نوێدا دەکەونە سەرشانی چالاکانی نێوخۆ لە لایەکو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە لایەکی دیکەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە درێژەی قسەکانیدا، ئاوڕی لە پرسی کورد و بارودۆخی سیاسیی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، دایەوە. لەم پێوەندییەدا، وێڕای گەشنرخاندنو ڕووەوپێشهەڵسەنگاندنی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەداخبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە گرژیو تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانەی شاری ئامودا لە خۆراوای کوردستان، دەربڕی. ناوبراو هەڵوێستی حیزبەکەی دووپات کردەوە کە پێشوازیو لایەنگری لە تەباییو هاوکاری وهاوبەشیی هێزو لایەنە کوردییەکان لە ئیدارەی ناوچەکانی خۆراوای کوردستاندایە.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات، ئاماژە بەهەوڵەکانی ئەم حیزبە لە پێناوی هاندانی هاوهەنگاویو کۆدەنگی لە نێو هێزو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو.

لە درێژەی کۆبوونەوە گشتییەکەدا، بەشداران پرسیارو بیروڕای خۆیان لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانەوە خستە ڕوو کە لە لایەن بەرپرسانی پێوەندیدارەوە، ڕوونکردنەوەو وڵامی پێویستیان پێدرایەوە.

## بەڕێوەچوونی ریورەسمێک لە نەشڤیلی ئەمریکا بەبۆنەی ٢٤ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو



بەبۆنەی بیستو چوارەمین ساڵیادی تێرۆڕی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی ڕێوڕەسمێک لە نەشڤیلی ئەمریکا بەرێوەچوو

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی پووشپەڕ کومیتەی نەشڤیلی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا بەبۆنەی بیستو چوارەمین ساڵیادی تێرۆڕی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی سمینارێکی بۆ باس لە سەر ئەو بابەتەو، هەروها تاوتوێی بارودۆخی کوردستانو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا، بۆ حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب پێک هێنا.

لەو سمینارەدا حەسەن حاتەمی، قسەکانی بە دوو وتەی بەنرخی نەمر دوکتور قاسملوو، کە: گەلێک ئازادی بوێ، نرخی ئەو ئازادی یەش دەبێ بدا و باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە؛ دەست پێ کردو بە ئاماژە بەکوژران و گیان لێئەستاندنی ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کورد و هاوڕێیانیان لە لایەن دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە بۆ وێنە: بەدرخان و میر محەممەد، شێخ عەبدوڵقادر و سەید ڕەزا درسیم، سمکۆ و پێشەوا و دکتور قاسملوو، باسی دوو ڕووداوی لە ساڵی ١٩٣٠ ی زایینیدا کرد.

حەسەن حاتەمی لە برگەی دوویەمی سمینارەکە دا، باسی وەزعی کوردی لە دوای رووخانی دیواری برلین و نەمانی شووڕەویو فازی نوێی دێموکراسی لە جیهاندا کرد، کە جێی دوو جەمسەری شەڕی ساردی گرتەوە و شۆڕشە ڕەنگینەکانی مەدەنیو نامەدەنی تێیدا کران. ئاماژە بە پرسی کورد لە هەرێمی کوردستان، ڕووداوی ١١ ی سێپتامبر و کاریگەریی لە سەر پرسی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەرهەڵدانی کوردو خەڵکانی دیکەی سووریە لە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدو تاوتوێی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند تەوەری دیکەی باسەکەی حاتەمی بوون.

حاتەمی لە پێوەندی لەگەڵ دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریو شووراکانی شارو دێ لە ئێراندا، وێڕای باسی «جمهووریەت» و «ئیسلامییەت» لەو نیزامە دا، سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێش هەڵبژاردنەکانو دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان دوا.

شایانی باسە لەهەر دوو برگەی سمینارەکەدا، ژمارەیەک لە بەشداران تێبینییو پرسیارەکانیان هێنایە بەرباس کە لەلایەن حەسەن حاتەمییەوە وڵام درانەوە.

## پەیوەستبوونی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە





پۆلێکی دیکە لەلاوانی کورد دوای تەواوبوونی ماوەی پەروەردەبوونیان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێوەست بوون.

فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی دەورەی ٢٠٤ ی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەرێوەبردنی ڕێورەسمێک پەیوەستبوونی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە ڕاگەیاند.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی پووشپەڕ لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزبو بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هات، بەشداربووانی دەورەی ٢٠٤ دوای تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان پۆشی.

ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕێژەی نیزامیی بەشداربووانی دەورە دەستی پێکردو پاشان پەیامی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب بەو بۆنەیەوە لەلایەن محەممەد کەسرایی، بەرپرسی فێرگەوە پێشکێش کرا.

محەممەد کەسرایی لە سەرەتای قسەکانیدا بە ئاماژە بە بەردەوامیی هاتنی لاوانی کورد بۆ نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات وەک نەریتێکی دێرینی خەبات، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لاوەکانمان بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی لە هەموو کاتو ساتو لە هەموو قۆناخەکانی خەباتدا کەلێنی بەتاڵی ڕیزی پێشمەرگەیان پڕ کردۆتەوەو، هەم هیواو هۆمێدیان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا زیندوو ڕاگرتوەو هەم هاندەرێک بوون بۆ خەباتی جەماوەریو هاتنەمەیدانی چینو توێژەکانی دیکەو، هەمیش بە دوژمنانی گەلی کوردیان پیشان داوە کە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی درێژەی هەیەو کورد تا پێشمەرگەی هەبێ وەجاخی کوێر نابێ.

بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە هەشت ساڵ سەرکۆماریی ئەحمەدینەژادو هەموو ئەو بەڵاو نەهامەتییانەی لەو ماوەیەدا بە سەر خەڵکی کوردستانو ئێران هاتوون، تیشکی خستە سەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێرانو دەنگهێنانەوەی حەسەن ڕووحانی ئاوا لێک دایەوە کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانو کوردستان بە تاقە ڕێگای بەردەستیان کە سندووقەکانی دەنگدانو دەنگی پێچەوانەیە، پیشانیاندا کە چەندە لە حاکمییەتو ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە بێزارنو بە « نا» گوتن بە ئیرادەی خامنەیی، لە نێوان خراپو خراپتردا خراپەکە هەڵدەبژێرن بەو هیوای گۆڕانێکی تەنانەت بچووکیش لە ژیانیاندا بێتە پێش.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودی « من پێشمەرگەی کوردستانم» لەلایەن کۆڕسی بەشداربووانی دەورەی٢٠٤ ەوە پێشکێش کراو بە دوای ئەودا مەسعوود ساڵحفەڕ، یەکێک لە بەشدارانی دەورەی ٢٠٤ بە نوێنەرایەتیی هاوڕێیانی، پەیامی بەشداربووانی دەورەکەی خوێندەوە.

لەو پەیامەدا هاتبوو کە ئێمە بەشداربووان بەڵێن دەدەین وەک لاوانی خاوەنهەستو بیری کوردایەتی، پاشان وەک پێشمەرگە، لیاقەتو لێوەشاوەیی خۆمان بەرامبەر بە دانانی ناوی بەرزو پیرۆزی پێشمەرگە لە سەر خۆمان بپارێزینو ڕێبواری بەدڵو بە گیانی ڕێگەو ڕێبازی شەهیدانمان بین.

دابەشکردنی خەڵاتی سەرکەوتووانی دەورە یەکێکی دیکە لە برگەکانی ئەو ڕێورەسمە بوو کە تێیدا سەرکەوتووانو هەڵبژێردراوانی دەورە خەڵاتی خۆیان لە دەستی ڕەحمان مەحمووودیو گوڵاڵە محەممەدزادە وەرگرت.

شایانی باسە کە جێژنی کۆتایی دەورەی٢٠٤ی سەرەتایی پێشمەرگە بە شاییو خۆشیی بەشدارانی دەورەکە ڕازایەوە.

## بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سویس لە کۆبوونەوەیەکی ئیعترازیدا

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سویس لە کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی بە دژی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بوون.

ڕۆژی شەممە، یەکی پووشپەڕ بە دەستپێشخەریی کۆمیتەی تێکۆشان بۆ ئازادیی گیراوانی سیاسی، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیدەربڕین بە دژی کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لە مەیدانەکانی شاری بێرن بەڕێوە چوو.

بەرپرسی کۆمیتەی تێکۆشان بۆ ئازادیی گیراوانی سیاسی لەو کۆبوونەوەیەدا ڕایگەیاند کە ئەوان بە بێ جیاوازی لە پێناو ئازادیی گیراوانی سیاسی لە ئێراندا تێدەکۆشنو لەو بارەیەوە داوای هاوکاریی لە هەموو لایەک کرد.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوە ئیعترازییەدا پەیامی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دوو زمانی کوردیو فارسی لەلایەن ڕەحمان محەمەدیو شاخەوان عەزیزییەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێک لە پەیامی کۆمیتەی حیزبدا هاتبوو کە لە ماوەی تەمەنی زیاتر لە سێ دەیەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر لە ژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤو سەرکوتو ترسو تۆقاندن لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە ڕەچاو کراوە. لەو ماوە دوورو درێژەدا بەندیخانەکانی ڕێژیم لە سەراسەری ئێران، هەمیشە پڕ کراون لە جیابیران، ڕۆژنامەنووسان، نەیارانی سیاسیو ئازادیخوازانی کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینییەکان. لەو نێوەدا خەڵکی کوردستان لە زوڵم و ستەمی حاکمانی دەسەڵاتدار زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بەشیان پێبراوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی سانسۆرکرانی هەواڵەکانی پێوەندیدار کە هەندێجار بە ئانقەست لەلایەن ڕاگەیەنە گشتییەکانو تەنانەت ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەرێوە چووە، ڕووداوو کارەساتەکانی کوردستان بەو جۆرەی پێویست بووە ڕەنگدانەوەیان نەبووە.

لە بەشێکی دیکە لە پەیامی کۆمیتەی حیزبدا هاتبوو: «ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە، بە هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستانو کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی بێتاوانو وێرانکردنی شارو گوندو ئیعدامی بە کۆمەڵی گیراوانی سیاسی کورد، زیاترلە پێشوو ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆی نیشاندا. ئیعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوو گیراوی سیاسیی مەهابادی لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا، کە بەشێک لە ئیعدامکراوەکان تەنانەت بە تەمەنی قانوونییش نەگەیشتبوونو دەیان جینایەتی دیکەی لەم شێوەیە، قەت لەبیر خەڵکی کوردستانو ئازادیخوازانی سەراسەری ئێران ناچنەوە».

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوە ئیعترازییە کە بە بەشداریی نوێنەرانی بەشێکی زۆر لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیو ئێرانی بەرێوە چوو، بە مەبەستی پشتیوانی لە ئازادکرانی گیراوانی سیاسی لە ئێران هاوکات بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ سەر وەزعیەتی ئەوان ڕێک خرابوو.

**عەبدوڵڵا بەهرامی: ئەم ڕوانینو کرداره سیاسییەی خەڵکی کوردستان پێویستیی بە هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانە هەیە. ئەگەر قبووڵ بکەین کە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنانەت لە سیستمێکی وەک کۆماری ئیسلامییشدا دەرفەتێکە بۆ دەرکەوتنی ویستو ئیرادەی خەڵکو لەودا خەڵک دەتوانن لانیکەم وەک دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی داخوازەکانیانو نیشاندانی ناڕەزایەتییەکانیان کەلک وەرگرنو هەرنەبێ ناوەندی دەسەڵات تووشی کێشە بکەن، دەتوانین هەست بە واقیعیبوونی ئەم ڕوانینو کرداره سیاسییەی خەڵکی کوردستان بکەین**

# هەڵبژاردنی سەرکۆماریو دەرفەتەکانی بەردەم



عەبدوڵڵا بەهرامی

## دۆخی پێش هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرکۆماریی ئێران لە هەلومەرجێکی بەتەواوی جیاواز لە هەڵبژاردنی خولی پێشوودا بەرێوە چوو. لە ئاستی نێوخۆییدا دەوڵەتی ناخەڵکی، بەڵام جێگای متمانەو پشتیوانیی بێئەملاوئەولای ڕێبەری نیزام بەهۆی ناکارامەیی و کەوتنەململانە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکەو تەنانەت وەلیی فەقیهیش، دۆخی وڵاتی لە هەموو بوارەکاندا زیاتر بەرەو هەڵدێر بردبوو. ئابووریی وڵات لە ئاکامی بەڕێوەبەریی ناکارامەو گەندەڵ لەلایەکو گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان لەلایەکی دیکە داتەپیوەو بەتەواوی لە قەیراندایە. باری کۆمەڵایەتیی وڵاتیش لە ژێر کارتێکەریی ڕاستەوخۆی بەها کۆنەپەرستانەو داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامیداو هەروەها بەهۆی باری نالەباری ئابوورییەوە تووشی قەیران بووە. دیاردە کوشەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، قاچاغ، دزی، لەشفرۆشی، ساختەکاریو بەرتیلخۆری، هەڵکشانی ئاماری جیابوونەوەی هاوسەرەکان ( تەڵاق) کاڵبوونەوەی بایەخە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان زیاتر لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی پەرەیان گرتوە.

لە بوارو بەستێنەکانی دیکەشدا دۆخەکە لە نالەبارترین شێوەدایە. جیابیران، ئازادیخوازانی نەتەوە بندەستەکان، پێڕەوانی ئایینو ئایینزا ناشیعەکان، ڕۆژنامەنووسانو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزانو... لەو چوار ساڵەی دواییدا زیاتر لە هەر کات لەگەڵ سەرکوت، ئازارو شکەنجە، دوورخرانەوە، بێبەشکران لە مافە کۆمەڵایەتییەکانو تەنانەت حوکمی زاڵمانەی ئیعدامیش بەرەوڕوو بوون.

لە ئاستی سیاسییشدا دوای کودیتا لە دەنگەکانی خەڵک لە ساڵی ١٣٨٨داو بەدوای ئەودا سەرکوتی بێبەزەییانەی ناڕازییانی گۆڕانخواز دۆخەکەی بەرەو داخرانی هەرچی تەواوتر بردبوو. تەنیا ململانەیەک کە بەدی دەکرا، ململانەی نێوان باڵەکانی بەرەی پاوانخوازی دەسەڵات بوو (ئوسوڵگەرایان)؛ کە ڕەنگە زۆر جار دەبووە خاڵێکی هیوابەخش. هیوابەخش بەو واتایە کە دەسەڵاتێک کە بە هەموو توانای ئابووریو پۆلیسیی خۆیەوە لە هەوڵی یەکدەستو یەکڕەنگکردنی گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ کەلێنی زیاتری تێدەکەوت.

لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتییشدا دۆخەکە دەکرێ زۆر بە کورتی بەم شێوەیە وێنا بکرێ: تەریککەوتنەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر، پەرەگرتنی گەمارۆو سزا نێودەوڵەتییەکانو دەرکەوتنی شوێنەوارەکانیان لە سەرجەم بوارەکاندا.

## ئوسوولگەرایانو هەڵبژاردنی سەرکۆماری

هەڵبژاردنەکان بە تایبەت هەڵبژاردنی سەرکۆماری زۆربەی جارەکان بۆ کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەی کێشەساز بوون. دەکرێ بڵێین لەواندا سەرانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بوونی چاوەدێریی ئیستیسوابیی شووڕای نیگەهبانو دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ناوەندە ئیتلاعاتیو ئەمنیەتییەکان لەگەڵ ئیرادەی خەڵک بەرەوڕوو بوونەتەوە. ئەمجارەیان دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو ئوسوولگەرا لەو دۆخەدا کە باسی کرا بەرەو هەڵبژاردنی سەرکۆماری ڕۆیشتن. لە دۆخێکی ئەوتۆدا کە زۆر ئاسایی بوو دەبوو باجی هەموو ئەو نەهامەتییانە بدەن کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتبوو. جگە لەمانە ئەوان ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا توانیبوویان بە کەلکوەرگرتن لە داهاتی زۆرو زەوەندی نەوتو سەرکوت باڵادەستیی خۆیان بسەپێننەوە، لەم قۆناغەدا لەگەڵ هاوکێشەیەکی بەتەواوی نوێ بەرەوڕوو بوون. لەم هاوکێشە نوێیەدا پاوانخوازان لەوپەڕی لاوازیو نایەکگرتوویی‌دا بوون. بۆیە وا دەهاتە بەرچاو کە تەنیا ڕێگایەک کە لە بەر دەمیان ماوەتەوە موهەندیسیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بێ. بەڵام لەو دۆخەدا کە ئەم جارە تێیدا بوون ناچاربوون لە جیاتی موهەندیسیکردنێکی بەتەواو مانا ڕێگا بدەن کاندیدایەکی میانەڕەو لە مەیدان دا بمێنێتەوەو تەنانەت لەوەش ئەولاتر مل بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنیش بدەن.

ئەوە کە خامەنەییو پاوانخوازانی دەورووبەری ڕێگایان دا خەڵک ئاکامی هەڵبژاردن دیاری بکەنو شکستی خۆیان لە بەرانبەر خەڵکدا قبووڵ بکەن شایانی تێڕامانە. بەتایبەت کە زۆر باش دەزانن دەنگدەرانی ناڕازیو گۆڕانخواز هەرچەند لە نەبوونی کاندیدای دڵخوازی خۆیاندا دەنگیان بە کاندیدای میانەڕەو داوە، بەڵام بە دەنگەکانی خۆیان هەم «نا»یەکی گەورەیان بەوان گوتوەو هەم جارێکی دیکە داخوازە دیمۆکراتیکەکانی خۆیانیان هێناوەتەوە گۆڕێ.

کەواتە بەرایيترین ئاکامگیری کە تا ئێستا دەکرێ لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماری بکرێ ئەوەیە کە خەڵک توانیویانە بە ئیرادەی خۆیان پاشەکشە بە خامەنەییو پاوانخوازان (بە هەموو ڕەوتو ڕەنگەکانیانەوە) بکەنو ئاڵوگۆڕ لە کەشی سیاسیی وڵاتدا پێک بێنن. بەڵام ئەوە کۆتایی ململانەکە نیە. ئەم ململانەیە لە ئاستو مەیدانی جۆراوجۆردا درێژەی دەبێ.

## ڕوانینێکی جیاواز لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن

ئەگەر وای دابنێین کە تا ئێرە ململانەی ئەم یارییە بە قازانجی ئیرادەی خەڵکی ناڕازیو گۆڕانخواز تەواو بووە، پێویستە پێداچوونەوەیەک بەم ڕوانینەدا بکەینەوە کە بە شێوەی ئارمانجخوازانەو ئیدئالگەرایانە بەدوای ئاڵوگۆڕەوەیە. چونکە لە ڕاستیدا دەرکەتوە کە ئەوە ڕاستییە بەرهەستەکانی نێو گۆڕەپانی یارییە سیاسییەکەن کە دەوری یەکلاکەرەوەیان هەیە، نەک دروشمی جوانو بریقەدارو هێنانە گۆڕی داخوازی گەورە.

دەبێ ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە دوورکەوتنەوە لە مەیدانی سەرەکیی سیاسەتو دابڕان لە کۆمەڵگە (هەرچەند داسەپاویش بێ) دەرەتانی بڕیاری دروست و لەوەش گرنگتر شوێندانەر لە کایە سیاسییەکاندا زۆر بەرتەسک دەکاتەوە. ئەزموونەکانیش دەریانخستوە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ئیلیتی تاراوگەنشین بەو دابڕانەی لەگەڵ کۆمەڵگە تووشی هاتوون نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی بەرهەستو کردەییان لە هەلومەرجەکان هەبێ. بۆیە نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی گوتارێکی شوێندانەر.

بە پێی ئەو بنەما سادە بەڵام سەرەکییە کە یاری لە نێو گۆڕەپانەکەدا دەکرێ نەک لە پەراوێزداو سەرەکیترین فاکتۆر بۆ پێکهێنانی هەر ئاڵوگۆڕێک خەڵکە و ڕەوتێکی سیاسی بە بێ ئەوەی بە جۆرێک پێی لەسەر زەویی مەیدانی ململانەی سیاسی بێ ناتوانێ کەلک لەم فاکتۆرە وەرگرێ. کەواتە دەتوانین بڵێین: یەکەم، گوتارێکی سیاسی کاتێک دەتوانێ گشتگیر بێ کە لە ناخی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتبێ، نەک لە ئارەزووەکانەوە. دووەم، بتوانێ لە نێو گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا ڕێگاکانی چەسپانو پراکتیزەبوونی خۆی بدۆزێتەوە.

## دوای هەڵبژاردن

ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە بڕوانین کە خەڵکو چالاکانی سیاسیو مەدەنی لە دوای هەڵبژاردن بوونەتە خاوەنی هەلێک بۆ هێنانەگۆڕی ویستەکانیانو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی دیمۆکراتیک، پێویستە باس لەوە بکەین کە چۆن دەکرێ دەسکەوتەکانی سەرچاوەگرتوو لە دەنگی خەڵک بپارێزرێنو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگ بدەنەوە.

گومانی تێدا نیە کە خامەنەییو پاوانخوازان نەکهەر هیچ مەیلێکیان بە ئاڵوگۆڕو کرانەوە نیە، بەڵکوو دوژمنایەتییەکی لەبڕاننەهاتوویان لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ویستو داخوازەکانی خەڵک لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی وڵاتدا هەیە. بۆیە زۆر سروشتییە کە لە هەوڵی ئەوەدا بن قەرەبووی ئەو شکستەیان بکەنەوە.

پاراستنو قووڵکردنەوەی ئەم دەسکەوتە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەدواداچوونی ئەو داخوازانەوە هەیە کە کۆمەڵگەی ئێران هەنیو تارادەیەکی کەمیش بێ لە بەرنامەو دروشمەکانی حەسەن ڕووحانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. دیارە بێگومان یەکەم و گرنگترین هەنگاوی کۆمەڵانی خەڵک لەم پێناوەدا ئەوەیە کە هەروەک لە هەڵبژاردندا ئیرادەی خۆیان بۆ پێکهێنانی گۆڕان نیشان دا، دوای پێکهاتنی دەوڵەتی ڕووحانییش یەکگرتووانە خوازیاری وڵامدانەوە بە داخوازییەکانیان بن.

لەم نێوەدا چالاکانی سیاسیو مەدەنیو میدیاکاران ڕووبەڕووی بەرپرسایەتییەکی هەستیار دەبنەوە. ئەوان هەروەک ئەزموونەکانی پێشوو نیشانیان داوە دەتوانن لەم دەرفەتانە بە قازانجی بردنەپێشی داخوازەکانی کۆمەڵگەو پاشەکشە بە سەرەڕۆیی کەلک وەرگرن. بووژاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگای دروستکردنەوەی ڕێکخراوو دامەزراوە مەدەنیو سینفییەکانو کەلکوەرگرتن لە فەزای مەجازیو ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکێک لەو بوارە گرنگانەیە کە دەتوانn هەم کۆمەڵگە وەجووڵە بخەنو هەمیش دەسەڵات بخەنە ژێر فشارەوە.

## ڕووحانیو دەوڵەتەکەی

لە ئاستی نێوخۆدا ڕووحانی باش لەو ڕاستییە ئاگادارە کە هەڵبژێرانی لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانەوە نیشانەی ناڕەزایەتییەکی قووڵ لە دەسەڵاتداریی تا ئێستای کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت پاوانخوازانە، بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک چاوەڕوانیو داخوازی گرنگو بنەڕەتیی ڕووبەڕووی دەکاتەوە. خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی داخوازەکانی کۆمەڵگەو وادەکانی بەر لە هەڵبژاردن ــ بە هەر بیانوویەک ــ ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی بەرینی کۆمەڵگەی دەکاتەوە. ڕووحانی دەبێ باش بزانێ ئەگەر بیەوێ دەوری سوپاپی دڵنیایی ببینێ لە هەڵەدایە. چونکە خەڵک لە پێناوی گۆڕانو کرانەوەو گەڕانەوەی ئازادییەکانیاندا دەنگیان بەو داوەو لە ڕاستیدا ویستو داخوازەکانیان لە دروشمەکانی ئەویش زۆر سەرووترن.

لە ئاستی سیاسەتی دەرەکییشدا ئەگەر دەوڵەتی نوێ لە سەنگی خۆی بۆ ناچارکردنی خامەنەیی بە پاشەکشە لە کێشەی ناوکیو سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئاژاوەگێڕانە نەکا، بێگومان ناتوانێ گەمارۆو سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران لاببا، یان تەنانەت ناتوانێ سووکیشیان بکا. دەستپێکرانی نوێترینترین گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا دژی ئێران سیگناڵێکی زۆر ئاشکرای دەوڵەتی ئەمریکا بە ڕووحانیو خامەنەییە. کەواتە ئەوانیش چاوەڕوانی هەنگاوی کردەیین نەک دروشم!

## کوردو هەڵبژاردن

ئاکامەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە کوردستان جارێکی دیکە دەریخستەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان لە ئاستێکی باشی وشیاریی سیاسیدایەو دەیەوێ لە بچووکترین دەرفەتەکان بە قازانجی هێنانەگۆڕی داخوازەکانیو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشێلکەرانی مافو ئازادییەکانی کەلک وەرگرێ. ڕوانینو هەڵسوکەوتی سیاسیی زۆرینەی دەنگدەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی ئێستای ئێراندا لە چەند بارەوە شایانی سەرنجە. لەم پێوەندییەدا خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەتوانێ ئەوە بێ کە دەنگدەری کورد سەرەڕای ئەو هەموو هەڵاواردنو ستەمەی پێی ڕەوا دەبینرێ، لەو باوەڕەدایە کە نابێ لە پەراوێزەوە بڕوانێتە پرۆسەی سیاسیو پێویستە سەنگو قورسایی کورد لە ململانە سیاسییەکانی ئێراندا دیار بێو لەو ڕێگایەوە دەتوانێ لەسەر مافەکانی ململانە بکا.

دیارە ئەم تێگەیشتنە بە جۆرێکیش بەرهەمی ئەزموونەکانی پێشوویە. چونکە هەم لە خولی پێشووی هەڵبژاردنی سەرکۆماریو هەم لەم خولەی دواییدا بەشێک لە کاندیداکان لە ژێر کارتێکەریی کەشی مافخوازانەی کوردستاندا لە بەرنامەکانیاندا باسیان لە بەشێکی کەمی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان کردوە.

ئەم ڕوانینو کرداره سیاسییەی خەڵکی کوردستان پێویستیی بە هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانە هەیە. ئەگەر قبووڵ بکەین کە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنانەت لە سیستمێکی وەک کۆماری ئیسلامییشدا دەرفەتێکە بۆ دەرکەوتنی ویستو ئیرادەی خەڵکو لەودا خەڵک دەتوانن لانیکەم وەک دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی داخوازەکانیانو نیشاندانی ناڕەزایەتییەکانیان کەلک وەرگرنو هەرنەبێ ناوەندی دەسەڵات تووشی کێشە بکەن، دەتوانین هەست بە واقیعیبوونی ئەم ڕوانینو کرداره سیاسییەی خەڵکی کوردستان بکەین.

کە باس لە واقیعو واقیعبینی لە سیاسەتدا دەکەین دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێ کە یەکەم، سیاسەت لە سەر گۆڕەپانی ڕاستییە بەرهەستەکان دەکرێ و دووەم، بەبێ خوێندنەوەیەکی وردو قووڵ لە گۆڕەپانی سیاسیو ڕاستییەکانی کۆمەڵگە ناکرێ ببینە خاوەنی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەو گونجاو کە بتوانین لەسەر بنەمای ئەو هەڵوێستی سیاسیمان ڕوون بکەینەوە.

کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگە نوێیەوە بڕوانینە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێ ئیدیعا بکەین کە هەنگاوێکی گەورەمان بەرەو دەورگێڕان لە مەیدانێکی دیکەی خەباتدا هەڵێناوەتەوەو بە پشتیوانیی خەڵک دەتوانین لە دەرفەتەکانی بەردەم کەڵکی باشتر وەربگرین. دیارە کە باس لەو ڕوانگە نوێیە دەکرێ بەو واتایە نیە کە پشت لە شێوازەکانی دیکەی خەبات بکرێ. بەڵکوو بەو واتایەیە کە لەبەر ڕووناکایی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەو گۆڕەپانی سیاسی دەرەتانو بەستێنی دیکە بۆ دەورگێڕانو شوێندانەربوون بخوڵقێنین.

لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم، لە شێوە کرانەوەیەک کە کەشی سیاسیی ئێران بەخۆیەوە ببینێ دەتوانین بە قازانجی ئامانجەکانمان کەڵکی باشتر وەرگرین. دووەم لە هەڵبژاردنی مەجلیسی داهاتوودا دەورێکی بەتەواوی هەستپێکراو ببینین.

# گرنگیی دەوڵەتی یازدەیەمو کابینەی وەزیران



ئارەش لورستانی

وەرگێران بۆ کوردی: ئاڵەشین

دەوڵەتی یازدەیەم کە بە سەرۆکایەتیی ڕووحانی دەست بە کارەکانی خۆی دەکا، لە هەلومەرجێکدا هەڵبژاردنی بردۆتەوە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی زۆر هەستیاردایە. جیابوونەوەو کێشەی قورسی نێوان ڕەوتو لایەنەکانی نێوخۆی ڕێژیم، کەمبوونەوەی ڕوو لە هەڵکشانی لایەنگرانی پێشووی کۆماری ئیسلامی، تەحریمو بایکۆتی قورسی ئابووری، ڕەوشی نالەباری پشتیوانانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەو وڵاتانی جیهانی سێیەم کە هەمیشە لە کەمبوونەوەدان، دۆخی قەیراناویی ئابووریو بڕێوو ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی - سیاسیی نێوخۆی وڵات، بەرزبوونەوەی کارەساتباری جینایەتو گیرۆدەیی بە ماددە سڕکەرەکانو زۆر کێشەو ئاڕێشەی دیکە، بەشێکن لەو ئەهرۆمە گوشارانەی تەنگیان بە چۆنیەتیی کارکردی سیستمی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەتی دەوڵەتی یازدەیەم هەڵچنیوەو ئەگەر دەوڵەتی (تدبیرو امید) خەمێکی جیددیی لێ نەخوا. ئەم گیروگرفتو ناڕەزایەتییە نێوخۆییو دەرەکییانە دەبنە هۆی ڕووخانو دارمانی لە نەکاوی سیستمو تەنانەت ڕەنگە ئاسەواری ڕووخێنەری درێژخایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگییان لێبکەوێتەوە.

دەوڵەتی یازدەیەمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوەو، تەنانەت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کابینەی وەزیرانیشی تووشی کێشەو ئاڕێشەی زۆر دەبێ.

پشکخواستنی ئیسلاحتەڵەبان بە هۆی هاوپەیمانیی محەمەدڕەزا عارفو حەسەنی ڕووحانی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە میدیای کۆماری ئیسلامیداو بەتایبەت چاپەمەنیدا بووەتە بابەتی گەرموگوڕی دوای هەڵبژاردن لەلایەکو، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی ئیسلاحتەڵەبان و ئوسوولگەراکان بە بڵاوکردنەوەی لیستی شیمانەیی بۆ کابینەی داهاتوو، هەموو لە پێناوی گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری نوێو تێکدانی سڵامەتیی دەروونیی دەوڵەتی نوێدان، کە لەم پێناوەشدا بۆ گوشارهێنان بۆ سەر ڕووحانیو کارمەندان و پێرسۆنێلی هەڵبژاردنی کەڵک لە دروشمە پروپاگەندەییەکانی وەردەگرن. نوێنەرانو سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیو سەرۆکی دەزگای دادوەری بە چاوپێکەوتنی بەردەوام، هەوڵ دەدەن هەلومەرجی ئێستاکەی ڕووحانی هەڵسەنگێننو تێدەکۆشن جۆرێک بوارەکە بڕەخسێنن کە هاوهەڵوێستی، یان لانیکەم هەڵسوکەوتی دەوڵەتی یازدەیەم لەگەڵ دوو هێزەکەی دیکە بە چەشنێک ڕێک خەن کە بارودۆخی سەردەمی ئەحمەدینەژاد دووپات نەبێتەوە. بەگوێرەی کەشو فەزای دوای هەڵبژاردن، قۆڵەکانی ئیسلاحتەڵەب، بناژۆخواز، نوێنەرانی مەجلیسو هێزی دادوەریو زۆ لە کەسایەتییە مەزهەبییەکانی کۆماری ئیسلامی نەک یارمەتیدەر نین بۆ حەسەن ڕووحانیو دەوڵەتی (تدبیرو امید) بەڵکوو هەر لایەنەی دەیەوێ ئابڕووی خۆی بکڕێتەوەو ڕەوتەکانی بەرامبەری خەوشدار بکا. ئەمانە دەیسەلمێنن کە هیچ گەرەنتییەک نیە کێشەو ئاڕێشەی دەوڵەتی یازدەیەم لە دەوڵەتەکانی دیکە کەمتر بێو بێدەنگیی واتاداری عەلی خامنەیی، گەورەبەرپرسانی سوپاو مەحموود ئەحمەدینەژاد نیشاندەری ئەگەری ئەم دۆخەن. لە ساڵی ٨٨ەوە تا ئەمڕۆ بێدەنگیی ئەوان کە هەمیشە پڕپاسوخواسترین بەشی دەسەڵات بوون، نیشانەیەکی پۆزەتیڤ نەبووە. عەلی خامنەیی کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوودا زیاتر لە هەموو کاتێک خۆی لە بچووکترین کێشەکان هەڵقوتاندووەو حوکمی حکوومەتیی دەرکردووەو ئامادە نەبووە بە هیچ نرخێک تەنانەت بۆ کەمترین ماوەش مەیدانێک بە ڕەوتەکانی دیکە بدا، بێدەنگییەکەی زۆر واتادارو لێڵە، گەورەفەرماندەکانی سوپا کە ئەم دامەزراوەیان کردوە بە ڕێکخراوێکی زۆر گەورەی سەربازی، ئیتلاعاتی، ئەمنییەتی، ئابووریو فەرهەنگی زیاتر گومانەکان زیاد دەکەنو سێیەمین فاکتەریش مەحموود ئەحمەدینەژاد کە سەرەڕای ئەو هەموو خۆڕاگرییەی لە بەرانبەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامیو لایەنگرانیدا، دوای ڕەدی سەلاحیەتی مەشایی بێدەنگ بووەو بە گشتی بەم بێدەنگییە سەیرو سەمەرەکەی هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کردوەو دەگەڵ ئەو شتانەی باس کران نیشانەی بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزە.

دوو خاڵی زۆر گرنگی دیکە کە کارکردی سێ هێزەکەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت دەوڵەت شوێنەواری لە سەر ئاراستەکەیان هەیە، بەم جۆرەن، یەکەم زۆربەی بەرپرسە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی وەک خامەنەیی، هاشمی، جەننەتیو ...... بە هۆی تەمەنی زۆرەوە دەبێ دوای خولی یازدەیەمی سەرکۆماری واز لە دەسەڵات بێننو بەرپرسایەتییەکان بدەن بە کەسانی دیکە، کەواتە بە سەرنجدان بە دەسەڵاتخوازییانو ئەگەر ناچاریش بن دەبێ کەسانێک لە جێی خۆیان دانێن کە بێ ئەملاوئەولا گوێڕایەڵیان بنو بیر لە پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە دەکەنەوە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە هەموو نرخێک بە دەستیان هێناوە. کەواتە کۆنترۆڵی دەوڵەتی یازدەیەم بۆیان زۆر گرنگە. دووەم ئەوەی کە هەڵبژاردنی ١٣٩٢ی سەرکۆماری نیشانی دا کە هیچ کاتێک بەمجۆرە بارودۆخی کۆماری ئیسلامی شپرزەو ئاڵۆز نەبووەو هەر فاکتەرێکی نێگەتیڤ هەلومەرجەکەی لێ ئاڵۆزتر دەکا، هەروەها نەوە ی نوێی ئەمڕۆی ئێران زۆر وشیار بۆتەوە و لەسەر مافەکانی خۆی زۆر پێداگرە. لەم هەڵبژاردنەدا خەڵک دوایین هەلیان دا بە کۆماری ئیسلامی کە سیستمی خۆی بگۆڕێ، ئەو دەرفەتەی بە شاپوور بەختیار نەدرا، ئەو دەرفەتەی کە ئەگەر بەو درابایە ڕەنگە پێشی بە هاتنەسەرکاری حیزبی کۆماری ئیسلامی بگرتایە. کەواتە دیارە ئەو فاکتەرە نیشانەی تێگەیشتوویی‌و هۆشیاریی بەرزی سیاسی — مەدەنیی نەتەوەکانی ئێرانە، ئەو عەقڵییەتو هۆشیارییە کە ئیزنی هەڵەو مڵهوڕیی لەوە زیاتر بە کۆماری ئیسلامی نادا. ئاشکرایە کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت هێزی بەڕێوەبەری یان دەبێ بە ئاراستەی ویستو داخوازەکانی خەڵکدا هەنگاو بنێو تێچووی هەموو هەڵەو خراپ بیرکردنەوەکانیان بداو دەسەڵات بدا بەدەست خەڵکو نوێنەرە ڕاستەقینەکانیان، یان ئەوەی لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ تووڕەیی خەڵک بۆ پاراستنی سیستمەکەیان دەست لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە نەپارێزنو، هەڵبژاردنی کابینەی کارامەی یازدەیەم یەکەم ئەزموونی جیددی دوای هەڵبژاردنە بۆ کۆماری ئیسلامی.

لەم بارودۆخەدا ئەگەر دیسان چاو بە فاکتەرو هۆکارەکاندا بخشێنینەوە دەبینین کە هەڵبژاردنی کابینەی دەوڵەتی نوێ، دەوڵەتێک کە دوای کارکردی زۆر نەرێنیی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت سەردەمی ئەحمەدینەژاد دەسەڵاتداری هێزی بەڕێوەبەرییە کارێکی زۆر دژوارە. ڕەنگە دەوڵەتی یازدەیەم بتوانێ — هەرچەند هیچ وێناچێ — بە پاشەکشەکردن بە پاوانخوازان، تاڕادەیەک هەلومەرجی گەیشتنی ڕێژەیی کۆمەڵگە بە خۆشبژێوی، ئازادیو ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی هەرچەند بەرتەسک کە لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە بڕەخسێنێ یان بە گوێڕاڵی بێئەملاوئەولا بۆ وەلیی فەقیهـ، کۆمەڵگە لە هەر بەشدارییەک هیوابڕاو بکاو ڕەوتی دارمانی سیستم بە دەست خەڵکی خێراتر بکا یان تەنانەت حەسەن ڕووحانی دەتوانێ وەک مەحموود ئەحمەدینەژاد کە هەموو چینەکان پشتیوانیی لێدەکەن، بە شێوەی جۆراوجۆری دیکە ببێتە خوڵقێنەری قەیران بۆ کۆماری ئیسلامیو، هەستاندنەوەی هەرچی زیاتری ڕەوایی ڕێژیم.

کوردستان
ژمارە: ٦١١
١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٢
٧ی جوولای ٢٠١٣


**عومەر باڵەکی: زۆرترین رادەی چەکی شیمیایی حکوومەتی عێراق بەکاری هێناوە کە بێجگە لە بەرەکانی شەڕ بە دژی خەڵکی بێتاوانو بێدیفاع بەکاری بردوە، کە بەرچاوترینیان بۆمبارانی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستانو شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە**

**سامان فەقێنەبی: قاسملووی نەمر دابڕانی شۆڕشگێر لە جەماوەر و نەبوونی ستراتیژییەکی درێژخایەن بۆ خەباتی بە مەترسیی سەرەکی لەسەر تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات زانیوەو لەو چوارچێوەیەشدا بەردەوام هەوڵی داوە لە ڕێگەی تێنوگوڕبەخشین بە خەبات، پێوەندیی پێشمەرگەو خەڵک لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی دوور نەکەوێتەوە**

# چەکی شیمیایی و کارەساتی شاری سەردەشت



عومەر باڵەکی

ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی چەکە شیمیاییەکان بکۆڵینەوە دەبێ بڵێین کە بەکارهێنانی ئەو ئەو جۆرە لە چەک مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، بەڵام ئەوەی لە سەردەمی ئێستادا ئێمە وەک چەکی شیمیایی دەیانناسین و لە ڕێزی چەکەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ دایاندەنێین مێژووی بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی یەکەمی جیهانی. لە ماوەی چوارساڵ شەڕدا بە پێی ئامارەکان نزیک بە ١٢٠هەزار تۆن مەوادی شیمیایی لەبەرەکانی شەڕدا بەکار هاتوە کە بۆتە هۆی کوژرانو برینداربوونی یەک میلیون و سێسەدهەزار کەس.

بەهۆی کاریگەریی تۆقێنەرو ماڵوێرانکەری چەکی شیمیایی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەوڵەتەکانی ئەوکات هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ پەیماننامەیەک ئیمزا بکەن کە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی قەدەغە بکرێو ئەو هەوڵو تێکۆشانە پرۆتۆکوڵی ١٩٢٥ی ژنێڤی لێکەوتەوە.

پرۆتۆکۆلی ژنێڤ ١٩٢٥ تایبەتە بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازی سەممیو خنکێنەر لە شەڕەکانداو چاوەدێری بەسەر بازرگانی نێونەتەوەیی چەکوچۆڵو تەقەمەنی لە ئەستۆیە.

پرۆتۆکۆلی ژنێڤ یەکەمینو گرنگترین ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەییە لە پێوەندی لەگەڵ چەکی شیمیاییو میکرۆبیدا. بە واتایەکی دیکە ئەو پرۆتۆکولە یەکەم بەڵگەنامەی نێونەتەوەییە کە چاوەدێری بەسەر چەکە میکرۆبییەکاندا دەکاو هەر لەو پرۆتۆکۆڵەدا گرنگیی تایبەت دراوە بە چەکی شیمیایی چونکە چەکی شیمیایی لە مەیدانی شەڕەکاندا زیاتر لە چەکی میکرۆبی بەکارهاتوە چونکە بەرهەمهێنانی چەکی شیمیایی بۆ دەوڵەتەکان ئاسانترو هەرزانترە لە چەکی میکرۆبی.

لە پێشەکی پرۆتۆکۆڵەکەدا هاتوە:

«بەکاربردنی گازە خنکێنەرەکان، سەممی یان گازەکانی دیکەو تەواوی ئەو کەرەسە و شلەمەنییانەی وەک ئەو گازە خنکێنەرانەن، لەلایەن دنیای پێشکەوتوو مەحکووم کراوە». بە پێی پرۆتۆکولەکە دەوڵەتەکانی ئەندام دەبێ بەو دوو خاڵەی خوارەوە پابەند بن:

– قەبووڵکردن، ناساندنو پابەندی بەقەدەغەکردنی کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەی شەڕی «بیولۆژیک»، گازە سەممی و خنکێنەرەکانو ......»

– هاندانی ئەو وڵاتانەکە نەبوون بە ئەندام لە پرۆتوکوڵەکەدا بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام. پرۆتوکوڵی ساڵی ١٩٢٥ی ژنێڤ لەگەڵ ئەوەی توانی پێشگیریی قانوونی لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی پێک بێنێ، بەڵام تواناو هێزی نەبوو کە پێشگیری لە بەرهەمهاتن و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە چەکانە لە پانتای تۆپی زەویدا بکا. هەربۆیە دروست کردنو ئەنبارکردنی چەکی شیمیایی بۆ دەوڵەتەکان هیچ بەربەستێکی قانوونیی لە پێشدا نەبوو. لەبەر ئەوەش کومەڵگای جیهانی لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەدا سەرقاڵی ئەوە بووە کە پابەندییەکی زیاتر بۆ دەوڵەتەکان دروست بکا کە هەم نەتوانن چەکی شیمیاییو میکروبی بەرهەم بێننو هەم نەتوانن لە مەیدانەکانی شەڕدا کەڵکی لێوەربگرن.

هەر بەو مەبەستە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنفرانسی داماڵینی چەکدا لە ژنێڤ، ڕەشنووسی گەڵاڵەی کۆنواسیونی پێشگیری چەکە شیمیاییەکان ئامادە کراو پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا کە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی خۆی لە دیسامبری ساڵی١٩٩٢دا بە کۆی دەنگ پەسندی کردو لە ماوەیەکی کەمدا ڕادەی ئەندامەکانی گەیشتە ١٦٠ وڵات.

ئەو پێشەکییە کورتە بۆ ئەوە بوو کە بزانین کۆمەڵگای جیهانی کە ئێمەی تێدا دەژیین چەندە بە دەست چەکی شیمیاییەوە ناڵاندوویەتیو نزیک بە ٧٥ ساڵە بە نووسینی پرۆتۆکولو دروستکردنی ڕێکخراوو سازمان دەیەوێ دەوڵەتەکان پابەند بکا لە کاتی شەڕو پێکدادانەکاندا لەو جۆرە چەکە کەڵک وەرنەگرنو بەتایبەتی بە دژی خەڵکی بێتاوانو بێ دیفاع لە شارو گوندەکان بەکار نەهێنرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای جیهانی تەواوی ئەو پابەندییانەی دروست کردوەو دەوڵەتەکان خۆیان ژێر پرۆتوکوڵو پەیماننامەکان ئیمزا دەکەن لە کاتی شەڕدا هەرخۆشیانن ئەو پابەندییە ژێر پێ دەنێن. ئەوەتا لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕی عێراق — ئێراندا بە دەیان جار لە چەکی شیمیایی لەبەرەکانی شەڕو بە دژی خەڵکی بێتاوان کەڵک وەرگیراوەو ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە هەم ئێرانو هەم عێراق ژێر پرۆتوکوڵی ١٩٢٥ی ژنێڤیان ئیمزا کردوە. دیارە زۆرترین ڕادەی چەکی شیمیایی حکوومەتی عێراق بەکاری هێناوە کە بێجگە لە بەرەکانی شەڕ بە دژی خەڵکی بێتاوانو بێدیفاع بەکاری بردوە، کە بەرچاوترینیان بۆمبارانی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستانو شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە ڕۆژی ٦٦/٤/٧ (١٩٨٧) شاری سەردەشت بەهۆی شەش فرۆکەی شەڕکەری عێراقی کە هەڵگری بۆمبی شیمیایی بوون بۆمباران کراو کوژراوو بریندارێکی زۆری لێکەوتەوە. بەپێی بەڵگەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەی ٥٠٠٠ کەسو بە پێی ڕاپۆرتی حکوومەتی ئێران ڕادەی ٨٠٢٥ کەس کوژراو و بریندار بوونو بەو شێوەیە سەردەشت دەبێتە یەکەمین شار کە بۆتە قوربانیی چەکی شیمیایی دوای هیروشیما و ناگازاکی ژاپۆن کە بە چەکی ناوکی وێران کران.

لەو ماوەیەدا ئەوە پرسیار بووە کە بۆچی حکوومەتی بەعسی عێراق شاری سەردەشتی بۆمبارانی شیمیایی کرد؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لە نێوەڕۆکی ئەو حکوومەتەدا بە دوایدا بگەڕێین. لەلایەک حکوومەتی بەعسی عێراق خۆی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و پێشێلکەری مافی مرۆڤ بووو دژایەتییەکی توندی لەگەڵ مافەکانی گەلی کورد هەبووو لە هەموو شێوازو چەکێک کەڵکی وەردەگرت بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان و لەلایەکی دیکەش حکوومەتی بەعس زۆر چالاکانە بە دوای پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایردا بوو،و دەیەویست لە هەردوو دیوی سنوور بەقووڵایی ٢٠ کیلومیتر بە پێی ڕێککەوتننامەکە چۆڵ بکرێو کەسی تێدا نەژی. لێرەدا پێویستە ئیشارە بە چەند لایەنێکی دیکە بکەین کە هۆکار بوون بۆ بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە کەوتوونەتە سەرسنووری ئێران — عێراق. لەو نێوەدا دەسەڵاتدارانی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شیمیابارانی سەردەشتدا کەمتر لە حکوومەتی عێراق خەتابار نین. ئەگەر عێراق دەستپێکەری شەڕەکە بوو ڕێبەرانی نیزامی ئیسلامیی ئێران درێژەدەری شەڕەکە بوونو بۆ ئەوە لەو شەڕەدا سەر بکەون لە هەموو کەرەسەیەکی ماددیو مەعنەوی لە مەیدانەکانی شەڕدا کەڵکیان وەرگرتووەو باکیان لە تێداچوونو ئاوارەبوونو ماڵوێرانیی خەڵکی بێتاوان نەبووە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە ڕۆژئەژمێرەکانی سەردەمی شەڕ لە ناوچەی سەردەشتدا بگێڕین کە بە چەندین جار کەوتۆتە بەر پەلاماری تۆپخانەی شیمیاییو بۆمباران. بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم گەڵاڵەو پلانێکی ئەوتۆیان ئامادە نەکردبوو کە لانی کەم لە کاتی بۆمبارانی شیمیاییدا تا ڕادەیەک پێشگیری لە دانی تەلەفاتی قورسی گیانی بکرێ.

جێگای خۆیەتی سەرنج بدەینە چەند خاڵێک کە ئەگەر بەڕێوە چووبان لەوانە بوو تەلەفاتی شاری سەردەشت زۆر زۆر کەمتر لەو ئامارانە بووایە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا.

الف: نەبوونی زانیاریی خەڵکی سەردەشتو ناوچەکە لە سەر چەکی شیمیایی، لەو حاڵەتەدا کە دەتەقێتەوە دەبێ چۆن بزانن کە ئەوە بومب یان گوللەی شیمیاییە.

ب: نەبوونی ئاموزش پێویست بۆ خەڵک کە لەو کاتەدا کە دەکەونە بەر هێرشی چەکی شیمیایی دەبێ چ بکەینو چۆن خۆیانو خەڵکی دیکە ڕزگاربکەن.

ج: لەبەرچاونەگرتنی ئەو مەسەلەیە لە بواری نیزامیدا کە سەردەشت لە کاتی شەڕی ئێران — عیراقدا هەمووکاتێک لە ژێر هەڕەشەی بۆمباراندایە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو فرۆکە شەڕکەرانەی بە مەبەستی بۆمبارانی شوێنەکانی دیکەی ئێران سنووریان دەبەزاندو دەهاتنە نێو خاکی ئێران، زۆربەی جاران نەیاندەتوانی بومبەکانیان لە شوێنی مەبەست بخەنە خوارەوە هەر بۆیە لە کاتی گەڕانەوەدا بومبەکانیان لە سەر ناوچە سنوورییەکان کە سەردەشتیش یەکێک لەوان بوو بەتاڵ دەکردەوە.

د- نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانیو پێڕاگەیشتنی خێرا بە برینداڕەکان. چونکە بە قسەی تەنیا دوکتوری تایبەت بە مواد شیمیایی «دکتر حسن سقط‌فروش» ناوەندی فریاکەوتنی شیمیایی لە ١٥ کیلومیتریی شاری سەردەشت لە شوێنێک بە ناوی «هەوارسێمان» دامەزرابووو تەواوی دەرمانەکانو کەرەسەی ناسینەوەو حەمامی سەحرایی و فریاکەوتنی خێرای برینداڕانی شیمیایی لەوێ دامەزرابوونو ئەوە لە حاڵێکدایە کە دوکتوری ناوبراو هەر بۆخۆی دەڵێ «کاتێک خەڵکمان ئاگادار کردەوە ٢٠ دەقیقە لە بۆمبارانی شیمیایی تێپەڕ ببوو. کە ئەوە تەنیا ئاگادارکردنەوەی خەڵک بووەو بۆ بە هاوارگەیشتنیان بەلانی کەم نزیک بە یەک سەعاتی خایاندوەو ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە بۆ بڵاوبوونەوەی گازی شیمیاییو زۆربوونی تەلەفاتی ئینسانی. هەربۆیە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو تاوانەدا شەریکەو خەتای گەورەی لەسەر شانە.

لە کۆتاییدا سەری کرنۆش دادەنوێنم بۆ هەموو ئەو براو خوشکانە کە بە ناحەق کەوتنە بەر پەلاماری چەکی شیمیاییو گیانیان لە دەست دا، یان بە نەخۆشیو نەقوستانی ئێستاش درێژە بە ژیان دەدەن. هیواخوازم قەت جارێکی دیکە گەلی کورد لە هیچ شوێنێکی کوردستان تووشی کارەساتی وا نەبێ.



# وانەکانی شەهید دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای تێکۆشانمانە



سامان فەقێنەبی

ڕێبەری شەهیدمان، دوکتۆر قاسملوو، لە بواری هزر و ڕامانو هەروەها لە بواری پراکتیکدا چەند وانەیەکی بەنرخی داوەتە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە سەرنجپێدانیان لە قۆناغی ئێستاشدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێپەڕاندنی لەمپەر و قەیرانەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لێرەدا هەوڵ دەدرێ ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێ :

**– قاسملووو دێموکراسی:**

د. قاسملوو لە سەختترین قۆناغەکانی خەباتیشدا بەردەوام، هەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک و پابەندبوون بە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی لە چوارچێوەی مافەکانی ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە بنەما گرتوەو لە جێگیرکردنی کەلتووری ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی حیزب لە زۆر بواردا بە پێچەوانەی زۆربەی ڕێبەرانی سەردەمی خۆی، دەستپێشخەری نواندوە تاکوو فۆبیای ڕەخنەگرتن لە نێو ئەندامانی حیزبدا بەرەبەرە بسردرێتەوە.

ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی سوسیالیزمی مەوجوودو هێنانەئارای چەمکی سوسیالیزمی دیموکراتیک و ڕەخنەگرتن لە غایببوونی ئازادی لە نێو وڵاتانی سەربە بلووکی ڕۆژهەڵاتدا بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.



ناوبراو لە ڕێگەی بەستێنسازی مەعریفی بۆ چەمکە تازەکانو لە پێناو جێگیربوونیان لە بەرنامەی حیزبدا، ئەم ئەسڵەشی بە بەردەوامی پاراستوە کە نوێخوازی پێویستیی بە بەستێنسازیو ڕۆشەنگەرییە و ناکرێ تەنیا لە قالبی دروشمدا بانگەشەی بۆ بکرێ.

د. قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی خەباتی ئازادیخوازانەدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە پێویستی نرخدانو هەبوونی ئیدارەیەکی شۆڕشگێڕانە قاسملوودا واتای نەمانو تەسلیم بوونی هەبووە و هەرگیز حازر نەبووە بە بێئیمتیاز چەکی پێشمەرگە بێ دەنگ ببێ.

ناوبراو چەکی پێشمەرگایەتیی بە ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی پێناسە کردوەو تا ڕۆژی شەهیدبوونیو تەنانەت تا چرکەی کۆتایی ژیانیشی حازر نەبوو کە بە پاساوی هەبوونو درێژەی ڕەوتی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم ئامرازە بێ کەڵک بکا.

**– قاسملووو خەبات:**

قاسملووی ڕێبەر خەباتی چەکدارانەی بە سەرەکیترین ئامرازی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندیو هاوکات بەهێزترین پاڵنەرو هاندەری ڕێکخستنی کۆمەڵگەو گەشەی خەباتی مەدەنی لە نێو شارو لە نێو جەرگەی سیستمێکی دیکتاتۆری و جینایەتکاردا زانیوەو بە شێوەیەکی واقعبینانەش جیاوازیی خەباتی چەکدارانەی نەتەوەیەکی ژێر دەستی لەگەڵ هەڵسوکەوتی تێرۆریستیی گرووپە جۆراوجۆرە بناژۆخوازو ڕادیکاڵەکان لە جیهاندا شیکردۆتەوەو پێی لەسەر حەقانییەتی ئەم شێوە خەباتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا داگرتوە.

قاسملووی نەمر دابڕانی شۆڕشگێر لە جەماوەر و نەبوونی ستراتیژییەکی درێژخایەن بۆ خەباتی بە مەترسیی سەرەکی لەسەر تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات زانیوەو لەو چوارچێوەیەشدا بەردەوام هەوڵی داوە لە ڕێگەی تێنوگوڕبەخشین بە خەبات، پێوەندیی پێشمەرگەو خەڵک لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی دوور نەکەوێتەوە کاناڵی گواستنەوەی ورەو باوەڕی شۆڕشگێڕانەی هێزی پێشمەرگە بۆخەڵکی ستەم لێکراوو وەزاڵە هاتووی کوردستان تووشی لەمپەر نەبێو ئەگەر بمانەوێ لەیەک ڕستەدا کورتی بکەینەوە لە ڕوانگەی قاسملووەوە بۆ ئەوەی لە کوردستان بێهیوایی سەر هەڵنەدا نابێ هیچکام لە شێوەکانی خەبات-هەرکام لەجێگەی خۆیدا- ڕەت بکرێنەوە.

**مستەفا مەعرووفی: ئیمکانی ئەوە کە سەرکۆمار، ئەو تاکەکەسە، ببێتە مۆرەی بێ‌ئیرادەی ڕێبەر، زۆرە ـ هەر چەند لە خاتەمی بەم لاوە کێشەی سەرکۆمار و ڕێبەر زەق و ئاشکرایە. بەڵام هەزاران ئەندام لە شووراکاندا ئەو قەزاوەتەیان لەبارەوە دروست نیە. بۆیە بایکۆت ـ ئەگەر وای دابنێین سەرکەوتووش بێ ـ سووتاندنی تەڕ و وشک پێکەوەیە**

**حەسەن شێخانی: بە لەبەرچاو گرتنی نیشانە و دەرکەوتەکانی تا هەنووکە و قاعیدەی «تناوب» و پێویستییەکانی دەرباز بوون لە قەیرانی هەنووکەیی ئێران، دەکرێ ڕەشبین نەبین بە نیسبەت مامەڵەی ئەرێنیی لانی کەم میانەڕەوەکانی دوو ڕەوتی سیاسیی ناسراو لە گەڵ یەکتر؛بە مەرجێک حەسەن روحانی نەکەوێتە ژێر کاریگەری مەیلە ئیفراتی و توندئاژۆکانی دوو باڵ**

# خەسارناسی‌یەکی کورتی هەڵبژاردنی شووراکانی شار و دێ



مستەفا مەعرووفی

هەر چەند هەڵبژاردنی شووراکانی شار و دێ بوو کە خەڵکی کێشایە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام بۆخۆی کەوتە پەراوێزی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌یەوە. ئەوەی ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارەیە ئەوەیە کە شووراکان بەو سەڵاحییەتە ناتەواو و ناڕوونەش کە لە قانوونی ئەساسی‌دا بۆیان دیاری کراوەو بهو حاڵەش هەر پشتگوێ دەخرێن، بەڵام دیسان هەڵبژاردنیان گرنگیی خۆی هەیە. هەڵبژاردنی شووراکان هەرچەند تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس و بە تەواوییش لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆمار جیاوازە، بەڵام وەک هەموو هەڵبژاردنەکان بۆتە مەیدانی بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات لەسەر ئەو کاندیدایانەی خەڵک پشتیوانی‌یان لێ‌دەکەن و ئەو کاندیدایانەی دەسەڵات هەوڵ دەدا سەریان بخا.

ئەم وتارە هەڵبژاردن نە ڕەت دەکاتەوە و نە تەئیید دەکا. ڕەوتێکی سیاسیی ئەو کاتەی بە قازانجی دەزانێ لە هەڵبژاردن‌دا بەشدار دەبێ، ئەو کاتەش کە بە قازانجی نازانێ بایکۆتی دەکا وەک شێوەیەک لە نافەرمانیی مەدەنی کە شێوەخەباتێکی دیموکڕاتیک و ئاشتی‌خوازانەیە کەڵکی لێ‌وەردەگرێ. بەڵام هێزێکی سیاسی دەبێ بزانێ کەی هەڵبژاردن بایکۆت دەکا و کەی بەشدارە، تەنانەت کەی بایکۆتی ناکا کە فەرقی هەیە لەگەڵ بەشداری. ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە کەڵکی لە هەرسێ شێوە وەرگرتوە.

ڕوانگەیەکی ناسیاسی جاری وایە بەسەر کەشوهەوای هەڵبژاردنەکان‌دا زاڵ دەبێ. هێندێک جار مەسەلەکە ئەوەندە موتڵەق دەکرێتەوە کە کەسانێک پێیان وایە هەر کەس بچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان « مۆرەی» ڕێژیمە، ئەو بوچوونە ئاگای لەوە نیە کە ئەو ئیددیعایەی ڕێبەرانی ڕێژیم تەئیید دەکا کە دەڵێن: «بەشداریی خەڵک نیشانەی تەئییدی حکوومەتە.» جاری وایە هەڵوێستەکان لە ڕووی خوێندنەوەیەکی قووڵەوە ناگیرێن و بڕیاردەرەکانیان تووشی هەڵوێستی دژ بە یەک دەبن. لە هەڵبژاردنی دەورەی پێشووی سەرکۆماری‌دا هێزی وا هەبوو بەشداری لە هەڵبژاردنی بە خیانەت بە وڵات و نۆکەری بۆ ڕێژیم لەقەڵەم دەدا، بەڵام کاتێک ئەو کەسانەی بە دروشمی «کوا دەنگەکانمان»ەوە هاتنە سەر شەقام و کوژران، ئەوانەیان بە « شهید» ی وڵات و گەل ناو دەبرد!

بەشداری یان بایکۆتی هەڵبژاردن بۆ دوو دەستە لە خەڵک زۆر ئاسانە: کەسانێک لە هەموو هەڵبژاردنێک و لە هەموو هەلومەرجێک‌دا بەشدار دەبن. تەنانەت ئەوانەش هەموویان وەفادار بە ڕێژیم نین، ڕەنگە هۆی فەردی یان نیگەرانیی ژیان و گوزەرانیان هەبێ و وا تێگەیەندراون کە ئەگەر دەنگ نەدەن نانبڕاو دەبن!

کەسانێکیش هەموو هەڵبژاردنێک لە هەموو هەلومەرجێک‌دا بایکۆت دەکەن. ئەوانە مەسەلەی بایکۆت نەک وەک تاکتیک، بەڵکوو وەک ستراتیژی سەیر دەکەن. لە کاتێک‌دا خەڵکی ئێران بە گشتی و پێشتریش بە تایبەتی خەڵکی کوردستان دەنگی تاکتیکی‌یان داوە کە هەم پەیامی خۆیان بە دەسەڵات گەیاندوە هەم مۆرە و ڕوومای دیاری دەسەڵاتیان شکاندوە. هەر ئەوەشە کە ئەم دەستەیەی تووشی هەڵوێست و لێکدانەوەی دوور لە هەلومەرجی واقعیی کۆمەڵگا کردوە.

هەڵوێست لە بەرامبەر هەڵبژاردنی ئەم جارەی شووراکانی شار و دێ‌دا گەلێک دژوار بوو، بە تایبەتی بۆ ئەو لایەنانە کە ئیستیدلالی بە هێزیان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەبوو، بەڵام ئەو ئیستیدلالە بۆ هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێ گونجاو نەبوو. لە ڕاستی‌دا هەر لەبەر ئەم تێبینی‌یەش کۆماری ئیسلامی هەردووکی هاوکات بەڕێوە بردن. تەنانەت ـ کەمی باس کرا ـ هەڵبژاردنی (میان‌دورەای) مەجلیسی خیبرەگانیشی لەگەڵ خرا. سێ هەڵبژاردن لە یەک کات‌دا، سێ هاندەر و سێ هۆ بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان هاوکات دەستیان وێک دابوو، بەڵام ئەوی هەرە بەرچاو هەڵبژاردنی سەرکۆماری بوو. لەم بارەیەوە کۆماری ئیسلامی توانی خەڵک بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان بەڵام بەشی زۆری ئۆپۆزیسیۆن کە بایکۆتیان کردبوو نەیان‌توانی خەڵک ڕازی بکەن کە نەچن. با لەوە گەڕێین کە بەکارهێنانی بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەموو وەختێک لە جێی خۆی دایە یان نا، هۆی ئەم بارودۆخە دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی‌نەکردن لە نێوان هەڵبژاردنەکان و هەلومەرجەکانیان‌دا.

هەڵبژاردنی سەرکۆمار دیاردەیەکی سیاسی‌یەو دەنگدان لەم پرۆسەیەدا کارێکی سیاسی و سەرکۆمارییش لە ئیدارەی سیاسیی وڵات دایە، بەڵام شووڕا بەر لەوەی کاری سیاسی بێ، کاری ئیداری‌یە. خەساری سەرەکی لەم پێوەندی‌یەدا بۆ هێزە سیاسی‌یەکان ئەوە بوو کە ئەو هەڵوێستەی لەبەرامبەر هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا گرتیان، لە بەرامبەر شووڕاکانیش‌دا گرتیان.

هەڵبژاردنی سەرکۆمار دیاردەیەکی سەرانسەری‌یە. دەکرێ کەسێک هەڵبژاردنی سەکۆماری بایکۆت بکا بەو ئیستیدلالەوە کە کاندیدەکان هیچ کامیان بەرنامەیەکیان نیە کە چاوەڕانی‌یەکانی وی بگرنە خۆ، یان سڕینەوەی فەرق و جیاوازی‌یە نەتەوەیی و ئایینی‌یەکانیان لە بەرنامەدا نیە، بەڵام هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێ ئەو ئیستیدلالە ناگرێتەوە.

بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆمار بایکۆتی دەنگدان بە چەند کەسە (ڕەنگە ٢ تا ٧،٨ کەس) بەڵام بایکۆتی هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێ بایکۆتی دەنگدان بە دەیان هەزار کەسە کە هەر کەسەی سەدان کەسی بە دەورەوە هەیە و بەم جۆرە تۆڕێکی بەرینی دەنگدەران پێک دێ کە خۆ لە میلیۆنان کەس دەدا.

ئیمکانی ئەوە کە سەرکۆمار، ئەو تاکەکەسە، ببێتە مۆرەی بێ‌ئیرادەی ڕێبەر، زۆرە ـ هەر چەند لە خاتەمی بەم لاوە کێشەی سەرکۆمار و ڕێبەر زەق و ئاشکرایە- بەڵام هەزاران ئەندام لە شووڕاکان‌دا ئەو قەزاوەتەیان لەبارەوە دروست نیە. بۆیە بایکۆت ـ ئەگەر وای دابنێین سەرکەوتووش بێ ـ سووتاندنی تەڕ و وشک پێکەوەیە. ئەم جار ئەوەی نەشی‌دەویست بۆ سەرکۆماری بچێتە سەر سندووقی دەنگدان، بۆ شووڕاکان چوو و لەوانەشە مادام چووە دەنگی بۆ سەرکۆمارییش دابێ، داخوا واقیعیتر نەدەبوو ئەگەر حیسابی ئەم دووانە لێک جیا کرابایەوە و خەڵک هان درابایەن دەنگ بە کەسانی : موسبەت» بدەن؟

هەرچەند ئەمە باسی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس نیە، بەڵام ئەو خەسارناسی‌یە تا ڕادەیەک هەڵبژاردنی ئەوانیش دەگرێتەوە.

# حەسەن رووحانی لە روانگەی ئوسوولگەراکانەوە



حەسەن شێخانی

ڕەوتە سیاسی‌یەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتە سیاسی-کۆمەڵایەتی‌یەکان دوو ڕێکار دەگرنە بەر:١) بەشێکیان بە دوور لە خەیاڵپڵاوی سیاسی، پرۆپاگەندا، خولیاو ئاواتەکان، دان بە ڕاستی‌یەکان‌دا دەنێن و ڕاستی‌یەکان وەک هەن، دەبینن. ئەگەر سیاسەتەکانیان لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە پەسند نەکران، بێ دەمارگرژی‌و واقعبینانە بە سیاسەتەکانیان‌دا دەچنەوە و خەسارناسیی خۆیان دەکەن.

٢) بەشێکی دیکە هەوڵ دەدەن ڕاستی‌یەکان لە چوارچێوەی هەڵوێستو سیاسەتی ڕاگەیەندراو بترینجێنن. شیکردنەوەی دڵخوازی خۆیان لە ڕووداوەکان پێشکەش دەکەن‌و ڕاستی‌یەکان وەک هەن، نابینن؛ چونکە لە وانەیە قبووڵی ڕاستی‌یەکان شرۆڤەو بۆچوونەکەنی پێش ڕووداوەکە، پووچەڵ یان ڕەد بکاتەوە.

پرسیاری ئەم وتارە ئەوەیە کە ئوسوولگەراکان چۆن لەگەڵ هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی مامەڵەیان کردو بە چ شێوەیەک ڕووبەڕووی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بوونەوە؟

## لێکدانەوەی یەکەم:

«آیت‌الله موحدی کرمانی»یەکێک لە پێش‌نوێژەکانی هەینیی تاران دەڵێ: «ڕووحانی بە هەق شایانی ئەم پۆستەیە، هەم پیاوێکی سیاسی‌یەو هەم پیاوێکی مەزهەبی. ئەو بەڕێوەبەرێکی بە تواناو شیاوە. مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو پێڕەوی ویلایەتیی فەقیهە«. لەبەر ئەوەی کە وتاری سیاسیی نوێژی هەینیی تاران دەکرێ وەک سیاسەتی فەرمیی حکوومەت لە قەڵەم بدرێ، ئەم بۆچوونە نیشانەی تێڕوانینێکی پۆزەتیڤە بە نیسبەت حەسەن ڕووحانی‌یەوە.

عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە یەکەم وتاردانی دوای هەڵبژاردنەکان‌دا دەڵێ:»بەڕێوەبردنی وڵات کارێکی دژوارەو هەموو تاک و دەزگاکان دەبێ یارمەتیی سەرکۆمار بدەن». هەر دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، سپای پاسدارانیش لە بەیاننامەیەک‌دا پشتیوانی‌و هاوکاریی تەواوی خۆی لە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی ڕادەگەیەنێ. ئەمانە و چەند لێدوان‌و دەربڕینی دیکە سەلمێنەری ئەوەن کە ئوسوولگەراکان لە سەرکەوتنی حەسەن ڕووحانی زۆر نەقایل نین‌و بە ڕوانگەیەکی زۆرتر ئەرێنی‌یەوە لە گەڵ ئەم سەرکەوتنە بەرەوڕوو بوونەوە.

ئەمیر موحبیان یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی ڕەوتی ئوسوولگەرا لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی ڕیسالەت‌دا دەڵێ: «لەبەر ئەوەی حەسەن ڕووحانی پێوەندی‌یەکی باشی لەگەڵ ئوسوولگەرا میانەڕەوەکان هەیە و لەگەڵ توندڕەوەکانی باڵی ڕیفۆرمخواز بەراورد ناکرێ، ئوسوولگەراکان لە سەرکەوتنی، دڵسارد نەبوون و بە ڕوانگەیەکی ئەرێنی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم سەرکەوتنەدا کرد». بەڵام موحبیان هەرلەو کاتەدا هۆشداری دەدا کە توندئاژۆکانی هەر دوو باڵ، بۆ ناکارانیشاندانی دەوڵەت چاوەڕێی دەرفەتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بێ‌بەرنامە، دەبێتە هۆی شکستی دەوڵەتی ئیعتیدال.

## لێکدانەوەی دووەم:

«حجت الاسلام حاج سادقی»

جێگری نوێنەری وەلی فەقیهـ لە سپای پاسداران دا، لە شرۆڤەیەک‌دا لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەڵێ: «دوژمن هەوڵی دا کەسێک ببێتە سەرکۆمار کە یان ئوسوولگەرایەکی توندڕەو بێ کە لەهەمبەر وان‌دا ڕاوەستێ‌و دژایەتی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەمریکا بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە، بۆ ئەوەی بیانووی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توند لە دژی ئێران بە دوژمن بدا، یان سەرکۆمارێکی پاسیڤ هەڵبژێردرێ کە دوژمن وەک ئاغای خۆی چاو لێ‌بکا و، دوالیزمێک کە دوژمن بە دوای‌دایە، لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا پێک بێنێ... شوکور بۆ خوا سەرکۆمارێکی ڕەخنەگر بەڵام پابەند بە پڕەنسیپەکان هەڵبژێردرا».

ئەم وتانە دەکرێ وەک مامەڵەیەکی عەقڵانی‌و پراگماتیستی لەگەڵ هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی لە قەڵەم بدرێن. ئەم وتانە دەری‌دەخەن کە مەیلێکی بەهێز لە نێو سیستم‌دا دۆخی قەیراناویی ئێران وەک هەیە، دەبینێ و شرۆڤە دەکا. خوێندنەوەی دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ٩٢دا سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە. لەم پێوەندی‌یەدا سەعید حەجاریان تیۆریسیەنی ڕیفۆرمخواز نەبوونی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان‌دا و مامەڵەی زۆرتر ئەرێنیی ئوسوولگەراکان لە گەڵ ئاکامەکانی، بە نیشانەیەک دەزانێ کە سیستم قەیرانێکی کە پێشتر حاشای لێ‌دەکرد، قبووڵ کردوە.

## لێکدانەوەی سێهەم:

ئوسوولگەراکان حەسەن ڕووحانی لە خۆیان دەزانن بە ڕادەیەک کە گوتاری ناوبراو بە گوتارێکی ئوسوولگەرایی یان گوتارێک کە وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ دیسکۆرسی ئوسوولگەراکان هەیە، لە قەڵەم دەدەن. سەیری لێدوانی «حجت الاسلام مێهدی تائێب» سەرۆکی بنکەی ستراتژیکیی عەممار بکەن کە دەڵێ:»دروشمی ئیعتیدال کە ڕووحانی هەڵی‌گرتوە بە واتای ئەوەیە کە بازنەی ئینحرافی‌و ڕەوتی ڕادیکاڵی ڕیفۆرمخوازەکانی قبووڵ نیەو دەیەوێ ڕەوتێکی میانەڕەوانە بگرێتە بەر، ئەو شتەی کە ئوسوولگەراکان لەم ساڵانەی دوایی‌دا جەختیان لە سەر کردوە و لە بارەی زیانەکانی ئەم جموجۆڵانەوە هەڵوێستیان گرتوە؛ واتە ئوسوولگەراکان بە شێوەیەکی تیۆریکو باوەڕمەند هەم ئینحرافیان ڕەد کردۆتەوە و هەم دژایەتیی ڕەوتی توندڕەوی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازیان کردووە«.

حوسێن شەریعەتمەداری نوێنەری وەلی فەقیهـ لە دەزگای کەیهان‌دا، بە تایبەت لە دوو سەروتاری ڕۆژنامەی کەیهان بە ناوەکانی»از پلاک شروع کن»و خواب تازه اصحاب فتنه«دا گوتاری حەسەن روحانی بە گوتارێکی ئوسوولگەرا یان گوتارێک کە تەبایی‌یەکی زۆری لەگەڵ دیسکۆرسی ئوسوولگەرایی هەیە، ناودێر دەکا.

یەکەم: ئەوەی کە ئوسوولگەراکان حەسەن ڕووحانی بە کەسێکی نزیک لە خۆیان (یان لە خۆیان) دەزانن دەتوانێ یارمەتیدەری ناوبراو بێ؛ بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە کە ڕوانگەی ئوسوولگەراکان، لە سەرکەوتن یان شکستی دەوڵەتی ڕووحانی‌دا ڕۆڵی گرنگی هەیە. هەموومان لە بیرمانە کە محەممەد خاتەمی لە بەرەبەری کۆتایی خولی دووەمی سەرکۆماری‌دا دەیگوت کە باڵی بەرامبەر کۆسپیان زۆر بۆ دروست کردوە و زۆریان بەرتەسک کردۆتەوەو ئەو تەداروکاتچی‌یەک زیاتر نەبووە.

دووەم: ئەم ڕوانگەیە لە لایەن بەشێکی دیکە لە ئوسوولگەراکان کە زیاتر بە بەشی میانەڕەوو نەریتی ناودێر دەکرێن، خرایە بەر ڕەخنەو ئەم تێڕوانینەیان وەک شرۆڤەیەکی دڵخوازی ئاکامی هەڵبژاردنەکان‌و هەڵاتن لە ژێر باری شکست وێنا کرد. ئەم بەشە لە ئوسوولگەراکان پێیان وایە دەبێ ڕاستی‌یەکان وەک هەن ببینن‌و دان بە شکست دا بنێن‌و خەسارناسی ڕوانگەو سیاسەتەکانیان بکەن.

کازم جەلالی سەرۆکی فراکسیۆنی ڕەهروانی ویلایەت لە پارلمانی ئێران‌دا کە زۆرینەی ئوسوولگەراکانی نێو مەجلیس لە خۆ دەگرێ، دەڵێ:»پێویستە ئوسوولگەراکان خەسارناسیی خۆیان بکەن‌و بە لێکدانەوەی هەڵە لە ژێر باری بەرپرسیارێتی دەرنەچن‌و بێ‌هۆ لە هەر ڕووداوێک‌دا خۆیان بە سەرکەوتوو نەزانن، کە خەڵک ئێمە بە پۆپۆلیست لە قەڵەم بدا. دەبێ بەرپرسیایەتیی کەموکوڕی‌یەکانمان وەئەستۆ بگرین‌و دیاردە سیاسی‌یەکان دیزەبەدەرخۆنە نەکەین».

## ئەنجامگیری:

هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ٩٢ بە پێچەوانەی زۆربەی شرۆڤەکان، چەشنێک هێوری‌و سازگاری و تەبایی هێنایە ئاراوە. ڕوانگەو مامەڵەی ئوسوولگەراکان لەگەڵ هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە. هەم کۆمەڵگەی ئێران‌و هەم مەیلگەلێک لە نێو سیستم‌دا عەودالی پێکەوەگونجانن‌و لە شەڕە قسەو باڵباڵێنی پێشوو ماندوو بوون و بە زیانی ئێرانیشی دەزانن؛ لەم نێوەدا کەسایەتیی میانەڕۆی حەسەن ڕووحانییش دەتوانێ یارمەتیدەری ئەم مەیلانە بێ.

بە سەرنجدان بەوە کە حیزبایەتی لە ئێران پێگەیەکی قایمی نیە و شانۆی سیاسیی ئێران زۆر پێشبینی‌کراو نیە، ئەوەی لەم وتارەدا لە مەڕ روانگەی ئوسوولگەراکان بە نیسبەت حەسەن ڕووحانی گوترا، لەوانەیە لە داهاتوودا گۆڕانی بەسەردا بێ.

بە لەبەرچاوگرتنی نیشانەو دەرکەوتەکانی تا هەنووکەو قاعیدەی «تناوب» و پێویستی‌یەکانی دەربازبوون لە قەیرانی هەنووکەیی ئێران، دەکرێ ڕەشبین نەبین بە نیسبەت مامەڵەی ئەرێنیی لانی کەم میانەڕەوەکانی دوو ڕەوتی سیاسیی ناسراو لە گەڵ یەکتر. بە مەرجێک حەسەن ڕووحانی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی مەیلە ئیفراتی‌و توندئاژۆکانی دوو باڵ؛ بە قەولی حسێن شەریعەتمەداری، ئەگەر نەکەوێتە ژێر کاریگەریی «ئەسحابی فیتنە« (بیخوێنەوە ڕیفۆرمخوازە توندڕەوکان)و لە هەڵبژاردنی کابینەکەی‌دا وردبینی پێویست بکا.



**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لەو لایەنەوە چالاکانو ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە هۆی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستیان کورتەو ناتوانن بەوجۆرەی پێویستە چالاکییان هەبێ، بەڵام ڕێگەی دیکە هەیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کەلتووری «ژنکوژی». حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ و ئەرکە لەسەر شانیان لە پێناو پێشگیری لەم جینایەتە لە کوردستان، هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوەو بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانیان تەرخان بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جینایەتی «ناموسی»**

# با نەهێڵێن مێژوویەکی شەرماوی بۆ نەتەوەکەمان تۆمار بکرێ!



کوێستان فتوحی

## قەتڵی «نامووسی»

قەتڵی «نامووسی» مێژوویەکی بە درێژایی تەمەنی سیستمی پیاوسالاری لە جیهاندا هەیە، بەڵام لە هەموو جیهان و لە نێو هەموو میللەتاندا وەک یەک نەبووە و نیە.

قەتڵی «نامووسی» یان جینایەتی «نامووسی» بەو قەتڵە بنەماڵەییانە دەگوترێ کە زۆرتر قوربانییەکانی ژنان و کچانن و بە دەستی پیاوانی بنەماڵە دەکوژرێن. کوشتنەکە بەناوی ئەوەی ئەو ژنە یان ئەو کچە «شەرەف»، یان «نامووس»ی بنەماڵەکەی کە دەبێتە ئابڕووی بنەماڵە لەکەدار کردوە، ڕوو دەدا.

ژن ، نامووس، پیاو!

«نامووس» چیە کەوا هەر لە لایەن ژنانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە و پیاوان دەبێ ژنانی لەسەر سزا بدەن؟ لە پێناسەی کۆمەڵگەی کورددا، مێیینەکانی بنەماڵە نامووسی پیاوانی بنەماڵەن. «نامووس» ئەو چەمکەی ژنی کردۆتە کالایەک و بۆتە هۆی چەوسانەوە و ئازاردانی ژن لە لایەن پیاوەوە.

زۆربوونی قەتڵە «نامووسییەکان» لە نێو کورددا لەم ڕۆژانەدا وای کرد کە بە نووسینی چەند دێڕێک لەسەر ئەم حاڵەتە کە بەداخەوە خەریکە لە کۆمەڵگەی کورددا دەبێتە دیاردە، جارێکی دیکە بێزاریی خۆم لەم کردەوە شەرماوییە دەربڕم.

**کارکردن لەسەر دابونەریت و کەلتوور بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە. چونکە دامودەزگا فێرکاری و پەروەردەییەکان بە دەست دەسەڵاتەوەن. دەسەڵات دەتوانێ لە ڕێی پەروەردەوە ڕوانینەکان بەرانبەر بە هەر شتێک بگۆڕێ یان بچەسپێنێ. لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێکە لەو، پەروەردەیەکی هەتا بڵێی پڕ لە نادادپەروەری و دژایەتی لەگەڵ ژنان لەئارادایە. هەر ئەوەشە وای کردوە کەلتووری «ناموس پارێزی» و ژنکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ڕوو لە زیاد بوون بکا.**

کۆمەڵگای کورد، کۆمەڵگایەکی ئایینیو سوننەتییە. لە قانوون، عورفو کەلتووری کۆمەڵگای ئایینی و سوونەتییشدا، ژن وەک کالایەکی جینسی چاوی لێکراوە، ئەو کالایەش ساحەبی هەیە کە پیاوە واتە (باوک، براو مێرد) دەتوانن ساحەبی بن. ژن موڵکی ئەوانەو ئەوان چۆنیان پێخۆشە ئاوا ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن. بۆیە ژنیش دەبێ بە دڵی ئەوان هەڵسوکەوت بکا و هەموو خواستو ئارەزوو و مافەکانی دەبێ وەک کەرەسەیەکی بەنرخ بۆ پیاو هەڵبگرێ! ئەم کەرەسەیە ناوی «نامووس»ە، و دەبێ زۆر بەئەمانەتەوە بۆی بپارێزێ! بە پێچەوانەی ئەوە، لەلایەن ئەوانەوە تووشی خراپترین سزا دەبێتەوە. لە کەلتووری کۆمەڵگای کوردستاندا ڕەوشی بنەماڵەو کۆمەڵگە لە جەستەی ژندا پێناسە کراوە، هەر بۆیە ژن بۆخۆی خاوەنی جەستەی خۆی نیە. واتە جەستەی ژن لە ئیختیارو کۆنترۆڵی پیاوانی بنەماڵەدایە. بۆیە هەر لادانێک لە خەتی سووری ئەوان وەک سووکایەتی بە پیاوان و ئابڕووی بنەماڵە چاو لێدەکرێ و سزاکەشی هەر پیاوان دیاریی دەکەن.

خانمی مێهرئەنگیزی کار مافناس و چالاکی ماقی مرۆڤ، لە سەر ئەو بڕوایەیە کە قەتڵە نامووسییەکان زۆرتر لەو کۆمەڵگایانەدا ڕوو دەدەن کە بە زۆری موسوڵمانن. لەو کۆمەڵگایانەدا قانوون و ڕێوشوێنەکان، زۆرتر پشتگری لە قاتڵەکە دەکەن و بە دژی قوربانییەکەن. قانوونی وڵاتانی موسوڵمان وەرگیراو لە شەریعەتی ئیسلامە. ئیسلامیش سنووربەندییەکی تایبەتیی لە نێوان ڕەگەزی ژن و پیاودا کردوە. لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕەگەزی پیاو بەبیانووی پارێزگاری لە «شەرەف» زۆرجار بە عەمد هاوسەری، خوشکی، تەنانەت دایکی خۆی دەکوژێ، بەڵام لە قانووندا سزای بۆ لەبەرچاو نەگیراوە یان ئەگەریش گیرابێ، بەپاساوی جۆراوجۆر تاوانبار لە سزا ڕزگار دەکرێ. هەربۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا ژنکوژی لە پەنا قانووندا کراوە بە کردەوەیەکی ڕێگەپێدراو و مەشرووع.

لە کۆمەڵگە نەریتی و دواکەوتووەکاندا ژن لەگەڵ دۆخێکی پڕ لە توندوتیژی و نادادپەروەرانە ڕووبەڕوویە. ئەمە جگە لە قانوونی وڵاتەکە کەلتوور و نەریتیش بوونەتە هۆی پێشێلکردنی مافەئینسانییەکانی ژن. هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی ژن بە شک و گومانەوە سەیری دەکرێ. تەنانەت قسەکردن، پێکەنین و هەرجۆرە پێوەندییەکی ژن لەگەڵ پیاو دەیانجۆر تەفسیری بۆ دەکرێ و زۆر جار قسەکردنێکی ئاسایی کچێک لە گەڵ کوڕێک، ئەو تەفسیرەی بۆ دەکرێ کە ئەمە ڕێوشوێن و بایەخە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە یان بنەماڵەی لەژێر پێ ناوە. بۆیە هەمیشە ژن مرۆڤێکی مەحکووم کراوە و سزاکەشی لە لایەن پیاوانی بنەماڵەوە دیاری دەکرێ، کە بەداخەوە زۆرجار بە قەتڵ کۆتایی هاتوە.

*شەیدای تەمەن ١٦ ساڵ و دایکی منداڵێکی ٢ ساڵانە ساڵی ١٣٨٨ لە لایەن براکەیەوە بە چەقۆ گیانی لێسەندرا. ئەو لە کاتێکدا کوژرا کە لە سەر شەقامێک لەگەڵ پیاوێک خەریکی قسەکردن بوو.*

*پیاوێک پاش ٢٩ ساڵ ژیانی هاوبەش بە هۆی گومانێکەوە بەبەر چاوی منداڵەکانیەوە هاوسەرەکەی خۆی کوشت.*

*لە دێیەکی مەریوان، دڵبەر خوسرەوی بەهۆی ئەوەی دەیەویست لە مێردەکەی کە بە زۆر پێیدرابوو جیا بێتەوە، لە لایەن باوکیەوە سەری بڕا.*

*لە سەقز، «شنۆ فەرهادی» بە هۆی ڕازینەبوون بە شووکردنی زۆرەملی، بە دەستی براکەی کوژرا.*

*لە دێیەکی مەریوان «فرشتە نەجاتی» کە ١٨ ساڵ لە مێردەکەی چووکتر بوو بە نیازی لێجیابوونەوەی، گەڕابۆوە ماڵی باوکی. بە تاوانێکی ئیسباتنەبوو کە گۆیا لەگەڵ پیاوێکی دیکە پێوەندیی هەبووە لە لایەن باوکیەوە سەری بڕا.*

*تازەترین قوربانی هەڵاڵە خزرییە کە ١٠ ساڵ بوو لە وڵاتی نۆرویژ دەژیا، گۆیا بە هۆی «کێشەی کۆمەڵایەتی»! چەند حەوتوو لەوە پێش بە دەستی مێردەکەی کوژرا! هەروەها دنیا میری لە کرماشان بە دەستی باوکی کوژرا.*

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی زۆر کەم بوون لە جینایەتی بە ناو «نامووسپارێزی» لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا. لیستە دوور و درێژەکەی باشووری کوردستانیش لێرەدا جێگای نابێتەوە!

### قەتڵی «نامووسی» لە هەر فەرهەنگ و کۆمەڵگەیەکدا بێ جینایەتێکی دژیئینسانییە

ئایا کوشتن بە ناوی «شەرەفپارێزی» لە کۆمەڵگەی کوردستان بە –هەموو بەشەکانیەوە – ڕوو لە زیاد بوونە؟ لەوبارەیەوە ناتوانین بەشێوەیەکی قەتعی هیچ بڵێین، چونکە ئامارێکی ڕەسمی و دروست لەلایەن هیچ دامودەزگایەکی دەوڵەتەکانی ئەم بەشانەوە بڵاو نابێتەوە و تەنانەت زۆرجار ئەم قەتڵاتە لەنێو بنەماڵەکاندا بەشاراوەیی دەمێننەوە. بەڵام بە ڕوانینێک لە لاپەڕەی میدیاو ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا، دەتوانین تا ڕادەیەک قووڵایی ئەو کارەساتەمان لە کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەت باشووری کوردستان بۆ دەرکەوێ و بڵێین بەداخەوە ئەم جینایەتە لە حاڵی پەرەسەندندایە. نە ئەو هەموو ڕێکخراوەی ژنان و قسەو نووسراوانەی چالاکانی مافەکانی ژنان کاریگەرییان هەیە، نە قانوونەکانیش لەوبارەیەوە ڕاستەوخۆ ڕێگری لەم جینایەتە مرۆییە دەکەن. بە واتایەکی دیکە نووسینی قانوون بەس نیە، گرنگ چاوەدێری و بەڕێوەبردنی قانوونە.

لە ئێران سیستم و قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە ژنانن و دەتوانین بڵێین لە پەرەسەندنی کەلتووری «شەرەفپارێزی»دا کاریگەریی زۆری هەبووە. بە هەموو پێوەرەکان ئەو ڕێژیمە بوون و نەبوونی ژنی بەلاوە گرنگ نەبووە و نیە. ئەسڵەن کێشەکۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە جێگەی بایەخ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراو و چالاکانی مافەکانی ژنان بە هۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە دژایەتیی لەگەڵ هەر چالاکییەکی مەدەنی و ئازادیخوازی هەیە بەو شێوەیە نەیانتوانیوە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگە و ئاگاییبەخشین بە خەڵکدا، چالاکیی بەرچاویان هەبێ.

دیارە کارکردن لەسەر دابونەریت و کەلتوور بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە. چونکە دامودەزگا فێرکاری و پەروەردەییەکان بە دەست دەسەڵاتەوەن. دەسەڵات دەتوانێ لە ڕێی پەروەردەوە ڕوانینەکان بەرانبەر بە هەر شتێک بگۆڕێ یان بچەسپێنێ. لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێکە لەو، پەروەردەیەکی هەتا بڵێی پڕ لە نادادپەروەری و دژایەتی لەگەڵ ژنان لەئارادایە. هەر ئەوەشە وای کردوە کەلتووری «نامووسپارێزی» و ژنکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ڕوو لە زیاد بوون بکا.

دیارە لە دەورانی ڕێژیمی شادا قانوونی سزادانی گشتی لە زۆر بارەوە مۆدێرن و هەماهەنگ لەگەڵ واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئەوکات بوو ، بەڵام کە دەگەیشتە سەر قەتڵی نامووسی هەر بەوجۆرە بوو کە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەڕێوەی دەبا.

### بێدەنگی بۆ؟

ڕۆژ نیە ئێمە شاهیدی هەواڵێکی دڵتەزێنی کوشتن بە تاوانی «نامووسی» یان خۆکوژی ژنێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبین. کەچی ڕووناکبیرانی کورد دانەچڵەکین و هەڵوێستێکی جیدییان لێ نابینرێ. یەکێک لە تراژیدییەکان ئەوەیە کە ڕووناکبیران و نوخبەکانی وڵات لە ئاست کێشەیەکی ئاوادا متەقیان لێوە نایە. ئەم هەموو میدیا و کاناڵە مەجازییە هەیە، گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە هەیە، بەڵام قسەیەکی جیددی لە ڕووناکبیران و نوخبەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بە دژی ژنکوژی بەدی ناکەین. کارێکی ڕەوشەنگەرانە، و هەڵمەتێکی گشتی و سەرانسەری کە کەسایەتی و تاکە شوێندانەرەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تێیدا بەشدار بن، نابینین. ئەم هەموو خۆکوژی و کوژرانی «ناموسی»یە دەبیسرێ و دەبینرێ کەس بەرپرسیارانە لێی ناڕوانێ و لە هۆکارەکانیان ناپرسێتەوە.

لە باشووری کوردستان ئەو هەمووە زانکۆو ناوەندە زانستییە هەیە، بە دەگمەن لێکۆڵەرێک، خوێندکارێک، خاوەن بڕوانامەیەک دەبینین کە توێژینەوەیەک لەسەر دۆخی نالەباری ژنانی کورد بکا. ڕێکخراوێکی ژنان جارێک لەسەر ئەو کوشت وکوشتارە شەقامی نەهەژاندو هەڵوێستێکی جیدیی نەگرت. پارلمانتارێکی ژن و پیاو وەها دەنگی هەڵنەبڕی کە کۆمەڵگە لە گەڵ خۆیدا بهەژێنێ. یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی ئەو دۆخەی ژنان لە باشووری کوردستان، نەبوونی هێزێکی کاراو چاوەدێرە کە وەڵام و ڕوونکردنەوە لە هەر مەقام و ناوەندو دامەزراوێک بخوازێ.

ئاستی کەلتوری و ڕۆشنبیریی خەڵک لەپێوەندی لە گەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخوارێیە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە سەر شەقام پیاوان پێکەوە بەشەڕ دێن، دایک و خوشک و هاوسەری یەکتر وەبەر هێرشی جوێن و قسە سووکەکانیان دەدەن.

### ئەم جینایەتە کۆتایی پێنەیە کورد مێژوویەکی ڕەش بۆخۆی تۆمار دەکا!

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدا دەبێتە مێژووی سبەینێمان. کوردستان بەگشتی هەموو پارچەکانی بۆ زۆر مەسەلە چاوی هیوایان بڕیوەتە ئەوبەشە ئازادکراوەی کوردستان. بەڵام دەبێ بڵێم بەداخەوە باشووری کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی مافەکانی ژناندا نموونەیەکی باش نەبووە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

کۆمەڵگە هەر بە دروستکردنی ویلاو شاری خەونەکان پێش ناکەوێ. کاربەدەستان و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژ نیە بەردی بناغەی بازاڕێک، کۆشک و تەلارێک دانەنێن، بێئەوەی خەمێکیش لە ناخ و دەروونی ئەو هەموو منداڵانە بکەنەوە کە ڕۆژانە شاهیدی لێدان و ئازاردان و تەنانەت کوشتنی دایک و خوشکەکانیانن. جوانکردنی ڕوخساری شەقام و شارەکان چ نرخێکی هەیە کە کەلتوورەکەمان لە دیاردە ناحەزەکان پاک نەکەینەوە؟ بۆ دەبێ بەرەوژووربردنی وشیاریی کۆمەڵگە بکەوێتە پەراوێزی هەموو پرۆژەکانی دیکەوە؟!

کورد بە نەتەوەیەکی خەباتکاری ڕێگای ئازادی و ئازادیخوازی خۆی پێناسە دەکا. بە شانازییەکانمان دەنازین کە لە پێناویاندا دەیان ساڵە خەبات دەکەین و قوربانییان بۆ دەدەین. بەڵام قەتڵی «نامووسی» خەریکە لە دنیای دەرەوە ڕوخساری کورد ناشیرین و بێزهەستێن دەکا. ژنکوژی بە پاساوی «شەرەفپارێزی» جینایەتێکی ئاشکراو دژی ئینسانییە و بە هیچ جۆر نابێ چاوپۆشیی لێبکرێ. لەنێو هەر کۆمەڵگەو نەتەوەیەکدا ڕوو بدا، جینایەتێکی ئینسانییە. لە نێو کورددا ئەگەر مێژوویەکی هەیە، لە کەلتووری چ وڵاتێک وەرگیرابێ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ جینایەتەکە لە نێو نەتەوەکەی ئێمەدا ڕوو دەدا.

کورد ئەمڕۆ قسە لە ئازادی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکا، کەچی نوقمی کۆمەڵێک دیاردەو سوننەتین کە نەک ناتەباییان لەگەڵ ئەم چەمکانە هەیە، بەڵکوو ڕێگرێکی

ل ٩



**خالید تەوەککولی: گوتاری دەرەوە، هێشتا لە ژێر کاریگەریی چەمکی قوربانیدانو ئەندێشەی ناسیۆنالیسم و چەپی لێنینی‌دایە. ئەو چەمکو تیۆری‌یانەی کاری پێ‌دەکەنو ڕووداوەکانی پێ تەحلیل دەکەن زۆر گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە**

**خالید محەممەدزادە: «خواستی تەحریمو خواستی بەشداری هاوتەریب لە گەڵ یەک چوونەتە پێش. هەر دوو لا لێکدانەوەی جیاوازیان بۆی هەیە، لە سەر یەک ئەمە دەتوانێ تەعبیر لە جیاوازی‌یەکانی کۆمەڵگا بکا، بەڵام ئەگەر بکرێ ئەو جیاوازی‌یانە لە فۆرمێکی هاوبەشی دیموکراتیکدا کۆ بکرێنەوە بێگۆمان کاریگەریی باشتری دەبێ**

# گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات

هەوپەیڤین: سمایل شەرەفی

**سەرهەڵدانی ڕەوت و ڕوانینی جیاواز لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، چ لە قالبی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی‌داو چ لە ڕووی ڕەفتاری سیاسیی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە، گومانی لە سەر یەکدەست بوونی گوتاری سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕوو بە دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران، ساز کردوە.**

**وردە جیاوازی‌یەک لە خوێندنەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بۆ چۆنیەتیی درێژەدان بە خەباتی سیاسی بەرانبەر بە نیزامی سیاسی لە ئێران لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە ڕەفتاری سیاسیی خەڵک بە گشتی و چالانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە تایبەتی، بۆچونێکی هێناوەتە ئاراوەکە پێی وایە چی‌دیکە گوتاری سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەنیا هی حیزبە سیاسی‌یەکان نیە.**

**بە وردبوونەوە لە هەڵوێستی حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان بەرانبەر بە چەند پرسێکی گشتی لە ئێران و یەک لەوان پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و، بە هەڵوێستەکردن لە سەر چۆنیەتیی ڕەفتاری سیاسیی خەڵک بەرانبەر بەم پرسانە، هەست دەکرێ جۆرێک نەخوێندنەوەی یەکتری لە کۆمەڵگای سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بەرچاو دەکەوێ.**

**ئاکامی دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران تا ڕادەیەکی بەرچاو هێزی بەم گومانە بەخشیوە کە لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەرەوەو ناوەوەی وڵاتەوە، دوو خوێندنەوەی جیاواز لەئارادا هەیە.**

**باسکردن و بەستنەوەی ئەم دوو خوێندنەوەیە تەنیا بە بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە لایەن حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکان لە لایەک و هەڵوێستی خەڵک بۆ بەشداری‌کردن لە لایەکی دیکەوە، لەوانەیە قەزاوەتێکی بەپەلە بێ. بەڵام لێرەدا تەنیا مەبەست لە باس‌کردن لە ئەگەرەکانە کە ئایا ئەو دوو خوێندنەوەیە تا چەندە دەکرێ لە قالبی دوو گوتاری لێک‌جیاوازدا خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و لایەنە ئەرێنی و نەرێنی‌یەکانی شکڵگرتنی ئەم دوو گوتاری‌یە کامانەن؟**

**لە پێوەندی لە گەڵ ئەو جیاوازی و فرەڕوانگەیی‌یەدا کە لەسەر کارکردن بۆ داوا سیاسی‌یەکانی کورد لە ئێران لە نێو نوخبەی سیاسیی نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان دروست بووە چەند بۆچوونێکی جیاواز لە ئارادایە. ڕۆژنامەنووس، خالید محەممەدزادە و موختار زاریعی، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە شاری سنە بە گومانەوە دەڕواننە ئەم باسەو پێیان وایە ناکرێ ئەم ڕوانگانە وەک دوو گوتارو دیسکۆرسی جیاواز ببینرێن. ناوبراوان لە لێدوانی تایبەتیان بۆ «کوردستان»دا پێیان وایە ئەم ڕوانگە جیاوازانە پێش ئەوەی گوتار بن، کاردانەوەن بەرانبەر بە پرسێکی تایبەت یان بە کردەوەیەکی دەسەڵات لە تاران کە لە سەردەمی هەڵبژاردنەکان‌دا بەرچاوتر خۆ دەنوێنن.**


موختار زاریعی

هەر لەم پێوەندی‌یەدا **موختار زاریعی** پێی وایە کە تەنانەت دابەشکردنی ڕوانگە فکری‌یەکانیش بە سەر «نێوەوە»و «دەرەوە»ی وڵاتیش‌دا کارێکی هەڵەیە و بۆچوون و ڕوانگەکان بە سەر خەباتی شاخ و شاردا دابەش دەکا کە پێی وایە حیزبەکان تا ئێستاش بە گرتنەبەری ڕێگەچارەی توندوتیژ، نوێنەرایەتیی خەباتی شاخ دەکەن و خەباتی شاریش بە دووری‌کردن لە توندوتیژی و ڕێکاری مەدەنی خەریکی بیچم‌گرتنە.

لە بەرانبەردا **خالید تەوەککولی**، کۆمەڵناس لە شاری سەقز بە پشت‌بەستن بەو ئیدیعایە کە فەزای


خالید تەوەککولی

سیاسی لە کوردستان و تەنانەت لە نێو حیزبەکانیش‌دا قەت یەکدەست نەبووە و جیاوازیی بیرو بۆچوون هەیە، باوەڕی وایە کە ئێستا دوو گوتاری‌یەک لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هەیە کە بە گوتاری

**کەماڵ کەریمی: چالاکانی نێوخۆ دەبێ خۆ لە هەڵسەنگاندنی بە پەلە بپارێزن. ئەوان دەبێ وردتر بڕواننە ڕەوتی سیاسەتکردن لە ئێران و ناوچەدا. خەبات لە کوردستان لە ژێر کاریگەریی زۆر هۆکاری دیارو نادیاردا دەچێتە پێش. هێندێک لە چالاکانی نێوخۆی وڵات لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ حیزبەکان و هەوڵدان بۆ خۆگەورەنیشاندان، ڕاستی‌یەکانی بزووتنەوەی کورد لە نێو خەڵکی کوردستان‌دا ببیننەوە**

نێوخۆو دەرەوەی وڵات پێناسەیان دەکا. بەڕێزیان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ «کوردستان»دا گوتیان کە؛ گوتاری دەرەوە، هێشتا لە ژێر کاریگەریی چەمکی قوربانیدان و ئەندێشەی ناسیۆنالیسم و چەپی لێنینی‌دایە. ئەو چەمک و تیۆری‌یانەی کاری پێ‌دەکەن و ڕووداوەکانی پێ تەحلیل دەکەن زۆر گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە. هەروەها حیزبەکان بەو هیوایە درێژە بە خەبات دەدەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی ببینن. جا هەزینەی ئەم گۆڕانە چەند دەبێ و کێ بکەری ئەو کارە دەبێ و چۆن گۆڕان بە سەر ڕێژیم‌دا دێ ئەوە گرنگ نیە. بەڵام جەوهەر و بنەمای گوتاری نێوخۆ، مافی مرۆڤ، دیمۆکراسی و ئاڵوگۆڕی دیمۆکراتیک و چاکسازی‌یانەیە. لە ڕەوتی گۆڕانیش‌دا هەزینە و بکەر و چۆنیەتی و ئاکامی ڕەوتەکە گرنگە و لە توندوتیژی و قوربانیدان خۆ دەپارێزرێ.

لەم نێوەدا **کەماڵ کەریمی**، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە ئێستاش حیزبەکان لە بەرەوپێش‌بردنی خەباتی سیاسیی خەڵکی کوردستان‌دا ڕۆڵی ئەساسی دەگێڕن و چالاکیی و هەڵوێستی جیاوازی نوخبەکان و خەڵک لە نێوخۆی وڵات دەبەستنەوە بە دەرنەکەوتنی حیزبەکان لە هەموو هەلومەرجێکداو هەر لەم پێوەندی‌یەدا بە ڕەخنەگرتن لە حیزبەکان پێیان وایە، حیزبەکان ستراتژی‌یەکی تایبەتیان نیە بۆ ئەوەی هەماهەنگ لە گەڵ خەڵکدا بەرنامەڕێژی بکەن و ئەوەش زۆر جار بۆتە هۆی ئەوەی کە دەرکەوێ خەڵکی کوردستان بەپێچەوانەی حیزبەکان بڕیار دەدەن. لەو نێوەش‌دا کۆمەڵێک چالاکی سیاسی لە نێو خۆی وڵات بە دوور لە تاکتیکی حیزبەکان هەوڵی قۆستنەوەی ئەو وەزعە دەدەن و عەمەلەن وا دەردەکەوێ کە جیاوازی‌یەک لە نێوان حیزبەکان و خەڵکدا هەیە.»

بەڕێز کەریمی لە گەڵ ئەوەی بۆ ڕوانگە جیاوازەکان دەستەواژەی «گوتار» بەکار دەهێنێ، پێی وایە؛»لە شێوازی بیرکردنەوەی چالاکانی نێوخۆدا گوتارێکی تایبەت دەبینرێ کە لە گەڵ»هاوئامانج» بوونیان، جیاوازی هەیە لە گەڵ گوتاری توندو بەگژداچوونەوەی حیزبەکان لە گەڵ کولییەتەکان‌دا.»

ڕوانگەو بیروبۆچوونی جیاواز، یان بە مانا سیاسی یەکەی «دوو گوتاری» لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا چەند لە قازانجی ئەم بزووتنەوەیەدایەو پێچەوانەکەی تا چەندە ڕاستە؟

ڕۆژنامەنووس، **خالید محەممەدزادە** کە ڕوانگەو بۆچوونە جیاوازەکان لە قالبی «کاردانەوە»دا دەبینێ، ئەم جیاوازی‌یانە بە جۆرێک لە پەرش‌وبڵاوی، لێڵی و ناڕوونی داخوازی‌یەکانی کورد لە ئێران‌دا پێناسە دەکا و بە ئاماژەدان بە هەڵوێستی حیزبەکان بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان و ڕەفتاری نوخبەی سیاسی و خەڵک بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان لە ئێران دەڵێ: «خواستی تەحریمو خواستی بەشداری هاوتەریب لە گەڵ یەک چوونەتە پێش. هەر دوو لا لێکدانەوەی جیاوازیان بۆی هەیە، لە سەر یەک ئەمە دەتوانێ تەعبیر لە جیاوازی‌یەکانی کۆمەڵگا بکا، بەڵام ئەگەر بکرێ ئەو جیاوازی‌یانە لە فۆرمێکی هاوبەشی دیموکراتیک‌دا کۆ بکرێنەوە بێگۆمان کاریگەریی باشتری دەبێ. ئەگەر چی قسەکردن لە یەک گوتاری لەم دۆخەدا هەر بۆ ڕێکلامی سیاسی باشەو دوورە لە واقیع.»

هەر لەم پێوەندی‌یەدا ئەندامی بەڕێوەبەریی بەرەی یەکگرتووی کورد، موختار زاریعی بە ئاماژەدان بە تایبەتمەندی‌یەکانی خەباتی شارو شاخ، پێی وایە؛»لە خەباتی شاخ‌دا بوونی چەند گوتارێکی هاوتەریب بە قازانج نیەو کار لە سەر بڵاوکردنی هێز دەکا. بەڵام لە خەباتی شار و مەدەنی‌دا بوونی جیاوازیی لە ڕوانین و خوێندنەوەدا دەتوانێ بە قازانج بێ و تەنەووع لە کۆمەڵگادا دێنێتە ئاراوە.»


کەماڵ کەریمی

هەر لە پێوەندی لە گەڵ ئەم جیاوازی‌یانەو چۆنیەتیی قازانج گەیاندنیان بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە؛ «لە نەبوونی فورسەتی حوزووری ئازادانەی حیزبەکان‌دا، ئەو حەرەکەتانە کە ساحەبی ئەو گوتارەن ئەگەر جێگەوپێگەی خۆیان و حیزبەکان بە دروستی هەڵسەنگێنن وهەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە گوتارێکی هاوبەش لە نیوان هەموان‌دا دەتوانن زۆر قازانج بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بگەیەنن. بەڵام ئەگەر هەر کەس و کۆمەڵێک بەرژەوەندی‌یەکەی لەوەدا ببینێتەوە کە بە هەر نرخێک خۆی بە ناوەندی دەسەڵاتەوە ببەستێتەوە، دەتوانێ ببێتە ئامرازێک بۆ بەگژداکردنەوەیان لە دژی داخوازە ڕەواکانی خەڵک و ئەمە زەرەر دەگەیەنێ. بە تایبەت ئەگەر کەسێک هەبێ کە بوێرێ بڵێ (خەڵک وەڵامی حیزبەکان نادەنەوە)، ئەوە ڕێگە مەترسی‌دارەکە دەگرێتە پێش.»

دێموکراسی و بە ڕەسمییەت‌ناسینی تاک و گرووپە فکری‌یەکان ئەو پڕنسیپانەن کە دوکتۆر خالید تەوەککولی پێی وایە؛ ئەگەر نوێنەرانی هەردوو گوتاری دەرەوەو نێوەوەی کوردستان پێی پابەند بن، دەتوانن فەزایەکی لەبار بۆ گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان بخولقێنن و لە ئاکام‌دا دا بە قازانجی بزووتنەوەکە پێکەوە هاوئاهەنگ بچنە پێش.»

لەم پێوەندییەدا موختار زاریعی دەڵێ: «ئەم دوو گوتارە بۆ پێکەوە بوون و یارمەتیدان پێویستیان بە دیاری کردنی ئاسۆیکی ڕوون و شەفاف و دوور لە خەون و خەیاڵ هەیە و پێش لە هەموو شتێک ئەبێت لەسەر پلۆڕالیسم واتە فرەدەنگی (چەمکێکی ئیجابی) و خۆ پاراستن لە عەقڵیەتی موتڵەقگرایانە (چەمکێکی سەلبی)،یەکگرن. یەکگرتن» نابێت بە «وەک یەک بوون» مانا بکرێتەوە، وەک یەک بوون یانی سڕینەوەی هەرجۆرە جیاوازیەک و دروست کردنی کۆمەڵگایەکی سادە و یەکدەست وەک پادگان، بەڵکوو ئەبێت بە هەموو جیاوازی یەکانەوە تێبکۆشین خاڵەهاوبەشەکان بدۆزینەوە و لە سەریان یەک گرین،سڕینەوەی جیاوازیەکان سەرەتای دەسپێکردنی دیکتاتۆریەتە. ئێمە وەک بەرەی یەکگرتووی کورد شوعارێکی سەرەکیمان هەیە کە ئەڵێن: هاوکاری لە خاڵە هاوبەشەکان و دڵفراوانی لە خاڵە جیاوازەکان.»

**موختار زارێعی: یەک بوون یانی سڕینەوەی هەرجۆرە جیاوازیەکو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی سادەو یەکدەست وەک پادگان، بەڵکوو ئەبێت بە هەموو جیاوازی یەکانەوە تێبکۆشین خاڵەهاوبەشەکان بدۆزینەوەو لەسەریان یەک گرین،سڕینەوەی جیاوازیەکان سەرەتای دەسپێکردنی دیکتاتۆریەتە. ئێمە وەک بەرەی یەکگرتووی کورد شوعارێکی سەرەکیمان هەیە کە ئەڵێن: هاوکاری لە خاڵە هاوبەشەکانو دڵفراوانی لە خاڵە جیاوازەکان».**

لە سەردەمی خولی یازدەهەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران‌دا کە لە لایەک زۆربەی حیزبە کوردی‌یەکان سیاسەتی بایکۆتیان تەبلیغ دەکردو لە لایەکی دیکەش ڕەوتە سیاسی یەکانی نێوخۆی وڵات تەبلیغی بەشداری لە پرۆسەکەیان‌دا دەکرد، لە دنیای مەجازی‌دا کۆمەڵە پێکهەڵپرژانێک هاتە ئاراوە کە خۆی لە خۆی‌دا جیاوازی‌یەکانی لە ڕوانین و خوێندنەوەدا ڕوونتر کردەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بکرێ لەم ڕوانگە جیاوازانە بە قازانجی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگیرێ و لە پێناو بەرژەوەندیی بزووتنەوەکەدا مودیرییەت بکرێن، بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەم بۆچوون و ڕەوتە فکری‌یانە بە ڕەسمی بناسرێن و ڕێزیان لێ‌بگیرێ.

لەم پێوەندی‌یەدا چاودێری سیاسی و مامۆستای زانکۆ، **حسام دەستپیش** پێی وایە زۆرترین ئەرکەکان دەکەونە ئەستۆی حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان کە پێویستە لە سەر بنەمای «سیاسەت هونەری مومکینە» دەرکی هەلومەرجەکە بکەن. ناوبراو دەڵێ: «هەرچەند بۆ حیزبە سیاسی‌یەکان دژوارە کە لە گوتاری شوناس‌خوازانەو سێکۆلارەوە دابەزن بۆ گوتاری کەڵکوەرگرتن لە لانیکەمی دەرفەتەکان. بەتایبەت کە ئەزموونی تاڵیان لە تێرۆری ڕێبەرانیان و لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسی و.... هەیە. بەڵام نابێ ئەو ڕاستی‌یە لەبیر بکەن کە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی کورد و چالاکیی


خالید محەممەدزادە

کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای «سیاسەت هونەری مومکینە» بنیات نراوە. کەوابوو دەکرێ لە هەر دەرفەتێک‌دا نامومکینێک بگۆڕێ بە مومکین.»

**حیسام دەستپیش: «هەرچەند بۆ حیزبە سیاسی‌یەکان دژوارە کە لە گوتاری شوناس‌خوازانەو سێکۆلارەوە دابەزن بۆ گوتاری کەڵکوەرگرتن لە لانیکەمی دەرفەتەکان. بەتاییبەت کە ئەزموونی تاڵیان لە تێرۆری ڕێبەرانیانو لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسیو.... هەیە. بەڵام نابێ ئەو ڕاستی‌یە لەبیر بکەن کە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی کوردو چالاکیی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای «سیاسەت هونەری مومکینە» بنیات نراوە. کەوابوو دەکرێ لە هەر دەرفەتێک‌دا نامومکینێک بگۆڕێ بە مومکین.»**

ئەگەر خاوەنانی گوتاری نێوخۆ و خەباتی نەرم بتوانن خۆیان لە گەڵ ڕەوتی ڕاستەقینەی خەباتی خەڵکی کوردستان کە هەتا ئێستاش حیزبەکان نوێنەرایەتیی دەکەن ڕێک بخەن، دەتوانن لە پشتگیریی حیزبەکان کەڵک وەربگرن بۆ بەهێزکردنی گوتارەکەیان و بەم جۆرە


حیسام دەستپیش

بە هێزێکی زۆرترەوە قسە بکەن.

لەم پێوەندی‌یەدا کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە؛ «چالاکانی نێوخۆ دەبێ خۆ لە هەڵسەنگاندنی بە پەلە بپارێزن. ئەوان دەبێ وردتر بڕواننە ڕەوتی سیاسەتکردن لە ئێران و ناوچەدا. خەبات لە کوردستان لە ژێر کاریگەریی زۆر هۆکاری دیارو نادیاردا دەچێتە پێش. هێندێک لە چالاکانی نێوخۆی وڵات لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ حیزبەکان و هەوڵدان بۆ خۆگەورەنیشاندان، ڕاستی‌یەکانی بزووتنەوەی کورد لە نێو خەڵکی کوردستان‌دا ببیننەوە. لە جیاتی ئەوەی تەنیا چاویان لە ناوەند بێ با بە پێوانەکانی خەڵکی کوردستان بیر لەو شێوازە خەباتە بکەنەوە. هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە گوتارێکی هاوبەش لە نێو هەموو چالاکانی نێوخۆداو گەیشتن بە ستراتیژی‌یەکی هاوبەش لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان، لانی‌کەم ئەوانە کە دەرکی ئەوان دەکەن و دەتوانن یارمەتی‌دەریان بن. هەرچەند حیزبەکانی کوردستانیش پێویستە هەست بە بەرپرسایەتی و بە جێ گەیاندنی ئەرکی خۆیان لە بەرانبەر ئەواندا بکەن و یارمەتی دەریان بن.»

ڕەحمان سەلیمی: یەکێک لە پارامێترە بنەڕەتی‌یەکان لە پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی‌و فەرهەنگیی هەر کۆمەڵگایەکدا، سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە. سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکان ژێرخانی پەرەسەندنی فەرهەنگی، ئابووری‌و سیاسیی وڵاتێکن

کوێستان فتوحی: کوردستان بەگشتی هەموو پارچەکانی بۆ زۆر مەسەلە چاوی هیوایان بڕیوەتە ئەوبەشە ئازادکراوەی کوردستان. بەڵام دەبێ بڵێم بەداخەوە باشووری کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی مافەکانی ژنان‌دا نموونەیەکی باش نەبووە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان

# کۆسپەکانی سەر ڕێی دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری



ڕەحمان سەلیمی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ئێران بازاڕی دراو بەرزو نزمیی زۆری بەخۆیەوە بینی‌و نرخی دراوی ئێرانی لە بەرامبەر دراوە بیانی‌یەکان‌و لەوەش زیاتر زێڕدا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی هەبووو، هەر ئەوەش بووە هۆی هاتنەئارای لێکدانەوەو بۆچوونی جۆراوجۆر لە پێوەندی لەگەڵ باشتربوونی بارودۆخی شێواوی ئابووری‌و، زۆر کەس هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی وەک سەرکۆمار، بە دەسپێکی دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری دەزانن و بەرزبوونەوەی نرخی ڕیاڵ بۆ ئەم مەسەلەیە دەگێڕنەوە. مەیلی ڕووحانی بۆ کەمکردنەوەی گرژی‌یەکان لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، هیوای زیادبوونی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە لایەک و هەڵوەشانەوەی گەمارۆی سەر بانکی میللەت لە لایەن دادگای بەرزی بریتانیاوە بە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی ڕیاڵ وەک یەکێک لە پێوەرەکانی گەشەی ئابووری دێنە ئەژمار.

ئەوەی لەم وتارەدا دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر، بوارەکانی پەرەسەندنی ئابووری‌و پێوەندیی لەگەڵ چەمکەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی‌و گەشەی سیاسی‌یەو، دەمەوێ لەم ڕوانگەیەوە بەربژێرەکانی دەوڵەتی داهاتوو بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری تاوتوێ بکەم.

## پەرەسەندنی ئابووری

پەرەسەندنی ئابووری بە زمانێکی سادە بەمجۆرە دەتوانین پێناسە بکەین: گەشە وێڕای زیادبوونی توانای بەرهەمهێنان کە پێکدێ لە توانای فیزیکی، ئینسانی‌و کۆمەڵایەتی. پەرەسەندنی ئابووری لەگەڵ چەمکی گەشەی ئابووری چەند جیاوازی‌یەکی هەیە کە بێ تێگەیشتن لەم جیاوازی‌یانە ناتوانین شی‌کردنەوەیەکی دروستمان لە دوورەدیمەن‌و بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵگا هەبێ. گەشەی ئابووری، گەشەی پێوەرە ئابووری‌یەکانی وەک داهاتی سەرانە، توانای کڕین‌و بەرهەمی پوختەنەکراوی نیشتمانی‌یە، لە حاڵێکدا کە پەرەسەندنی ئابووری چەمکێکی بەربڵاوتری هەیەو دەبێ زیادبوونی توانای بەرهەمهێنانیش لەو پێوەرانەی سەرەوە زیاد بکەین کە پێکدێ لە توانای فیزیکی، ئینسانی‌و کۆمەڵایەتی. لە ڕاستی‌دا دەتوانین بڵێین کۆمەڵگایەک کە لە بڕگەیەکدا گەشەی ئابووریی هەیەو لە بڕگەیەکی دیکەدا تووشی وەستانی ئابووری دەبێ، بە کۆمەڵگایەکی پەرەسەندووی ئابووری نایەتە ئەژمار. لە تایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانی پەرەسەندنی ئابووری دەتوانین ئاماژە بە بەردەوامی‌و دینامێکبوونی بکەین.

## سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکان

یەکێک لە پارامێترە بنەڕەتی‌یەکان لە پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی‌و فەرهەنگیی هەر کۆمەڵگایەکدا، سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە. سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکان ژێرخانی پەرەسەندنی فەرهەنگی، ئابووری‌و سیاسیی وڵاتێکن. متمانەو باوەڕپێکبوونی دوو لایەنەو هاوپێوەندی لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی زیادبوونی بەشداری‌یە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی هاونیشتمانان‌و، دابەزینی سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئاکامی پێچەوانەی لێ‌دەکەوێتەوە. سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە پێداویستی‌یەکانی پەرەسەندنی ئابووری دێنە ئەژمارو ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا بەستێنی گونجاو بۆ گەشەی سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکان نەڕەخسێ، ناکرێ چاوەڕوانی گەشەی بەردەوامی ئابووری بین. سەقامگیریی سیاسییش یەکێک لە بنەڕەتی‌ترین کۆڵەکەکانی سەرمایە کۆمەڵایەتی‌یەکانە کە ئەمنییەتی دەروونی‌و ڕاستەقینەی سەرمایەدانان لە بەستێنی پێوەندی‌یە ئابووری‌یەکان‌دا دابین دەکا. بە واتایەکی دیکە هاتنەدیی چەمکەکانی دێموکراسی، پلووڕالیزم، کۆمەڵگای مەدەنی‌و وەڵامدەربوونی دەوڵەت لە بەرامبەر بەرژەوەندیی نیشتمانی‌دا دەبێتە هۆی زیادبوونی پاڵنەرەکانی سەرمایەدانان‌و گەشەی بەردەوامی ئابووری.

لەم سۆنگەیەوە دەکرێ پێداویستی‌یەکانی تێپەڕین لە قەیرانی ئابووریی ئێران لە سەردەمی حەسەن ڕووحانی‌دا هەڵبسەنگێنین. بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بارودۆخی ئابووریی ئێستای ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە هیچکام لە فاکتەرەکانی پەرەسەندنی ئابووری لە کۆمەڵگای ئێران‌دا نیە. نەبوونی بنیاتە دێموکراتیکەکان، کۆمەڵگای مەدەنیی خەوتوو، ژێرخانە فەرهەنگی‌و ئابووری‌یە لاوازەکان، ئابووریی دەوڵەتی‌و پاوانی پڕۆژە گەورە ئابووری‌یەکان لە لایەن بنیاتەکانی سەر بە دەوڵەت وەک سپای پاسداران، بونیادی موستەزعەفان، ئاستانی قودسی ڕەزەوی‌و...وە هەروەها گەشەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی گەندەڵیی ئیداری‌و ئابووری‌و نەبوونی دەزگایەکی دادوەریی سەربەخۆ کە خواست‌و سەڵاحییەتی پێویستی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ نموونەکانی گەندەڵیی هەبێ لە لایەکو، پەرەپێدانی گرژی‌یە نێونەتەوەی‌یەکان بە سیاسەتە شەڕخوازانەکان لە شێوازی جۆراوجۆردا وەک پێداگری لەسەر بەرەوپێشبردنی بەرنامەی ئەتۆمی، بەرگری لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکان لە لوبنان‌و فەلەستین، سووریە، عێراق، یەمەن‌و ... لە لایەکی دیکەوە، هەموویان بەربەستی جیددین لەسەر ڕێگەی گەیشتن بە ئابووری‌یەکی سەقامگیر.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە سەرکۆماری نوێ چەندی تواناو سەلاحییەت‌و خواستی هەڵگرتنی ئەم بەربەستانە هەیە. ئەگەر بەربەستەکان بە دوو دەستەی نێوخۆیی‌و دەرەکی دابەش بکەین، دەبێ ببینین کە ڕووحانی وەک سەرکۆمار دەتوانێ یان دەیەوێ کام دەستە لەم بەربەستانە بخاتە ئەولەوییەتی کاری خۆیەوە.

بەشێک لە بەربەستە نێوخۆیی‌یەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرکۆماردان، وەک یارمەتیدان بە کرانەوەی سیاسی‌و بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی‌و زیادکردنی ڕێژەیی سەربەخۆیی بازاڕو بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵیی ئیداری‌و ئابووری. دیارە لەم ڕێگەیەش‌دا سەختی‌و دژواری زۆرن، وەک چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتی‌و ئایدۆلۆژیی زاڵ بەسەر نیزام‌داو تەگەرەدروستکردنی بنیاتەکانی سەر بە دامودەزگا بە بڕشتەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار. ئەگەر ڕووحانی بتوانێ بە پەرەپێدانی ئازادی‌یە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکان، کەلێنی نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵات کەم بکاتەوەو بە نەهێشتنی کەشوهەوای داخراوی سەر کۆمەڵگا، زیندوویی‌و گەشاوەیی بۆ کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە، دەتوانێ مەیلی سەرمایەدانانی نێوخۆیی تاڕادەیەک زیاتر بکاو بەرەوگەشەی ئابووری هەنگاو هەڵێنێتەوە کە دیارە ئەم بابەتەش پێوەندی‌یەکی نزیکی بە پێگەی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌دا هەیە.

بەڵام لەبارەی بە بەربەستە دەرەکی‌یەکانی بەردەم تێپەڕین لە قەیرانی ئابووری‌یەوە دەبێ بگوترێ کە نە بەرنامەی ئەتۆمی‌و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەسەر ئەم بەرنامەیەو، نە پێوەندی لەگەڵ گرووپەکانی وەک حیزبوڵڵاو حەماس‌و... هیچکام لە سیاسەتە گشتی‌یە دەرەکی‌یەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەرکۆماردا نین‌و گۆڕینی ئەم سیاسەتانە بە مەبەستی گۆڕینی بەستێنی پێوەندی‌یە ئابووری‌یەکان تەنیا لە دوو حاڵدا دەکرێ: یان دەبێ ڕێبەر پێداچوونەوە بە ڕوانگەکانی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت‌دا بکاو بنەماکانی کۆماری ئیسلامی هەڕاج بکا، یان دەبێ گوشارەکان بۆ سەر ئێران بگەنە ئاستێک کە ڕێبەر هەست بکا ئەگەر ملکەچی ڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکان نەبێ، تووشی مەترسیی ڕووخانی نیزام دەبێ.

تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی داهاتوو بە ئیرادەیەکی پتەوەوە بەرەو باشترکردنی بارودۆخی ئابووری هەنگاو هەڵێنێتەوە، دیسانیش تووشی سەختی و دژواریی زۆر دەبێ. نۆژەنکردنەوەی پێگەی ئێران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌دا متمانەبەخشین بە جیهانی ڕۆژئاوا پێویستیی بە پێداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتە گشتی‌یەکانی‌دا هەیە. پشتیوانی لە تیرۆریزم، دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەداو هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی گرنگترین هۆکارەکانی دروستکردنی گرژی لە نێوان کۆماری ئیسلامی‌و کۆمەڵگای جیهانی‌دان. گۆڕینی ئەو هۆکارانەی بوونەتە بەشێک لە شوناسی نیزام بەجۆرێک گۆڕینی ئایدیۆلۆژیی زاڵ بەسەر نیزام‌دا دێتە ئەژمار. هەر بۆیە دەرفەتەکانی دەوڵەتی داهاتوو بۆ ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندی‌یەکان لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی و هەڵگرتنی گەمارۆکانی سەر ئێران و، لەم سۆنگەیەوە ڕاکێشانی سەرمایەدانەرانی بیانی زۆر بەرتەسکن و تەنانەت ئەگەر ڕۆژئاواش پێشوازی لە هەڵبژێرانی ڕووحانی وەک کەسێکی میانەڕەو بە سەرکۆماری ئێران کرد، کاریگەری‌یەکی درێژخایەنی لەسەر ئابووریی ئێران نابێ. چونکە تەنیا بە نەهێشتنی هۆکارە ڕاستەقینەکانی وەستانی ئابووری دەکرێ بەربەرەکانی لەگەڵ قەیرانی ئابووریی ئێستای ئێران بکرێ کە بریتین لەو سیاسەتە گشتی‌یانەی لە لایەن بنیاتە هەڵنەبژێراوەکانی سەر بە بەیتی ڕەهبەری‌یەوە دادەڕێژرێن.



**نۆژەنکردنەوەی پێگەی ئێران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌دا متمانەبەخشین بە جیهانی ڕۆژئاوا پێویستیی بە پێداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتە گشتی‌یەکانی‌دا هەیە. پشتیوانی لە تیرۆریزم، دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەداو هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی گرنگترین هۆکارەکانی دروستکردنی گرژی لە نێوان کۆماری ئیسلامی‌و کۆمەڵگای جیهانی‌دان**

---

درێژەی:

# با نەهێڵین مێژوویەکی شەرماوی بۆ نەتەوەکەمان تۆمار بکرێ!

سەرسەختی گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤن.

بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم دیاردە شوومە، دەبێ لە لایەکەوە، ڕێگە لەوە بگیرێ کە کەسوکار (مێرد، برا و باوک و مام و خاڵ و...) هەر سزایەک بۆخۆیان پێیان خۆشە بە سەر ژن (هاوسەر، خوشک، کچ، برازا، خوشکەزا و...)ی خۆیانی‌دا بسەپێنن. هەر کردەوە و هەڵوێست و ڕەفتارێکی ژن یان کچ کە بە دڵی کەسوکارەکەی نەبوو، مەرج نیە تاوان و لادان بێ. ئەگەر ئەو کردەوە و هەلسوکەوتانە_ بە پێی هەر پێناسە و لێکدانەوەیەک – لادان و تاوانیش بن، کەسوکار، ئەو سەلاحییەتە قانوونی و قەزایی‌یەیان نیە بڕیاری کوشتنی کەسێک بدەن. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ هەم لە ئاستی کەلتووری و هەم لە ئاستی قانوونی‌دا، هەوڵێکی زۆر بدرێ بۆ ئەوەی ڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕوانینی ناوەندەکانی یاسادانان و .. بەرامبەر مافەکانی ژنان و ئازادیی ئەوان لە هەڵبژاردنی هاوژیان و جیابوونەوە و. بگۆردرێ. دیارە ئەمەش پێویستی بە کارێکی زۆری فەرهەنگی لە هەموو بوارەکان و پێکهاتنی هەلومەرجێکی ئەمن و ئازاد لە لایەن دەسەڵاتەوە هەیە بۆ ئەوەی چالاکانی مافەکانی ژنان و داکۆکیکەرانی ئەو مافانە بتوانن بۆ ئامانجەکانیان تێ‌بکۆشن. هەروەها ئیسلاحی قانوون بۆ پێشگیری لە هەرجۆرە توندوتیژی‌یەک دژ بە ژنان و دروستکردن و پاراستنی ماڵی ئەمن بۆ ژنانێک کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، تا بەدیهاتنی ئەم هەلومەرجەش، ڕێگایەکی درێژ لە پێشە. کە بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە ئیمکانی کەمە. بۆیە باشووری کوردستان دەتوانێ هێندێک کار بکا کە کاریگەریی لەسەر بەشەکانی دیکەش هەبێ. لە باشوور کار و چالاکیی فەرهەنگی ئەو ڕێگری و بەربەستانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە نیە، بەڵام لەبواری کۆمەڵایەتی و کەلتووری‌دا دەتوانێ کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەش دابنێ کە بەداخەوە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی «شەرفپارێزی»دا کاریگەریی خراپیان لەسەر بەشەکانی دیکەش داناوە.

جگە لەمانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لەو لایەنەوە چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکان بە هۆی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەستیان کورتە و ناتوانن بەوجۆرەی پێویستە چالاکی‌یان هەبێ، بەڵام ڕێگەی دیکە هەیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کەلتووری «ژنکوژی». حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ و ئەرکە لەسەر شانیان لە پێناو پێشگیری لەم جینایەتە لە کوردستان، هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە و بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانیان تەرخان بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جینایەتی «ناموسی». پێویستە لە ڕێگەی میدیاکانەوە تەفسیر و هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکەنەوە و پێناسەیەکی دیکە بۆ چەمکی «شەرەف» و «ناموس» بکەن و ئاراستەی بیرکردنەوەی خەڵک لە سەر ئەم چەمکە بگۆڕن. بۆ ئەوەی چی دیکە شاهیدی ئەو کوشتوکوشتارەی ژنان لە ژێر ناوی «ناموسپارێزی»دا نەبین و ڕوخساری نەتەوەکەمان لەنێو کۆڕوکۆمەڵە جیهانی‌یەکان‌دا ناشیرین و بێزراو نەبێ.

**بزووتنەوە ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان بەرژەوەندی و ڕای گشتی و مافی تاک لە گەڵاڵە نەخوازراوەکەی خۆیان لێک دەدەنەوە و هیچ ڕێزێک بۆ ڕای گشتی و ئازادی و مافی تاک دانانێن، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەین کە ئەو بیرۆکە سەرەتا و هەمیشەیی و شەڕخوازانەیە هی تاقمێکی چەقبەستووە کە پێ لەسەر ڕای گشتی دادەنێن**

**ڕێکخراوەکانی بناژۆخوازی ئیسلامی لە بواری تیۆریک و سیاسی‌یەوە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نین، بەڵام لەسەر بنەمایەکی ڕواڵەتی و شەرعییەتدان بە خەبات و پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی کۆکن. هەرچەند ئەو بۆچوونانە بوونەتە فەلسەفەی سیاسی- تیۆریی ئەم ڕێکخراوانە، بەڵام لە ڕاستی‌دا هێندێک بۆچوونی تاکە کەسی و گرووپیی فۆرمۆلەکراو بوونە نێوئاخنی میتۆدی فیکری و نانەوەی جیاوازی و پاوانخوازی و سەرچاوەی ناتەبایی**

# جێگیربوونی دیموکراسی، باوەڕی ئایینیو یەکگرتوویی نەتەوەیی

### بەشی دووهەمو کۆتایی



ڕەحمان پیرۆتی

لایەنگرانی بزووتنەوە ئیسلامی‌یە سیاسی‌یەکان بە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە ئیسلامیان خستۆتە گەمارۆی بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌یەکانیان و لە نێو خۆیان‌دا دوو بەرەی ناکۆک بە لێکدانەوەی جیاواز و دژ بەیەک بۆ بەرژەوەندیی تایبەت هەریەک ئەوی‌دیکە بە ناشەرعی و لادەر لە ڕێگای ئیسلامی ڕاستەقینە تاوانبار دەکا. هەریەک بە ڕوخساری ئیسلامی سیاسیی سەردەم و ئیسلامی سیاسیی سوننەتیی سەلەفی و سەرەتایی دروشمی پێداچوونەوەو ڕەوایی بەخۆ دەبەخشن. لایەنگرانی بزووتنەوە ئیسلامییە سوننەتی و سەلەفی‌یەکان بڕوایان بە بەشداری لە هەڵبژاردن و حکوومەت‌دا هەیە و توندوتیژی و ڕەشەکوژی و کردەوەی تیرۆریستی پەسند ناکەن و باوەڕیان بە سیاسەتی ئاشتی و برایەتی و تەبایی هەیە. ئەوان وا بیر دەکەنەوە ئەگەر بە ئەقڵی سەلیم و دوور لە خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیکیی توندڕەوانە بێ، بەستێنی ئەمن و ئاسایش و پێکەوە ژیان پێکدێ. وێنەی ئەم هەڵوێستانە لە وڵاتانی میسر، ئەلجەزایر، سوودان، تورکیە، ئۆردۆن و توونس بەرچاو دەکەوێ. لایەنی□دیکە، ڕادیکاڵ و توندوتیژخوازن و خوازیاری پێداچوونەوەی ئیسلام بە خوێندنەوەیەکی سیاسی و ئامانجدار و گەیشتن بە دەسەڵات و حکوومەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای توندوتیژی و بە دروشمی یەک جیهان و یەک حکوومەت هێڵیان بۆ کێشاوە. واتە، بەرنامە و پرۆژەی چەندین ساڵەیان لەسەر دارشتوە و بنیات ناوە. هەر بۆیە هەموو ئەو حکوومەت و ڕێکخراوە ئیسلامی‌یە کۆنەپارێزانە بە لائیک و غەیرە لائیک بە بێ کیفایەت و بەرژەوەندیخواز لە ئیسلام بە لاڕێیی تۆمەت بار دەکەن. بانگەشەی جیهاد لە ڕێگای شەڕ و توندوتیژی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی ئیلاهی دەزانن. بە هۆی تێکەڵاویی نەتەوەیی، کەلتووری، جوغرافیایی، ئابووری لای زۆربەی گەلانی وڵاتانی ئیسلامی بووەتە مەترسی‌یەکی جیددی و ئەو پرسیارەی دروست کردوە کە ئێستا سەردەمی گۆڕان و پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا و زانستە و گەلانی دنیای ئیسلام لەسەر شێوەی ژیان و حکوومەتی داهاتوو دەبێ چۆن بیر بکەنەوەو چۆن بەرەورووی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری‌یەکان ببنەوە؟

ململانێی ئیسلام و دێموکڕاسی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ڕەنگە بەم زووانەش کۆتایی پێ‌نەیە و بە تەواوی هیچ لایەکیان جێگا بۆ ئەوی دیکە چۆڵ نەکا. دوور نیە ئیسلام باوەش بۆ دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ بکاتەوەو جۆرێک هاوکاری و تێکەڵاوی لەسەر بنەمای دێموکڕاسی و ئایین وەک بڕوای دەروونی و تاک پێک بێ، چونکە زۆر هۆکار سەلمێنەری ئەوەن و لە گەڵ یەک ناتەبا نین و پێویستە مەیدان بە یەکتری بدەن و لە گەڵ یەک هەڵبکەن. دێموکراسی و ئایین لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە لە گەڵ یەک دەژین و مێژووی تێکەڵاوی و هەڵکردن و کەلتووری پێکەوەژیانیان بەهێزە. هەرچەندە تاڕادەیەک چۆنیەتیی هەڵکردنی ئیسلام و دیموکراسیی جیاوازیی هەیە و لە هێندێک شوێن گرژی و ئاڵۆزیی لێ‌کەوتۆتەوە، بەڵام گرژی و ئاڵۆزی بە مانای ناتەبایی و لە گەڵ‌یەک هەڵنەکردن نیە و کەلتووری پێکەوە ژیان گەلێک لە تەنگ و چەڵەمەکان بەهێزترە.

دێموکراسی وەک ئەڵترناتیڤێک بۆ حکوومەتە پاوانخواز و نابەرپرسەکان، مێژووی بۆ حکوومەتەکانی زۆر کۆنی «ئاتێن» دەگەڕێتەوەو لەسەر تێچووی ئەو حکوومەتانە سەری هەڵداوە و بۆتە داخوازێکی گشتی. مێژووی ئێمپراتۆر و حکوومەتە سەرەڕۆکان ئەوەی سەلماندوە کە ئەوەندەی حکوومەت و بزووتنەوە ئایینی‌یەکان بۆ یەکتر ئاستەنگ بوون، قەت دێموکراسی و حکوومەتە لائیکەکان ئاستەنگ نەبوون. ناکرێ حاشا لەوە بکەین کە ئێمپراتۆرەکانی ئەمەوی، عەباسی، عوسمانی و سەفەوی بە ناوی ئیسلام لە خزمەت بەرژەوەندیی تایبەتیی بنەماڵەیی‌دا بوون و بە ناوی ئیسلام دژی هەر بۆچوونێکی جیاواز وەستاون و هەر بۆچوونێکی لەوبابەتە بە دژی ئیسلام لێک دراوەتەوە و سەرکوت کراوە. هەنووکە بە بیرۆکە و بەناو پێداچوونەوە و چاکسازی و لاساکردنەوە لە ئێمپراتۆرە ئیسلامی و حکوومەتە بەناو ئیسلامی‌یەە سەرەڕۆکان و تاقمە بناژۆخوازەکان هەر ئەو ڕێگایە دەپێون کە پێشتر تاقی کراوەتەوە و ناسەرکەوتوو بووە.

بزووتنەوە ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان بەرژەوەندی و ڕای گشتی و مافی تاک لە گەڵاڵە نەخوازراوەکەی خۆیان لێک دەدەنەوە و هیچ ڕێزێک بۆ ڕای گشتی و ئازادی و مافی تاک دانانێن، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەین کە ئەو بیرۆکە سەرەتا و هەمیشەیی و شەڕخوازانەیە هی تاقمێکی چەقبەستووە کە پێ لەسەر ڕای گشتی دادەنێن.

بیرۆکەی سیاسی ئیدئۆلۆژیکی حکوومەت و تاقمە بناژۆخوازەکان جێگای فەلسەفەی گشتیی ئیسلامی گرتۆتەوە و حەق و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئیسلامی ئەوەندەیە کە ئەوان بیری لێ‌دەکەنەوە. هەرچەند ڕێبەرانی بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ جیاوازی‌یەک لە نێوان دەسەڵاتداران و لایەنگرانیان‌دا نیە و هاوسەنگی‌یەکی تەواو هەیە، بەڵام ڕای گشتی و ئیرادەی خەڵک جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە. بۆچوونی تاقمە بناژۆخوازەکان لە نیزامی ئیسلامی‌دا ئیرادەی گشتی لە لایەن خواوە دیاری دەکرێ و دەبێ تاک لەو بازنەیەدا خۆی بدۆزێتەوە و نابێ جۆرێک بجووڵێتەوە کە پێچەوانەی بێ. ئیسلامی‌یە ڕادیکاڵەکان داخوازی تاکەکان و کۆمەڵگا بە هەند ناگرن و بە بڕوای ئەوان تاکەکان و کۆمەڵگا هەردەم دەبێ لە ژێر چاوەدێریی تەواودا بن. بەختەوەریی تاک بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیی گشتیی ئیرادەی دەسەڵاتی سیاسی کە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی پێک دێنێ.

پابەندبوونی تاک دەبێ بە ئیرادەی گشتی بێ و دەرفەت بە هیچ کەس نەدا بۆچوونی خۆی تێ‌دا بگونجێنێ و رووحیاتی گشتی لە ڕاستی‌دا بەرژەوەندی و سەربەخۆیی تاک ڕەت دەکاتەوە و حکوومەت دەبێتە ئامرازی شەڕ و مشتومڕ و هەڵاواردن و مافی تاک پێشێل دەکرێ.

زۆر جار باسی دامەزراوەی «شوورا» لەسەر بنەمای شەریعەت دەکرێ و دەبێ ببێتە سەرچاوەی ئیرادەی گشتی و داخوازەکان بە شێوەی تەگبیروڕا یەکلا بکرێنەوە و مافەکان بۆ خاوەنیان بگەڕێنەوە و سەربەخۆیی ژیان بۆ خەڵک دابین بکرێ. ئەو کاتەیە حکوومەت ڕێز لە ئیرادەی خەڵک ناگرێ و لە بەرامبەر داخوازەکان‌دا وڵامدەر نابێ و بە پاساوی ناشەرعی‌بوون هەر داخوازێک دەمکوت دەکا و هێرشی دەکاتە سەر. ئەسڵی شوورا دەچێتە ژێر پرسیار و حکوومەت لە ئاست داخوازە گشتی‌یەکان‌دا دەبێتە حکوومەتێکی سەرەڕۆ و نادێموکڕاتیک و دامەزراوە کۆنترۆڵکراو و نادێموکڕاتیکەکان بەسەر خەڵک‌دا فەرز دەکا. بە بڕوای بناژۆخوازەکان ئەوە ئەرکی ڕێبەرانی ئایینی و حکوومەتی ئیسلامی‌یە کە دڵنیا بن خەڵک (ئوممەتی ئیسلامی) لە ڕاسپاردەکانی ئەوان لایان نەداوە.

بەم جۆرە دەردەکەوێ جارێکی دیکە خەڵک لە مافی تاک بێبەش دەکرێ و مافی چاوەدێری بەسەر حکوومەتی لێ‌زەوت دەکرێ. سەید قوتب یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕای خۆی بەم جۆرە لە سەر حکوومەت دەردەبڕێ: «خەڵک لە دیاری‌کردنی سیستەمی سیاسی- کۆمەڵایەتی‌دا سەربەستن بەو جۆرەی لە بەرژەوەندی‌یان‌دایە، دیاری بکەن، چونکە سەرەکی‌ترین ئەرکی حکوومەت لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی خەڵک و بەرەوپێش‌بردنی کۆمەڵگایە«. هەرچەندە دەستووردانی تاک ڕەت دەکاتەوەو کۆمەڵ و تاک دەبێ پێڕەوی لە یاسا بکەن، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێڕەوی‌کردن لە حکوومەت نە موتڵەق و نە لە کات بەدەرە، بەڵکوو خەڵک ئەرکدار دەبێ. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە: «ئەگەر حکوومەت بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵک و ڕاسپاردەکانی خوا هەڵسوکەوت بکا، خەڵک بە پێی دەستووری قورئان دەتوانن دژی بوەستن و تەنانەت شۆڕشیش بکەن». هەڵەی حکوومەتە ئیسلامی‌یەکان لەوەدایە کە پێیان وایە ئەو ئەرکە لە لایەن خواوە پێ‌یان دراوە، واتە نە خەڵک پێی داون و نە خۆشیان وەدەستیان هێناوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە لایەن خواوە پێیان سپێردراوە. سەید قوتب باوەڕی بە دەسەڵاتی تاک نەبوو و ئەو سیستەم و حکوومەتانەش کە لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێن ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی خەڵکیان دەزانێ‌و هەروەها چاوەدێری بە سەر دەسەڵات‌دا بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە.

ڕێکخراوە ئیدئۆلۆژیکی‌یە سیاسی- ئایینی‌یەکان خوازیاری گەیشتن بە دەسەڵاتن، زۆر کات سەربەخۆ نەبوونە و گوێ‌لەمستی حکوومەتەکانی بەناو ئیسلامي بوون و زیاتر کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی سیاسەتی ئەوان و بۆ بەرژەوەندی ئەو حکوومەتانە دژایەتیی یەکتریان کردوە و پێکهێنەری ڕقەبەرایەتی و خوڵقێنەری قەیران لە نێو خۆیان‌دا بوون.

مێژووی ڕێکخراوە ئیسلامی‌یە سیاسی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی یانی سەرەتای ئیسلام و «خولەفای راشیدین»، ئەوکات وەک هەر ڕووداوێکی دیکەی مێژوویی تووشی جیابوونەوە و لێکدابڕان بوون. بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە دەوری بیرۆکەی ئیسلامی ڕاستەقینە کۆبوونەوە، بەڵام ڕێکخراوێکی بە مانای ئەمڕۆیی نەبوون و تەنیا وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی سەرەتا هەڵوێست دەگیرا. زۆربەی ئەو بزووتنەوە ئایینی‌یانە نە تەنیا مەبەستیان ئاڵوگۆڕی سیاسی و قەوارەیی بوو، بەڵکوو هەڵوەدای وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییش بوون. بەشێک لەو بزووتنەوانە بە ناوی «تەشەییوع» وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و لە بواری ئیدئۆلۆژیکی‌یەوە بە جۆرێک داڕێژراون کە تایبەتمەندی‌یەکانی‌ان بە تەواوی لە لایەنی بەرامبەریان جیا دەکاتەوە. ئەگەر ئەوکات وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی- ئایینی سەری هەڵدا، ئێستاشی لە گەڵ‌دا بێ دوای سەدان ساڵ هەر بە دوای ئەو بیرۆکەیەوەن. ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە ئەگەر ئەو بزووتنەوە ئیسلامی‌یانە قاڵکراوی مەکتەبی ئیسلامی ڕاستەقینەن و تەنیا مەبەستیان بەجێ گەیاندنی ڕاسپاردە و ئەرکی ئیلاهی‌یە، بۆچی ئەم ڕێکخراوانە بەرەو لاوازی چوون؟

حاشا هەڵنەگرە کە ئەو بزووتنەوە بەناو ئیسلامی‌یانە بە تەواوی تێکەڵاوی سیاسەتن و بەدوای دەسەڵاتەوەن و مەبەستیان کەڵکوەرگرتنی خراپ لە هەست و نییەتی پاکی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ مەبەستە سیاسی‌یەکانیان. بۆ وێنە کۆمەڵێک فاکتۆری حاشاهەڵنەگر وەکوو لادان لە بەرژەوەندیی گشتی، گەڕان بەدوای قازانجی تاک و تاقمی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوانەدا، یارمەتی و پشتیوانی هێندێک حکوومەتی بەناو ئیسلامیی ناوچە، و بارودۆخی سیاسی و کەلتووری خوڵقێنەری ئەم بارودۆخە بووە.

ڕێکخراوەکانی بناژۆخوازی ئیسلامی لە بواری تیۆریک و سیاسی‌یەوە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نین، بەڵام لەسەر بنەمایەکی ڕواڵەتی و شەرعییەتدان بە خەبات و پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی کۆکن. هەرچەند ئەو بۆچوونانە بوونەتە فەلسەفەی سیاسی- تیۆریی ئەم ڕێکخراوانە، بەڵام لە ڕاستی‌دا هێندێک بۆچوونی تاکە کەسی و گرووپیی فۆرمۆلەکراو بوونە نێوئاخنی میتۆدی فیکری و نانەوەی جیاوازی و پاوانخوازی و سەرچاوەی ناتەبایی. حەقیقەت و ڕاستی هەر لای ئەوانە و بەس. یەکلایەنەبوونی حەقیقەت و ڕاستی‌یەکان، گیانی مەزنی‌خوازی و پاوانخوازی و ئیدعای نیازپاکی و دڵسۆزی و شارەزایی، هەر کەس و لایەنێک لە خەت و بانگەوازی ئەوان لا بدا بە لاڕێ‌دا چووە و لە خۆیانی نازانن. ئەو ئیدعایە بۆ خۆی نیشانەی بەرچاوتەنگی و نەزانی‌یە. لە نیزامی ئیسلامی سیاسی‌دا ئیرادەی گشتی بە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئاسمانی تەعبیر کراوە و کەس بۆی نیە دژی بوەستێ. توندڕەوەکان ئازادی و مافی تاک بە هەند ناگرن و تاک دەبێ بە تەواوی لە ژێر چاوەدێریی ئەوان‌دا بێ. ئەرکی حکوومەتی بەناو ئیسلامی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و ئامرازی هاوئاهەنگی و کۆنترۆڵکردنی تاک و پێشگرتن لە هەڵەیە. بەم جۆرە هیچ مافێک بۆ تاک نامێنێتەوە و کەسایەتیی بەرەو لەنێوچوون و توانەوە دەچێ. مرۆڤ بۆی نیە دژی حکوومەتی ئیسلامی بوەستێ و پێش بە یاسای شەریعەت و ئیلاهی بگرێ و پێڕەوی لێ نەکا، چونکە ئەو بزووتنەوە شەڕخوازانە گەڵاڵە و بەرنامەی خۆیان بە جێگای بەرنامەی ئیلاهی دەرخواردی خەڵک دەدەن و بەسەر خەڵک‌دا فەرزی دەکەن و بە جێگای حکوومەتی خەڵک و بەرژەوەندیی گشتی دەی‌سەپێنن. ئەو کاتەیە کە سەرەتای دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەست پێ‌دەکا و هەموو ئازادی‌یەکی تاک و کۆمەڵ زەوت دەکا و لە بەرژەوەندیی دەوڵەت و ئیرادەی حکوومەتی دیکتاتۆری‌دا قاڵ دەبێتەوە. ئەو تاقمە بناژۆخوازانە ئەوە بە ئەرکی حکوومەت دادەنێن و بە واجباتی ئیلاهی دەی‌سەپێنن، بە لێکدانەوەی خۆیان نابێ خەڵک لە ئامۆژگاری‌یەکانیان دەربچن.

سەید قوتب، ڕەوایی تاک ڕەت دەکاتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ ئەو دەسەڵاتە کە لە لایەن خەڵکەوە دیاری کرابێ، دەبێ لایەنگری و پشتگیریی لێ‌بکرێ و لە گەڵ شەریعەتی ڕاستەقینەی ئیسلام دژایەتی نەکا. بۆچوونی سەیید قوتب ئەوە دەگەیەنێ کە حکوومەت بە پێی ڕێکەوتنی گشتی و دەسەڵاتی زۆرینە پێک بێ. ئەو بزووتنەوە ئیسلامی‌یانە نوێنەری زۆرینەی موسوڵمانان نین و تەنانەت نوێنەری هەموو بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکانیش نین، بەڵکوو تەنیا تاقمێکی بناژۆخواز لەخۆ دەگرن. لە ڕاستی‌دا ئەو بزووتنەوە ئیسلامی‌یانە لەسەر بەرژەوەندیی سیاسیی حکوومەتە بەناو ئیسلامی‌یەکانی ناوچە پێک هاتوون و لە ڕاستای بەرژەوەندی‌یەکانی ئەواندا چالاکن و هەموو پێداویستی‌یە ماددی و مەعنەوی‌یەکانی ئەو بزووتنەوانە لەو حکوومەتانەوە دابین دەبن و مەبەستی سەرەکی لە پێکهاتنی ئەو گرووپانە ئاژاوەنانەوە و قەیرانخوڵقێنی‌یە، چونکە خۆیان هەڵقوڵاوی قەیرانن.

بەشێک لە ڕێژیمەکانی وڵاتانی ئیسلامی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و دەست تێ‌وەردان پەسند ناکەن و سیاسەتی ئاشتی و پێکەوەژیان پەیڕەو دەکەن و بەرژەوەندیی گشتی و ئەمنییەتی وڵات بە گرینگ وەردەگرن. هەرچەند لەو وڵاتانەش نەبوونی ئازادیی ڕێکخراوەیی، نەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕین، نەبوونی یەکیەتی و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەیی‌یەکان و ... هتد، جێگای ڕەخنەیە و بۆتە هۆکاری توندوتیژی و هەستی تۆڵە و کردەوەی ناشیرین لە لایەن دژبەرانیانەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئەو حکوومەتانە ڕێگای ئازادی و بەرەو دێموکڕاسی‌یان بڕیبایە، وێ دەچوو تاقمە توندڕەوەکان دەرفەتی ئەو هەموو کردەوە ناشیرینەیان بۆ نەڕەخسایە. زۆربەی بزووتنەوە ئیسلامی‌یە میانەڕەوەکان باوەڕیان بە هەڵبژاردن و هەڵبژێران و بەشداربوون لە حکوومەت و پارلمان‌دا هەیە. ڕێبەرانی ئیسلامی میانەڕەو پەیوەندی‌یەکی پتەو لە نێوان ئازادی و مافی تاک و کۆمەڵ لە ئیسلام‌دا دەبینن و بۆچوونیان وایە کە گەلانی ژێر چەپۆکەی حکوومەتە ئیسلامی‌یەکان مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیانە حکوومەتێکی دێموکڕات کە وەڵامدەر بە داخوازی گشتی و مافی تاک بێ و ڕێز لە ئازادی بگرێ، هەڵبژێرن. ئەرکی حکوومەت بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتە و چونکە خەڵک بە ڕەغبەتی خۆیان دەنگیان پێ‌داون و هەڵیان‌بژاردوون ئەو مافەشیان هەیە هەر کاتێک سەرەڕۆ و لاڕێ بوون،و مافی خەڵکیان پێشێل کرد بگۆڕدرێن. سەرەڕای ئەو ڕاستی‌یە ئەو حکوومەتانەی باوەڕیان بە دێموکڕاسی نیە بانگەشەی ئەوە دەکەن لەمپەری بەردەم دێموکراسی و ئازادی کولتووری دواکەوتووانەی کۆمەڵگایە. بەشێکی دی وا بیر دەکەنەوە هەنووکە بەستێنی دێموکڕاسی و ئازادی پێک نەهاتوە. کەم نین ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە و پێیان وایە کە دێموکڕاسی تاقی‌کراوەی ڕۆژئاوایە و لە گەڵ کەلتووری گەلانی ناوچە ناتەبایە و گواستنەوەی ئەو کەلتوورە نامومکینە. ئەو بۆچوونانە بنەمای ڕاستەقینەیان نیە و لە ڕاستی‌یەوە دوورن و پاساوی مانەوە بۆ دەسەڵاتی پاوانخوازانەیانە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە و باس و خواسێکی زۆریشی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکیی مەدەنی و بەشداریی گشتی بۆ دیاری‌کردنی حکوومەتی زۆرینە و پاراستنی مافی کەمینە و حکوومەتی شەراکەتی، تەوافوقی و وەڵامدەر هێناوەتە گۆڕێ. ئەگەر هێندێک لەو تاقمە سەرەڕۆ و ئاژاوەگێڕانەیان لێ‌هەڵاوێرن، بەشێک لەو ڕێکخراوە ئیسلامی‌یانە باوەڕیان بە توندوتیژی نیە و خوازیاری بەشداری‌کردن لە پرۆسەی مەدەنی و هەڵبژاردن و هەڵبژێران و بەشداری لە حکوومەتداری‌دان.

بەڵام زۆربەی حکوومەتەکان لە گەڵ دابەشکردنی دەسەڵات دژایەتی دەکەن و دەرفەت بە ڕێکخراوەکانی مەدەنی، پیشەیی، فەرهەنگی، ئایینی، خوێندکاری، ژنان و ... هتد، نادەن و دەرفەتی بەشداری‌یان بۆ ناڕەخسێنن. هاوکات لەگەڵ شەپۆلی دێموکڕاسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ١٩٨٠ی زایینی سەرەڕای زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامی و لائیکەکان، خوازیاری بەشداری لە ڕەوتی دێموکڕاتیزەبوونی وڵاتن، بەڵام لە لایەن حکوومەتە نادێموکڕاتیک و نەخوازراوەکان دەرفەتی بەشداری‌یان لێ‌زەوت کراوە و لە هێندێک وڵاتدا ئەگەر دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێ و مافی بەشداری‌یان پێ دابن، هەرکات هەستیان بە مەترسی کردبێ، بە هێزی سەربازی سەرکوتیان کردوون. بەشداریی بەرەی ڕزگاریی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی شارەوانی‌یەکان لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی لە ئەلجەزایەر و دوای ئاشکرابوونی ڕای گشتی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە هەڵبژاردن‌دا هێرشی نیزامی‌یان کرایە سەر و بە هەزاران کەس لە ڕێبەران و کادرو لایەنگرانیان کەوتنە بەندیخانە و دەست بەسەر و دەربەدەر کران. بەشداریی حیزبی «ڕفاه« لە ساڵی ١٩٩٥ لە تورکیە و بە دەیان نموونەی دیکە دەردەکەوێ کە زۆربەی حکوومەتە ئیسلامی‌یەکانی ناوچە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆیان لە گەڵ تاقمە بناژۆخوازەکان نیە و لە زۆر شوێن و کردەوەی تیرۆریستی یارمەتی‌دەریان بوون. بۆیە وەک زەرووڕەت و پێویست هەست پێ‌دەکرێ کە ئەو حکوومەت و تاقمە سەرەڕۆ و نابەرپرسانە دەست لە کردەوەی ناشیرین هەڵ بگرن و بەرەو ئاشتی و پێکەوە ژیان هەنگاو بنێن. ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقا دەری‌خست کە یەکگرتوویی نەتەوەیی و شێوە چالاکیی جەماوەری ناتوندوتیژ توانای گۆڕینی حکوومەتە تاکڕەو و دیکتاتۆڕەکانی هەیە و ڕێڕەوی سیاسیی وڵات بکەوێتە دەست کەسانێک کە لە بەرژەوەندیی گەل لانادەن و لە هەمان کات‌دا پێویستە گەلیش بە پێکهینانی ڕێکخراوەکانی هەمەچەشنی مەدەنی، چاوەدێر بێ بەسەر حکوومەت‌دا تا ئیزن بە دەسەڵات نەدا لە بەرژەوەندیی گشتی وڵات لابدا و بەرەوە تاکڕەوی بڕوا.

هەرچەند شانۆی سیاسی-ئیسلامی تا ئێستاش بوونی ڕژێم گەلێک بە ناوئاخنی سیاسەتی تاکڕەوانە و سەرکوتکەرانەوە، کە لەگەڵ هەر چەشنە داخوازێکی دێموکڕاتیک ناتەبان و سیاسەتی نیزامیگەریی سەرکوت پێڕەو دەکەن و وڵات بەرەو وێرانی دەبەن، تەحەمول کردوە؛ بەڵام گەلانی ژێردەستە لە پێناو وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی، دێموکڕاتیک و ئازادیخوازانە جگە لە تێکۆشان بۆ لادانی ڕێژیمی پاوانخواز، ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەم‌دا نیە تا وڵات لەم جیاوازی‌یانە پاک بکەنەوە و مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

جیهان بە هۆی پێشکەوتنی عیلم و زانستەوە بۆتە گوندێکی بچووک، بۆیە شەڕوشۆر جێگای نابێتەوە و دەکرێ لە خۆی دوور بخەنەوە و ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیان‌دا بێنن. ئەوەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی فیکریی هەمەلایەنە هەیە کە داهاتووی ئەو گوندە دیاری دەکا. ئەو گوندە بچووکە هی هەموانە و دانیشتووەکانیشی داهاتوویەکی هاوشێوەی یەکیان هەیە بەو مەرجەی هەموویان لە ئاست پێشکەوتن و ئەمنییەتی کۆمەڵگادا هەست بە بەرپرسایەتی بکەن.

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦١١

١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٢

٧ی جوولای ٢٠١٣


# سەمەد بێهرەنگی ناوێک کە قەت نامرێ



عەلی لەیلاخ

مامۆستای منداڵان، لێکۆڵەرو چیرۆکنووسی ناوداری ئازەری «سەمەدی بێهرەنگی» کە هونەرمەندانە «لە گەڵ مرۆڤو بۆ مرۆڤ ژیا» جێگای خۆیەتی کە لە حەفتاوپێنجەمین ساڵیادی لە دایک بوونیدا، ئاورێک لە ژیانو ئاسەوارە ئەدەبی‌یەکانی بدەینەوە.

ئەم چیرۆکنووسە لە ٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣١٨ی هەتاویدا لە شاری تەورێز لە بنەماڵەیەکی هەژار وبێ دەرەتان هاتە سەر دنیا. ساڵی ١٣٤٦ لە جیاتی خزمەتی سەربازی کە ئەودەم پێی دەگوترا «سپاه دانش» بوو بە مامۆستای قوناخی سەرەتایی منداڵانی لادێ و هەتا ڕۆژی مردنی ئەم ئەرکەی بە دڵەوە بەڕێوە برد.

سەمەد بێهرەنگی لەو دەستەیە لە چیرۆکنووسانی ئێران بوو کە بە گرووپی نووسەرانی «سپاه دانش» دەناسران. نووسەرانێکی دەروەست وەکوو (غولام حوسەین ساعیدیو بەهرام سادقیو عەلی ئەشرەف دەروێشیان و..) کە قۆناخەکەیان وەکوو قوناخێکی هەرەگرنگ لە مێژووی چیرۆکنووسیی ئێراندا باسی لێدەکرێ. چونکە پێش سەر هەڵدانی ئەم چیرۆکنووسانە ڕواڵەتی لادێو گوندەکان لە ئەدەبو هونەردا هەمیشە وەک شوێنێکی پاکو خاوێنو خەیاڵاویو پڕ لە گوڵو سێوو دڵداریو سەفاو خۆشی باسی لێدەکرا. بەڵام بە هاتنەمەیدانی ئەم نووسەرانە  کە خۆیان لە نزیکەوە بە ژیانو حاڵی لادێنشینەکان ئاشنابوون، لەسەرجەم چیرۆکەکانیاندا هەژاریو نەخوێندەواریو کلۆڵیی خەلکی لادێیان خستە بەرباسو جەهلو نەزانیو خورافاتو دەسکورتیی چینی زەحمەتکێشو چەوساوە بوو بە هەوێنو بنچینەی چیرۆکەکانیان و بە دیدێکی واقع‌بینانەو بەشێوەیەکی هونەرمەندانە خەمو ناخۆشی‌یەکانی لادێنشینەکانیان بەرجستە کردەوە کە تاماوەیەک بوو بە ڕێبازێک لە چیرۆکنووسیو تەنانەت لە شێعریشدا.

چیرۆکەکانی «سەمەد» لەم بارەیەوە ڕۆڵێکی بەر چاوتریان هەیە. تەنات چەندین جارلە لایەن دەزگا ئەمنیەتی‌یەکانەوە هەڕەشەنامەی بۆ نووسرا کە دەس لە باسکردنی ئەحواڵی تاڵی خەڵکی لادێو هاندانی خەڵک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارو زۆردارەکان هەڵگرێ، بەڵام سەمەد بێهرەنگی وەکوو هونەرمەندێکی بەتەواوی دەروەست تا ئاخرین چرکەکانی ژیانی لە ڕێبازی خۆی لای‌نەدا.

خاڵە هەرەگرنگەکانی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی سەمەد بێهرەنگی بریتین لە:

١- بەکاربردنو کەڵک وەرگرتن لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریک.

ئەوانەی چیرۆکەکانی سەمەد بێهرەنگی‌یان خوێندبێتەوە دەزانن کە چەندە کاریگەریی لە ئەدەبو چیرۆکی فۆلکلۆریی ئازەری وەرگرتوە. خەزینەی بەنرخی فۆلکلۆری کۆنو دێرینی هەر نەتەوەیەک دەتوانێ ببێتە هەوێنو دەسمایەیەک بۆ نووسەرانی سەردەم کە وەکوو سەمەد بێهرەنگی بتوانن چیرۆکو مەتەڵو ئەفسانەکانی وڵاتی خۆیان دووبارە زیندوو بکەنەوە بە تاییەت بۆ بواری ئەدەبیاتی منداڵان. یان بە شێوەی سمبولێک بۆ گەورەکانیش دەتوانێ سەرنج ڕاکێش بێ.

بۆ نموونە (کۆتربازی کەچەڵ، بووکە شووشەی قسەکەر، ئۆڵدووزو قەلەڕەشە، ماسی‌یە ڕەشە بچووکەکەو...) چەند چیرۆکێکن کە سەمەدی بێهرەنگی بنەماکەیانی لە ئەفسانە ئەدەبی کۆنەکان وەرگرتووە.

٢-گرنگی‌دان بە بواری ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان.

ڕەنگە زۆر کەس بۆ منداڵو ئەدەبیاتی منداڵان چیرۆکو شێعری نووسیبێ، بەڵام شێوەی نووسینی سەمەد جیاوازی‌یەکی بەر چاوی هەیە، ئەویش ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەیە بۆ منداڵان. سەمەد نایەوێ منداڵەکان بە چیرۆکەکانی سەرگەرم ببنو بەبێدەنگی خەویان لێبکەوێ! بەڵکوو زیاتر دەیەوێ ئاگایان بکاتەوە، دەیەوێ بە قەڵەمێکی سادەو ساکار، بە ئاموژگاریکردنێکی شیاوو دڵسۆزانە، منداڵان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەورازو نشێوەکانی ڕۆژگار ئامادە بکاو هاندەریان بێ کە چیدی ستەمو زوڵمی زۆردارەکانی کۆمەڵگا قەبووڵ نەکەن، سەمەد بێهرەنگی نیشانی داوە کە دژ بە هیوابەخشینی پووچ و بێ‌بناخەیە، بەڵکوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ ئاواتێکی ڕاستەقینەو ودامەزراو لەسەر ناسینی ڕاستی‌یەکانی کومەڵگاو هەروەها شێوازی بەربەرەکانی لەگەڵ تاڵی و نەگبەتی‌یەکان بخرێتە گیان و جستەی منداڵانەوە نەک ڕاشکاوی باسی ژیان و خەباتی خەڵک دەکا.

کە وایە سەمەد بێهرەنگی نیشانی داوە کە چیرۆکنووسێکی خەباتگێڕو مرۆڤ‌دۆستو ئاشتی‌خوازو دەروەستە. پێی‌خۆشە خەڵک بە تاییەت منداڵان لە بەرتەسکیی ژیانێکی پڕ لە ستەمو درۆو دەلەسە کە دەسکردی گەندەڵیو زۆرداریی دەسەڵاتداریی نامرۆڤانەیە، دەرباز بنو بەرەو جیهانێکی بەرینو گەورەو وەکوو دەریای نێو چیرۆکی»ماسی‌یە ڕەشە بچووکەکە»چاویان هەڵێننو لە هیچ بەربەست و لەمپەرێک نەترسن.

کورتە چیرۆکی «ماسی‌یە ڕەشە بچووکەکە» توانی لە ساڵی ١٩٦٩ی زایینیدا خەڵاتی پێشانگەی «بۆلۆن›ی ئیتالیاو «بی ینال» براتیسلاوای چەکوسلۆڤاکی بەدەست بێنێ.

هەروەها ئەم نووسەرە ناودارە بە پیشنیاری(جلال آل احمد) دەستی دایە نووسینی ئەلفبای تایبەت بە ڕێنووسی ئازەری بۆ منداڵان کە فێری خویندن و نووسین بە زمانی زگماکی بن کە بە هۆی هێندێک دەستێوەردانو ڕوانگەی ئیستیبدادیی تەنیا هیوا بەخشینێکی پووچ و بێهۆدە



٣-هاندانی خەڵک بۆ لابردنی ئاسەواری زۆرداران و سڕینەوەی نابەرابەری و زوڵمی کۆمەڵایەتی

خاڵێکی دی کە تاییەتە بە چیرۆکەکانی سەمەد بێهرەنگی گرنگی‌دان بە خەڵکو تێکوشان بۆ بەرەنگاریو خەباتکردن بەرانبەر بە هەلومەرجی نالەباری ژیانو کۆمەڵگایە. لە چیرۆکی (کورە بچکوڵەی چۆنەر فرۆشو کۆتربازی کەچەڵ)دا بەڕاشکاوی هەستی شورشگیڕانەی «سەمەد» دەردەکەوێ.

لە چیرۆکی «مێرمنداڵی چۆنەر فرۆش»دا کە باسی برا و خۆشکێکی منداڵ و هەژار دەکا کوڕەکە کاتێک دەزانێ «حاجی قولی»خاوەنی کارگەی فەڕش‌تەنین تەماحی لە خۆشکە کرێکارەکەی کردوە، بەرانبەری ڕادەوەستێ و خۆشکەکەی ڕزگار دەکاو بۆ بەخێوکردنی خۆیو بنەماڵەکەی ڕوو دەکاتە چۆنەرفرۆشتن. دەبێ بزانین کە «حاجی قولی»لەم چیرۆکەدا نموونەی پارەدارێکی زۆردارو ئایینی‌یە کە بە پارەو ڕیاکاری خەڵکی لادێ بەگشتیو بە تاییەت منداڵانی کرێکار دەچەوسێنێتەوە.

هەرەوها لە چیرۆکی «کۆتربازی کەچەڵ»دا کە هەڵقوڵاوێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، دیسان سەمەد بە دەسەڵاتدارەکان کە بڕوایان بە مافەکانی گەلانی دیکەی ئێران نیەو نەبووە، هەتا ئێستا ئەو کارە بەنرخە وەلا نراوە. شایانی باسە دوای هەشت ڕۆژ کە چەند کەس بە سەرپەرستیی تیمسارێکی ئەندامی (ساواک) ماڵی سەمەدیان لە تەورێز پشکنیو بەدوای کتێبی «ئەلفبا»ی تورکیدا دەگەڕان کە بۆ منداڵانی نووسیبوو، سەمەد ئەو کتێبەی ڕادەستی ئەوان نەکرد. هەر بۆیە ئەم نووسەرە بە تواناو دڵسوزە بە مەرگێکی گوماناوی، سەری نایەوەو چارەنووسی وەک «ماسی‌یە ڕەشەبچووکەکە»ی بەسەرهات. لە ڕۆژی ٩ پووشپەڕی ١٣٤٧ی هەتاویدا کەوتە نێو ڕووباری ئەرەسو ڕێگای گەیشتن بە دەریای گرتە بەرو بوو بە ئەویندارترین غەرق‌بووی جیهان.

سەمەد بێهرەگی ئەگەرچی بەداخەوە تەمەنی ئەوەندەی نەخایاندو هەرلە هەڕەتی لاوەتیدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەم ماوە کورتەدا توانی چەندین بەرهەمی جوان بخولقێنێو ناوبانگێکی هەتاهەتایی بۆخۆی تۆمار بکا.

---

هەڵەچینی

## هەڵسان بە ژیان کردن لە کاتی بوونی کێشەی هونەرییشدا، کاژێربە کاژێر بەردەوامی هەیە



مستەفا شێخە

ئەم ڕستەیەی سەرەوە لە پاک کردن و گەرمکردن و کوڵاندن و ئامادەکردنی خۆمە. پێویستە بە ناوی خۆم تۆمار بکرێ و مافی لەبەرگرتنەوە و کەڵک لێوەرگرتنی تایبەت بەخۆمە. ئەوە ڕاستە ڕۆژانە لە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت کتێبەکانیشدا دەیان ڕستەی لەم شێوەیە دەبینین یان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانەوە دەیان‌بیسین. ئەمن وەک داهێنانێکی نوێ لە زانستی زمانەوانیی ئەم سەردەمەدا توانیومە بە تێکەڵ کردنی چەند وشە و زاراوەیەک کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە وەرمگرتوون، ئەم ڕستە جوانە دابهێنم.

دوای دەیان ساڵ کە سێبەری دەسەڵاتی بێگانەکان نەیهێشت زمانی کوردی گەشە بکات، لە سایەی بڵاوکراوەی زۆر و زەوەند و کار و ماندووبوونی هەزاران شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، زمانەکەمان بەم پێشکەوتنە گەیشتوە کە ئێستا دەی‌بینین.

ئەو کاتەی دەستەڵاتی تورک زمانی کوردیی وەک تورکیی کێویلکە دەناساند و دەسەڵاتی فارس ئیزنی خوێندن و نووسین بەزمانی کوردیی نەدەدا و دەسەڵاتی عەرەب لە سنوورێکی بەرتەسکدا مەیدانی دابوو بە نووسەرانی کورد، خەباتکارانیش لە چیاکان و لە وڵاتانی دوورەدەست لە تاراوگەدا توانای ئەوەیان نەبوو بەم چەشنە خزمەت بە زمانی کوردی بکەن.  ئەوکات ئەوانەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان و لە وڵاتانی دوورەدەست کاری کوردی‌نووسینیان دەکرد، وەک خەڵکی گوند و دەشتەکی‌یەکان بەدەوری دەنگ و پیت و وشە و ڕستەی کوردی‌دا دەهاتن و دەچوون.  ئێستا لەسایەی دەست‌ئاوەڵایی و ئازادی‌دا ڕووناکبیرانی زمانزان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی تێگەیشتوو ئیدی پشتیان لە زمانی کۆن و سواو و ناسەردەمیانە کردوە. قۆڵیان لێ‌هەڵماڵیوە و خەریکی شێلان و لێکدانی هەوێرێکن کە ڕەنگە هەر دوای سێ‌چوار ڕۆژی دیکە زمانەکەمان وا لێ‌بکا شان لەشانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بدا و زمانەکانی فەڕانسەیی و یۆنانی و ئیسپانیایی بکاتە خەون و کەس ڕوویان تێ‌نەکا. کاری ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە بەڕێزانە، تەنیا کێشەیەکی بچووکی لێکەوتووەتەوە کە چارەسەرکردنی پێویستیی بە هیممەتی زیاتر و تەرخان‌کردنی بوودجەیەکی بەرچاو هەیە. هەر ئەو ڕستەیەی کراوەتە سەردێڕی ئەم بابەتە، بۆ شیکردنەوە پێویستیی بە ماموستای لێهاتوو هەیە.

دیارە هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی تازە، لە دەست کۆنەپارێزەکانی وەک مەسعوود محەممەد، حەمەی مەلاکەریم، هێمن موکریانی، عەزیز گەردی، عەبدوڵڵای حەسەنزادە، مەلاکەریمی مودەڕیس، هەژاری موکریانی، کەریم حیسامی، عەلائەدین سەجادی و دەیان کەسی دیکە لە ڕێڕەوانی ئەوان ڕزگارمان دەکا.

لەبەرئەوەی تا ئێستا کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە «بەم کارە هەڵسێت، خۆم پێی هەڵدەستم». بەڵام بەداخەوە چونکە خەڵکی ئەم سەردەمە کەمتر لەم زمانە پێشکەوتووە تێدەگەن، ناچارم لێرەدا ئەم رستەیە هەر بە شێوە زمانی ئەم کۆنەپارێزانەی لەسەرەوە ناوم بردن، شی بکەمەوە:

هەڵسان بە ژیان کردن لە کاتی بوونی کێشەی هونەرییشدا، کاژێربە کاژێر بەردەوامیی هەیە.

١- هەڵسان: بە مانای ئەنجام دانی کارێکە. ئەم فرمانە لە زمانە کۆن و سواوەکەدا بە مانای هەستانەوە کەڵکی لێ‌وەردەگیرا و هێندێک جاریش هەڵسانی هینەکەی نێرینەیان بەم وشەیە دەستنیشان دەکرد. بەڵام لە زمانە نوێ‌یەکەماندا بە مانای ئەنجام‌دانە. هەڵسام بە نان‌خواردن واتە نانم خوارد و هەڵسام بە هەڵسانیش، هەر واتە هەستام.

٢- ژیان‌کردن: لێرەدا کردنیش بە مانای ئەنجام‌دانە. ژیان‌کردن یانی ژیان. لە زمانە کۆنەکەدا کردن هەر بەمانای ئەنجام دان بوو، بەڵام لەگەڵ وشەی ژیاندا نەدەهات. لە جیاتی ژیان دەکەم دەیانگوت دەژیم. لێتان تێک نەچێ، ژیان‌کردن لەگەڵ هێلکەکردن جیاوازە. مریشک هێلکە دەکا و مرۆڤیش ژیان دەکا.

٣- هونەر: کۆنەپارێزەکان بە کاری جیاواز و دەگمەنی وەک شێوەکاری، گۆرانی‌گوتن، پەیکەرسازی، مۆسیقا و شێعر و شتی لەم شێوەیەیان دەگوت هونەر. ئێستا ئێمەی پێشکەوتوو مانای ئەم وشەیەمان فراوانتر کردوە و بە کارکردنی مەکینە و ئامێرەکانی دەستکردی مرۆڤیش دەڵێین هونەر. بۆ وێنە ئەگەر ماشێنەکەمان لەکار بکەوێ یان کامپیوتێرەکەمان کار نەکا، دەبێ بڵێین کێشەی هونەری‌یان هەیە. پێتان سەیر نەبێ کارگەی قیڕ و پلاسکۆ و ئاوەتەماتەش زۆرجار تووشی کێشەی هونەری دێن.

٤- کاژێر: کۆنەپارێزەکان بە کون و کەلێن و قوژبنیان دەگوت کاژێڕ. دوای ئەوەی سەعات هاتە ناو ژیانی خەڵک و شەو و ڕۆژ بە سەر ٢٤ سەعاتدا دابەش کرا، زۆری پێ‌چوو کە هێندێک لە نووسەران گوتیان لە کاتێدا سەعات کات دەژمێرێت بۆ پێی نەڵێین کاتژمێر. بۆ مەودای سەعاتێکیش کە لە ٦٠ دەقیقە پێک دێ، هەر وشەی کاتژمێریان دانا. دوای ئەم پڕۆسەیە، زمانزانانی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە کورتیان کردەوە و کردیان بە کاژێر. لێتان تێک نەچێت کاژێر بە مانای کەلێن بە کەلێن و قوژبن بە قوژبن نیە. بە مانای سەعات بە سەعاتە.

٥- بەردەوامیی هەیە: یانی بەردەوامە. دوای ئەوەی زانیمان ئەوەش وشەیەکی سەردەمی گوند و زمانی خەڵکی دەشتەکی‌یە، کردمان بە بەردەوامیی هەیە.

ئەگەر مەیدان بدەینەوە بە زمانزانان و زمانەوانانی کۆنەپارێز، ئەم ڕستەیەی ئێمە بەم‌جۆرە دادەڕێژنەوە:

لە کاتی بوونی کێشەی تەکنیکییشدا، کاتژمیر بە کاتژمێر ژیان بەردەوامە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 611 7 July 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# لە مەیدانی تەقسیمەوە هەتا گۆڕەپانی تەحریر



قادر وریا

لەم یەک مانگەی دوایی‌دا دوو وڵات، کە لە هەر دووکیان‌دا لایەنی ئیسلامی بە دەنگی زۆرینە هاتوونە سەرکار، شایەدی وەستانەوەی خەڵک، بەرەوڕووی دەسەلاتی خۆیان بوون:

لە کۆتاییەکانی مانگی مای‌دا، دەوڵەتی تورکیە کە سەر بە حیزبی داد و گەشەپێدان (A.K.P)ە، دوای ئەوەی ویستی دارەکانی پارکی گەزی لە ئەستانبوول ببڕێ و ئەو پارکە بکا بە ناوەندێکی بازرگانی، لە گەڵ بەرهەڵستی لاوەکان بەرەوڕوو بۆوە. ئەم بەرهەڵستی‌یە، بزووتنەوەیەکی گەورەی ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە بەشداریی چینی ناوەندی و بە تایبەتی لاوەکان لە مەیدانی تەقسیمی ئیستانبووڵی لێ‌کەوتەوە و نەک‌هەر ئەو شارە، بەڵکوو ئانکارا و چەند شارێکی گەورە و گرنگی دیکەی تورکیەشی گرتەوە. ئەگەرچی هەوێنی ئەم بزووتنەوەیە هەڵوێستێکی ژینگەپارێزانە بوو، بەڵام لە ڕاستی‌دا بوو بە دەرفەتێک بۆ تەقینەوەی ناڕەزایەتیی توێژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ. ناڕەزایەتی لەهەمبەر پاوانخوازی و دەسەلاتخوازی، لەهەمبەر بەرتەسککردنەوەی ئازادی‌یە مەدەنی‌یەکان و خۆهەڵقوتاندنی دەوڵەت لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی تورکیەدا و هەوڵدان بۆ بە ئیسلامی‌کردنی ڕوخسارە جیاوازەکانی وڵاتەکەیان. ئەم بزووتنەوەیە و خۆڕاگریی درێژخایەنی ناڕازی‌یان لە ناوەندی شاری ئیستانبووڵ، ئەویش لە قۆناغێک‌دا کە وا دەهاتە بەرچاو دەوڵەتی تورکیە لە ئاستی نیوخۆیی و دەرەکی‌دا، سەرکەوتنی باشی وەدست هێناوە، بوو بە یەکێک لە گەورەترین کێشە و گیروگرفتەکانی بەردەم ئەو دەوڵەتە و حیزبی دەسەڵاتدار. ئەگەر چی دەوڵەت بە زەبری گوشار و بە هەڵکوتانەسەر نارازی‌یان، توانی بڵاوەیان پێ‌بکا، بەڵام بڕیاری دادگای بەڕیوەبەریی ئیستانبوول، کە بڕیاری تێکدانی پارکەکەی ڕاگرت و بە زیانباری زانی لە لایەک و لە لایەکی دیکە، خۆدەرخستنی ناڕەزایەتیی شاراوەی میلیۆنی لە توێی ئەم بزووتنەوە خۆڕسک و چاوەڕواننەکراوەدا، هەڵگری پەیامێکی گرنگ بوو کە دوای گەڕانەوە لە مەیدانی تەحریری قاهیرە دێمەوە سەری.

لە کۆتایی مانگی ژوئەنی ئەمساڵ‌دا، مەیدانی تەحریری شاری قاهیرە، لە ساڵوەگەڕی هاتنەسەرکاری محەممەد مورسی‌دا، جارێکی دیکە بۆوە بە گۆڕەپانی لێکۆبوونەوەی خەڵکی ناڕازی لە سەرکۆمار و دەسەلاتێک کە ساڵێک لەوەپێش بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانی ئەو وڵاتە هاتبوونە سەرکار. ئەم جارەیان، هەم ژمارەی ناڕازی‌یان، لە ژمارەی بەشدارانی هەموو خۆپێشاندانەکانی تایبەت بە نارەزایەتی‌دەربڕینی ئەم یەکساڵەی تێپەڕاند، هەم ململانێی خەڵکی ناڕازی لە سەرکۆمار محەممەد مورسی و دەوڵەت و دەسەلاتەکەی، بە شێوەیەکی جیاواز لە جارانی ڕابردوو، کۆتایی پێ‌هات. خەڵکێک کە لە قاهیرە و شارەکانی دیکەش هاتبوونە سەر شەقام و ژمارەیان سات‌بەسات زیاتر دەبوو، لە پاوانخوازیی مورسی ودەسەلاتەکەی، لە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی وڵات لە لایەن حیزبی دەسەلاتدار و ئیخوانی‌یەکانەوە، لە زاڵکردنی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر دەستووری وڵات‌دا و لە پشتگوێخستن و نەبینینی ئیرادەیەکی بەهێزی لیبراڵ وخوازیاری سکولاریزم لە هەناوی کۆمەڵگەکەدا، لە ستاندنەوەی ماف و ئازادی‌یە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە خەڵک، لە داماویی دەسەلات لە وەڵامدانەوە بە چاوەڕوانی‌یە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان و هتد، بێزار بوون. هەر بۆیە داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت و پەسندکردنی دەستوورێکی دابینکەری ماف و ئازادی‌یەکانی خۆیانیان دەکرد.

سەرئەنجام، ئەرتەشی میسر، بە دەنگی خەڵکی ناڕازی‌یەوە هات. محەممەد مورسیی لە سەر کار لابرد، دەستووری وڵاتی هەڵپەساردو سەرۆکی دادگای قانوونی بنەرەتیی وڵاتی کردە سەرکۆماری کاتی. ئەم هەنگاوەی ئەرتەشی میسر جگە لە پێشوازیی خەڵکی ناڕازی، لە گەڵ پشتیوانیی شێخی ئەزهەر و ڕێبەری ئایینیی مەسیحی‌یەکانی وڵات، بەرەوڕوو بوو. بەڵام کاردانەوەی جیاواز و جۆراوجۆر بەم بڕیارەی ئەرتەشی میسر لە ئاستی نیوخۆیی و دەرەکی‌دا، هەر وا درێژەی هەیە. ئەوەی لەو نێوەدا جێگای لەسەرڕاوەستانە، هاتنەوە سەر شەقامی خەڵکی ناڕازیی میسر بۆ رووخاندنی دەسەڵاتێک بوو کە لە ڕواڵەت‌دا، هەڵقوڵاوی شۆڕشی ئەم دوایانە و بەرهەمی هەڵبژاردن و دەنگی زۆرینەی دەنگدەران بوو.

خۆپێشاندانەکانی دوو مەیدانی تەقسیم و تەحریر، سەرەڕای جیاوازیی جۆراوجۆر لە سیستەمی سیاسیی دوو وڵات و، جیاوازی لە ئاکامی هەر کام لەو ناڕەزایەتیدەربڕینە گەورانەدا، پەیامی وەک یەکیان لێ‌دەخوێندرێتەوە. ئەوە کە حیزبێک و کەسایەتی‌یەک، با بە ڕێگای دیموکراسی و هەڵبژاردن و دەنگی زۆرینەش‌دا هاتبنە سەر کار، ناکرێ وڵاتەکە و هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی وئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی، بە پاوانی خۆیان بزانن، و پشت‌ئەستوور بە دەنگی زۆرینە، بەمەیلی خۆیان و بێ‌سەرنجدان بە دەنگ و مەیل و ئیرادە بە هیزەکانی دیکەی نێو کۆمەڵ، وڵات بەڕێوە ببەن، پەیامی ئەو حەرەکەتە گەورانە بوو. دەسەڵاتگرتنەدەست بە ڕێگای دیموکراسی و مێتۆد و میکانیزمە دیموکراتیکەکان‌دا، شتێکی زۆرباش و لە پێویستی‌یەکانی سەردەمی ئێستایە، بەڵام ئەوە تەنیا ڕوویەکی مەسەلەکەیە. ڕووەکەی دیکە، ئەوەیە کە دەسەڵاتگرتنەدەست بە ڕێگای هەڵبژاردن‌دا، ناتوانێ ببێتە پاساوی گەڕانەوە بۆ دواوە، پاوانخوازی، قۆرغ‌کردنی دەسەڵات، دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئیدئۆلۆژیک و ستاندنەوەی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵک.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ۳۳ ساڵ لەمەوبەر، لە پەنا ئەم «ڕەوایی شۆڕشگێڕانە»یە و دەنگی زۆرینەی ڕێفراندۆمێک‌دا، وەک دۆڵپایەک سواری ملی گەلانی ئێران بوو و هەتا ئێستا دانەبەزیوە. ئایا ئەوەی بە سەر گەلانی ئێران هات بەس نیە بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتانی دیکە عیبرەت وەرگرن‌و ، لە سەدەی ۲۱ دا، ڕێگا نەدەن ئەم جۆرە چارەنووسانە، دووپات ببنەوە؟!

## بەشداریی شاندێکی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە پێشانگای زانکۆکانی تورکیە

شاندێکی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕ سەردانی پێشانگەی زانکۆکانی تورکیە لە هۆڵی کەلتووری‌و ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدینی کرد.

لەم پێشانگایەدا کە زیاتر لە ٢٠ زانکۆی تورکیەو قیبرێس بەشداری بوون، شاندی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران چاویان بە بەرپرسان‌و نوێنەرانی بەشێک لەم زانکۆیانە کەوت‌و لەبارەی پرسەکانی خوێندکارانەوە کۆمەڵێک باسیان هێنایە ئاراوە و رەوشی خوێندن لە دوو وڵاتی تورکیەو ئێران بە وردی تاوتوێ کرا.

هەر لەم دانیشتنەدا شاندی خوێندکاران سەبارەت بە مافی خوێندکارانی کورد لە تورکیە لەمەڕ خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان هەم لە زانکۆ و هەم لە قوتابخانەکان لەگەڵ بەرپرسان‌و نوێنەرانی زانکۆکانی ئانکاراو سێرت و ئیستانبوڵ کەوتنە باس‌و هەروەها کۆمەڵێک باسی زانستی



لەبارەی پرسی خوێندنی ئاکادیمی‌یەوە لەگەڵ زانکۆکانی تورکیە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## دابەزینی دووبارەی ئاستی ئاوی گۆلی ورمێ

### ئاستی ئاوی گۆلی ورمێ بۆ جارێکی دیکەش دابەزی

حەسەن عەباس‌نەژاد بەڕێوەبەری گشتیی ژینگەپارێزیی پارێزگای ورمێ دەڵێ، بە سەرنجدان بە بەردەوامیی وشکەساڵی‌و نەبارینی باران‌و، دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوای هەرێمەکەو، هەروەها بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی هەوا دەبینین ئاوی گۆلی ورمێ بە ڕێژەی سەدا ٦٠ وشک بووە.

عەباس‌نەژاد لە درێژەی قسەکانی‌دا رای‌گەیاند: ئێستا ئاستی ئاوی گۆلی ورمێ ١٢٧١ میتر بەرزتر لە ئاستی ئاوی دەریایەو لەچاو ساڵی رابردوو ٢٥ سانتیمیتر لە کەمیی داوە.

ناوبراو هەروەها گوتی: بە سەرنجدان بە دیاردەی گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێم، بەرز بوونەوەی پلەی گەرمیی هەوا بە ڕێژەی دوو دەرەجە لەو ناوچەیە، ئەو بابەتە بۆتە هۆی لە کەمیدانی سەدا ٦٠ی ئاوی ئەو گۆلە.

شایانی باسە ماوەی چەند ساڵە گۆلی ورمێ بەرەوڕووی مەترسیی وشکبوون بۆتەوە، بەڵام لە هەوڵو بەرنامەی دەوڵەت بۆ بەرگرتن لەو کارەساتە سروشتی‌یە تا ئێستا هیچ دیار نیە، جیا لەوەی ئەو چالاکە مەدەنی‌یانەی لە درێژەی ئەو ڕەوتە ناڕەزایەتی دەردەبڕن، دەگیرێن‌و زیندانی دەکرێن.



## ئێران لە پارازیت‌و کۆکردنەوەی ماهوارەکان ناهومێد بووە

بەڕێوەبەری گرووپی کۆمەڵایەتیی بنکەی لێکۆڵینەوەی دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە دانان بە سەرنەکەوتنی بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێگری لە پەرەسەندنی ماهوارە، دەڵێ: لە هەلومەرجی ئێستادا سەدی ٧٠ ی بنەماڵەکانی ئێران کەڵک لە ماهوارە وەردەگرن.

فەردین عەلی‌خواە، بەڕێوەبەری گرووپی کۆمەڵایەتیی بنکەی لێکۆڵینەوەی دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە دانان بە سەرنەکەوتنی بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆکردنەوەی ماهوارە لە ژیانی خەڵکی ئێران‌دا، گوتی: ئێستا سەدی ٧٠ ی بنەماڵەکان لە ئێران لە شوێنە جۆراوجۆرەکان‌دا کەڵک لەو ئامێرە وەردەگرن.

ناوبراو وێڕای پێداگری و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەو سیاسەتەی تا ئێستا بۆ کۆکردنەوەی ماهوارە بەکاریان هێناوە وڵامدەر نەبووە، دەڵێ بەهێزکردنی دەنگو ڕەنگ، ناردنی پارازیت‌و کۆکردنەوەی ماهوارە سیاسەتێکە کە تا ئێستا بەکارمان هێناوە، بەڵام دەنگو ڕەنگ بە هۆی کێشەی ئابووری‌یەوە توانای ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە قورسەی نیە کە کۆماری ئیسلامی خستوویەتە سەر شانی، هەربۆیە کۆکردنەوەی ماهوارەو بڵاوکردەوەی پاڕازیتیش بەو شێوەیە وڵامدەر نەبووە.



## لەنێوچوونی یەکەم دیواری جەنگەڵی لە ئیلام

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی شوێنەواری کەلتوورییەکان، دیاردەی خۆڵبارین‌و هەروەها جۆرە ئەنگەلێک کە لە دارستانی دینارکێوی ئیلام بڵاو بۆتەوە، دەبنە هۆی ئەوەی لە چەند دەیەی داهاتوودا لێڕەوارەکانی دینارکێو وشک ببن.

حوجەتوڵڵا دیناروەند، چالاکی ژینگەپارێزی بە هەواڵدەریی میراتی فەرهەنگیی گوتوە لێڕەوارەکانی دینارکێو دارستانێکی چڕ بە پانتایی پتر لە ٤٠ هەزار هێکتارە کە لە پارێزگای ئیلام‌و لە سنووری دوو هەرێمی گەرم و وشکی باشووری ئەم پارێزگایەو ناوچە ساردەکانی کەویرکێو هەڵکەوتوە، هەر بۆیە ئەم ناوچەیە ژینگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

بە قسەی ناوبراو، لە ماوەی ساڵانی رابردوودا وشکەساڵی‌و دیاردەی خۆڵبارین بوونەتە هۆی لاوازبوونی دارەکانی دینارکێوو دوایەش بە بڵاوبوونەوەی جۆرە ئەنگەلێک بەشێکی بەرچاو لە دارەکانی ئەم لێڕەوارە وشک بوون.

ناوبراو دەڵێ بێت‌و خەمێک لەو بابەتە نەخورێ، ئەم دارستانە چڕە تا سی یان چل ساڵی دیکە بە تەواوی لەنێو دەچێ.

شایانی باسە جەنگەڵە داربەڕووەکانی زاگرۆس لە حاڵێکدا بە خێرایی لەنێو دەچن کە نرخی هەر داربەڕوویەکی سەد ساڵە۷۰ هەزار دۆلار بەراورد کراوە.






## فێستیڤاڵی نەرمەنایە لەشاری بۆکان



یەکەمین فێستیڤاڵی نەرمەنایەی بۆکان بە بەشداریی شارەزایانی نایەژەنی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەم شارە بەڕێوە چوو. کۆمەڵێک هونەرمەندی وەکوو ئەکبەر یەزدانی، نەبی خزری، عوسمان محەممەدی، مستەفا ئەحمەد پوور و حوسێن والدی بەشداری ئەم فێستیڤاڵە بوون.

لەم فێستیڤاڵەدا دوو خاتوونە هونەرمەندی بۆکانی بەناوەکانی موژگان و بەفرین کەنگەرلوو لەلایەن لێژنەی داوەرانەوە بەهۆی ژەنینی سازی «تنبک» ڕێزیان لێ‌گیرا.

هەروەها سێ‌هونەرمەندی دیکەی بۆکانی بەناوەکانی «محەممەد، حامید و بێهرووز توانیان خەڵات بەدەست بێنن.